تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5811) چوارشەممە 21ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

قاهیرە.. ساڵوەگەڕی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی بەرز ڕاگیرا

بەبۆنەی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی بالێوزی عێراقی فیدراڵ و نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان و ئەندام پەرلەمان و کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی و راگەیاندکار و ڕۆژنامەنووسان، مەکتەبی پارتی لە قاهیرە، ئێوارە خوانێک و پێشانگەیەکی وێنەیی بەم بۆنەیەوە ساز کرد و بە گوڵ پێشوازی لە ئامادەبووان کرد.
شێرکۆ حەبیب، بەرپرسی مەکتەبی پارتی لە قاهیرە لە گوتەیەکدا وێڕای بەخێرهاتن و سوپاسی ئامادەبووان، ئاماژەی بە خەبات و تێکۆشانی پارتی و هۆکاری دامەزراندنی لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانیی نەمر کرد، کاتێک دروشمی دیموکراتیەت بۆ عێراق و نۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەرزکردەوە، لە ڕوانگەی باوەڕی بە دابینکردنی مافەکانی میللەتی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیموکراسیدا.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

فازڵ میرانی پێشوازی لە کونسوڵی نوێی ئێران کرد



دوێنێ لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی، پێشوازی لە ئاغای نصرالله ڕەشنودی سەرکونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران و شاندی یاوەری کرد.
لە دانیشتنەکەدا عەبدوڵلا ساڵح بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ئاماژەی بوو، فازڵ میرانی وێڕای بەخێرهێنانی میوانان، پیرۆزبایی لە سەرکونسوڵی نوێ ئاغای نصرالله ڕەشنودی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارەکانی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کورد و گەلانی تری ئێران کرد و بە دێرینی وەسف کرد کە ئەم پەیوەندییانە لە ڕووی زمان و کولتوور زۆر لە یەکتری نزیکن، هەروەها میرانی ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کرد کە پەیوەندییەکی لە مێژینە و دۆستانەیە و تا ئێستاش بە ڕێزگرتنی هەردوو لایەن بەردەوامە و پارتی و گەلی کورد هاوکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتە تەنگانەکان لە یاد ناکەن و لە ڕۆژ و کاریگەری دیاری بەڕێزان جەنابی سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و پارتی و کۆماری ئیسلامی ئێران بەرز نرخاند و هیوای خواست کە لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پەیوەندییانە پتەوتر بکرێن.
دواتر سکرتێری مەکتەبی سیاسی بە کورتی باسی لە ڕەوشی ئێستای عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی کرد و باسی لە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.
لە لای خۆیەوە بەڕێز نصرالله ڕەشنودی سەرکونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران، سوپاسگوزاری و خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو پێشوازییە دەربڕی و ئاماژەی بە پەیوەندیی لە مێژینەی نێوان گەلی کورد و کۆماری ئیسلامی ئێران کرد و هیوای بەردەوامی و پتەوترکردنی ئەم پەیوەندییانەی خواست.

خەسرەو گۆران: بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاسایی نییە



بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە ئامادەکاریی پارتی دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەڵێت، ئەوەی گرنگە پارتی هەمیشە ئامادەیە بۆ هەڵبژاردن و لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی و سەرنجی خۆیان لەسەر بڕیارەکەی کۆمسیۆن هەیە. خەسرەو گۆران، بە مانّیفێستی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکەین و هەماهەنگیش دەکەین لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، لەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی هەرێم و پابەند دەبین بە خشتەی کاری کۆمسیۆن کە وادەی دەنێت بۆ تۆمارکردن و پێشکەشکردنی ناوی بەربژێر. سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان تێبینیمان لەسەر یاساکان و بڕیارەکانی کۆمسیۆن هەیە و سکاڵامان تۆمار کردووە و تێبینییەکانمان بە شێوەیەکی فەرمی داوەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمسیۆن و ئومێدەوارین چاوپێداخشاندنەوە بە هەندێک لەو بڕگانەدا بکرێت کە لە بەڕێوەبەرایەتی دەنگی ئێمە نین.




لە هەولێر هەڵمەتێک بۆ پاککردنەوەو فڕێدانی پاشماوەی ئاژەڵی قوربانی ئەنجامدەدرێت

بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی هەولێر:

قەبارەی وەبەرهێنان لە هەولێر زیادی کردووە

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنێت، قەبارەی وەبەرهێنان لە شاری هەولێر بە بەراورد بە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و بەغداش زیاترە، وەبەرهێنەران وەک شارێکی گەشتیاری و بازرگانی تەماشای دەکەن. سامان عەرەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: لە 2019/1/1 لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا مانگی حەوت، بەپێی ئامارەکانی بەردەست 33 مۆڵەتی وەبەرهێنان لە شاری هەولێر بە وەبەرهێنەران دراوە، کە تێچووی کۆی پرۆژەکان دەکاتە یەک ملیار و 922 ملیۆن دۆلار، پرۆژە وەبەرهێنانەکانیش هەموو سێکتەرەکانی پیشەسازی، بازرگانی، نیشتەجێبوون و گەشتیاریان تێدایە.



لیژنەی دارایی: گفتوگۆکانی هەرێم و بەغدا لەبارەی پشکی هەرێم لە بودجەدا دەستپێدەکەن

بڕیارەدەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق گوتی، لیژنە تەکنیکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەبارەی کێشەکانی نێوان هەردوولا دەست بە گفتوگۆ دەکەن و پێویستە پەلە بکرێت و پێش مانگی 10 لەبارەی پشکی هەرێم لە بودجەدا بگەنە ڕێککەوتن. دەشڵێ، باشتر وایە هەرێم و بەغدا ڕێککەوتنێکی چوار ساڵی سەبارەت بە پرۆژەیاسای بودجە واژۆ بکەن.



د. ئەحمەد سەفار، بۆ مانّیفێستی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، ناردنی موچەی فەرمانبەران لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هیچ کێشەیەکی نییە و بەردەوام دەبێت لە ڕەوانەکردنی، بۆ ئەم مانگەش هەموو ڕێکارەکانی ناردنی تەواو بووە و ڕەوانە دەکرێت و هیچ گرفتێک دروست نابێت.
سەفار گوتیشی، لە مانگی پێنجەوە ئامادەکاری بۆ بودجەی ساڵی داهاتوو دەستی پێکردووە و لە ئێستادا ماوە پشکی هەرێمی کوردستان یەکلا بکرێتەوە.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە



لە میانی دوو مانگی دیکەدا 396 شوققە بەسەر کرێنشیناندا دابەش دەکرێت

لە هەولێر پاڵەوانێتی لاوان و تازە پێگەیشتووانی عێراق سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

شەترەنجزانانی کوردستان توانیان لە ئاستە جیاجیاکاندا پلەکانی پێشەوە بەدەستبهێنن



باکووری کوردستان.. دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان و دانانی قەیوم کاردانەوەی تونْدی لێکەوتەوە



بەڕێژەیەکی بەرچاو داهاتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان روو لەبەرزبوونەوەدایە

قاهیرە.. ساڵوەگەڕی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی بەرز ڕاگیرا





بەبۆنەی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی باڵیۆزی عێراقی فیدراڵ و نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان و ئەندام پەرلەمان و کەسایەتیە سیاسی و ئەکادیمی و ڕاگەیاندکار و ڕۆژنامەنووسان، مەکتەبی پارتی لە قاهیرە، ئێوارە خوانێک و پێشانگەیەکی وێنەیی بەم بۆنەیەوە ساز کرد و بە گوڵ پێشوازی لە میوانان کرا.

شێرکۆ حەبیب، بەرپرسی مەکتەبی پارتی لە قاهیرە لە گوتەیەکدا وێڕای بەخێرهاتن و سوپاسی ئامادەبووان، ئاماژەی بە خەباتی و تێکۆشانی پارتی و هۆکاری دامەزراندنی لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو بە سەرۆکایەتیە سەرکردەی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانیی نەمر کرد، کاتێک دروشمی دیموکراتیەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەرزکردەوە، لە ڕوانگەی باوەڕی بە دابینکردنی مافەکانی میللەتی کورد لە چوارچێوەی ولاتێکی دیموکراسیدا.

بەرپرسی مەکتەبی پارتی لە قاهیرە، سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆ و پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ناوەند، ئەوەی خستەڕوو کە دوا دیداری لەگەڵ بەرپرسان بووە هۆی چارەسەری گرفت و کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور، هەروەها ئاماژەی بە سەردانی بەڕێزیان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان، لە تەوەرێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژەی بە سەنگ و پێگەی پارتی کرد چ لەسەر ئاستی عێراق یان کوردستان، لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر و ڕێنماییەکانی سەرۆک بارزانی دریژە بە خەباتی ئاشتیانەی دەدات و هەوڵەکان چڕدەکاتەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانی و عێراقی و عەرەبییەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی.

دکتۆر ئەحمەد نایف دلێمی باڵیۆزی عێراقی فیدراڵ لە قاهیرە و نوێنەری لە کۆمکاری عەرەبی، لە وتەکەیدا پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتی کرد، و ئاماژەی بە خەبات و تێکۆشانی پارتی کرد لە پێناو ئازادی و دیموکراسی، و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە یەکێک لە گرنگترین پارتە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان هەژمار کرد.

دکتۆر محەمەد ئەبوو کەلەل بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕەوتی حکمە، لە وتارەکەی پیرۆزبایی پێشکەشی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتی کرد و ئاماژەی بە خەباتی73 ساڵەی پارتی و ڕۆڵی لە چەسپاندنی ئاشتی و داکۆکی لە مافەکان کرد، لە تەوەرێکی دیکەدا ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان پارتی و ئەلحەکیم کرد، هەروەها ئاماژەی بە خەباتی بارزانیی نەمر و سەرۆک بارزانی کرد، گوتی: خوالێخۆشبێت مەلا مستەفا بارزانی فەرموودەیەکی هەیە، دەڵێ: ئەگەر خزمەتکردنی نیشتمان تاوانە، ئەوا من گەورەترین تاوانبارم.

لێژنەی دارایی: گفتوگۆکانی هەرێم و بەغدا لەبارەی پشکی هەرێم لە بودجەدا دەستپێدەکەن



بڕیارەدری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق گوتی، لێژنە تەکنیکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەبارەی کێشەکانی نێوان هەردوولا دەست بە گفتوگۆ دەکەن و پێویستە پەلە بکرێت و پێش مانگی 10 لەبارەی پشکی هەرێم لە بودجەدا بگەنە ڕێککەوتن.

دەشڵێ، باشتر وایە هەرێم و بەغدا ڕێککەوتنێکی چوار ساڵی سەبارەت بە پرۆژەیاسای بودجە واژۆ بکەن.

د. ئەحمەد سەفار، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ناردنی مووچەی فەرمانبەران لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هیچ کێشەیەکی نییە و بەردەوام دەبێت لە ڕەوانەکردنی، بۆ ئەم مانگەش هەموو ڕێکارەکانی ناردنی تەواو بووە و ڕەوانە دەکرێت و هیچ گرفتێک دروست نابێت.

سەفار گوتیشی، لە مانگی پێنجەوە ئامادەکاری بۆ بودجەی ساڵی داهاتوو دەستی پێکردووە و لە ئێستادا ماوە پشکی هەرێمی کوردستان یەکلا بکرێتەوە. کە بڕیارە لێژنە تەکنیکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەست بە گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن پێش مانگی 10 پشکی هەرێم یەکلا بکەنەوە، بۆیە کات کەم ماوە و پێویستە پەلە بکرێت. ناوبراو باسی لەوەش کرد، گرنگە کە هەردوو حکوومەت لەبارەی پرۆژەیاسای بودجەوە ڕێککەوتنێکی چوار ساڵی واژۆ بکەن، بۆ ئەوەی ساڵانە ئەو کێشانە دووبارە نەبنەوە، بەڵام سەرەتا پێویستە پشکی هەرێم لە پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو یەکلا بکرێتەوە.

هێمن هەورامی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا و نوێنەری یەکێتیی ئەوروپا کرد





جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هێمن هەورامی دوێنێ سێشەممە 20ی ئابی 2019 پێشوازیی لە دۆمنیک ماس کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارەکەدا کە مەبەست لێی مالئاوایی و کۆتاییهاتنی کارەکانی کونسوڵی گشتیی فەرەنسا بوو لە هەرێمی کوردستان، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سوپاسی کونسوڵی فەرەنسای کرد کە لە ماوەی کارکردنیدا ڕۆڵی ئەرێنیی خۆی بینیوە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسادا، هەروەها سوپاسی گەل و حکوومەتی فەرەنسای کرد کە هەمیشە هاوکار و پشتیوانی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان بوون و لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشیشدا پشتیوانیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کردووە و هیواشی خواست ئەو هاوکاری و پیشتیوانییەیان بۆ هەرێمی کوردستان لە گشت بوارێکدا بەردەوامیی بێت. لە بەرانبەردا دۆمنیک ماس کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان سوپاسی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد کە لە ماوەی کارکردنیدا هەماهەنگییەکی باش لە نێوانیاندا هەبووە، هەروەها ستایشی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و ڕایگەیاند: ئەو قوربانییانەی کە خەڵکی کوردستان داویەتی بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە و فەرەنساش بە گرنگییەوە دەڕوانێتە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و بەردەوام دەبێت لە پەرەپێدان و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

هاوکات هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە کلاریس پاستۆری نوێنەری یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا، هەورامی سوپاسی کلاریس پاستۆریی کرد بۆ ئەو کارانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجامیداوە لە هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هیواشی خواست لە گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی کاری هاوبەش بکرێت بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا. دەربارەی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: کارەکەین لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان لە گشت سێکتەرەکان بۆ ئەوەی لە ئاست و ویست و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان بێت و پشتگیر و پشتیوانیی کارنامەی کابینەی نۆیەم دەکەین و بۆ ئەم مەبەستە کارنامەی کابینەی نۆیەم چوارچێوەیەکی یاسایی پێدەبەخشرێت. لای خۆیەوە کلاریس پاستۆری نوێنەری یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان مەبەستی سەردانەکەی بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردەوە کە بە بۆنەی کۆتاییهاتنی کارەکانی و مالئاوایی کردنی و گەیاندنی سوپاسگوزاریی خۆی بە پەرلەمانی کوردستان بەرانبەر هەماهەنگییان لەگەڵیدا لە ماوەی کارکردنیدا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پشتگیریی و پشتیوانیی خۆی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان و کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی. لە کۆتاییدا وەک ڕێزلێنانێک لە کارەکانی لە ماوەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی دیاریی ڕێزلێنانی پەرلەمانی بە کلاریس پاستۆری بەخشی.

عێراق.. ئەنجوومەنی نوێنەران پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار تەلاڵ زوبەعی هەڵگرت

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، بە هۆی تۆمارکردنی چەندین سکاڵا لەسەری و بەتۆمەتی تێوەگلان لە گەندەڵی، لەسەر داوایەکی ئەنجوومەنی بااڵی دادوەریی کە پێشتر ئاراستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردبوو، پارێزبەندی لەسەر ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، تەلاڵ زوبەعی هەڵگرتووە.

لە ڕاگەیەندراوێکی ئەنجوومەنی نوێنەراندا هاتووە "پشتبەستن بەو دەسەاڵتەی کە لە چوارچێوەی دەستووردا پێماندراوە، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، محەمەد حەلبوسی بڕیاریدا بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، تەلاڵ زوبەعی ئەویش بە هۆی چەندین سکاڵا و تۆمەتی تێوەگلان لە گەندەڵی کە لەسەر ناوبراو تۆمارکراوە". لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە، ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی تەلاڵ زوبەعی کراون بۆ ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە کە لە خولی سێیەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا لە 2014 تا 2018 سەرۆکی لێژنەی دەستپاکی بوو. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە ئەنجوومەنی بااڵی دادوەریی کراوە ڕێکاری پێویست بەرامبەر بە تەلاڵ زوبەعی بگرێتەبەر، هەروەها داواش لەو کەسانە کراوە کە سکاڵایان لەسەر تەلاڵ زوبەعی تۆمارکردووە، لەوەی سەردانی دادگاکان بکەن. ماوەیەک لەمەوبەر ئەنجوومەنی بااڵی دادوەریی عێراق، دوو داوای ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران کردبوو تیادا داوای کردبوو پارێزبەندی لەسەر 21 ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبگیرێت کە تۆمەتبارن بەتێوەگلان لە گەندەڵی.

شاندێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بڕیارە بەمنزیکانە شاندێکی پەرلەمانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوونی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و تاوتوێکردنی پرسی نەوت و پرۆژەیاسای بودجە. محەمەدئەمین فارس ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوو شاندێکی پەرلەمانی عێراق لەسەر داوای سەرۆکایەتی پەرلەمان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرسی نەوت و پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی 2020ی عێراق. ڕاشیگەیاند: ئەندامانی شاندەکە لە ئەندامانی لێژنەی دارایی و نەوتی پەرلەمانی عێراق پێکدێن و لەگەڵ لێژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم کۆدەبنەوە و ڕاپۆرتی خۆیان ئاراستەی بەرپرسانی حکوومەتی فیدراڵ دەکەن.

محەمەدئەمین فارس ئاماژەی بە ئەوەش کرد: حکوومەتی هەرێم ئامادەیی خۆی دەربڕیوە ڕۆژانە 250 هەزار بەمیل نەوت ڕادەستی حکوومەتی ناوەند بکات، لەبەرامبەردا حکوومەتی عێراق تەواوی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم خەرج بکات، ئەو شانە گفتوگۆی لەگەڵیدا لە ماوەی کارکردنیدا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پشتگیریی و پشتیوانیی خۆی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان و کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی. لە کۆتاییدا وەک ڕێزلێنانێک لە کارەکانی لە ماوەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی دیاریی ڕێزلێنانی پەرلەمانی بە کلاریس پاستۆری بەخشی.

ئەو بڕە نەوتە دەکات کە بڕیارە هەرێم لەڕێگای کۆمپانیاکانەوە هەناردەی بکات چونکە بۆچوونێکی تاراددەیەک جیا هەیە لەبارەی هەناردەکردنی نەوت لەڕێگای کۆمپانیای سۆمۆزە کە حکوومەتی عێراق هەر لەسەرەتاوە داوای هەناردەکردنی نەوتی دەکرد لەڕێی ئەو کۆمپانیایەوە.

بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی هەولێر:

قەبارەی وەبەرهێنان لە هەولێر زیادی کردووە



بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنێت، قەبارەی وەبەرهێنان لە شاری هەولێر بە بەراورد بە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و بەغداش زیاترە، وەبەرهێنەران وەک شارێکی گەشتیاری و بازرگانی تەماشای دەکەن.

سامان عەرەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: لە 2019/1/1 لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا مانگی حەوت، بەپێی ئامارەکانی بەردەست 33 مۆڵەتی وەبەرهێنان لە شاری هەولێر بە وەبەرهێنەران دراوە، کە تێچووی کۆی پرۆژەکان دەکاتە یەک ملیار و 922 ملیۆن دۆلار، پرۆژە وەبەرهێنانەکانیش هەموو سێکتەرەکانی پیشەسازی، بازرگانی، نیشتەجێبوون و گەشتیاریان تێدایە.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر هیوای خواست کە تا کۆتایی ساڵی 2019 مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانەکان بگاتە 60 مۆڵەت و پرۆژە، گوتیشی وەبەرهێنەران زیاتر چاویان لە هەولێرە و 55% بۆ 60%ی سەرمایەگوزارییەکان بەر هەولێر دەکەوێت، چونکە وەبەرهێنەران وەک سەنتەری بازرگانی و وەبەرهێنان سەیری هەولێر دەکەن. سامان عەرەب گوتیشی: هەر ئەمساڵ تاکوو مانگی حەوت لە شاری سلێمانی بە بڕی 11 میلیۆن دۆلار وەبەرهێنان کراوە، لە شاری دهۆکیش بە بڕی540 میلۆن دۆلار پرۆژەی وەبەرهێنان کراوە.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر سەرووی 30 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەگەر بەراورد بە شارەکانی هەرێمی کوردستان و بەغداشی بکەین، دەبینین هەولێر لە پلەی یەکەم دێ چ لە پێدانی مۆڵەت و چ سەرمایەگوزاری، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی حکوومەتی هەرێم دایڕشتووە لە هاوکاریکردن و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران و ڕایکردنی مامەڵەکانیان، هۆکارێکی هاوتەریبی دیکەش ئەوەیە ژمارەکی زۆر کۆنسولگەری و نوێنەرایەتی و ئەمن و ئاسایش لە هەولێر هەن".

ئامارێکی خستە ڕوو کە بریتییە لە. لە ساڵی 2013دا لە شاری هەولێر 33 مۆڵەتی وەبەرهێنان بە وەبەرهێن دراوە، لە ساڵی 2014دا25 مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە، لە ساڵی 2015دا 14 مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە، لە2016 دا 12 مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە، لە 2017دا 10 مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە و لە 2018دا 25 مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە.

سامان عەرەب ڕوونیشی کردەوە کە کۆی تێچووی ئەو پرۆژانەی لە شاری هەولێرن لە

ئەمەریکا مووشەکی کروز تاقی دەکاتەوە



وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا دەڵێت مووشەکێکی کلاسیکی کروزی تاقی کردۆتەوە کە لە زەویییەوە هەڵدەدرێت و سەرکەوتوو بووە لە پێکانی ئامانجەکەیدا، دوای ئەوەی مووشەکەکە مەودای500 کیلۆمەتری تێپەڕاندووە، ئەمەش لە یەکەمین تاقیکردنەوەی مووشەکی ئەمەریکادا لەمجۆرە دوای کشانەوەی لە پەیماننامەی هێزی ناوەکیی مەودا ناوەندا.

وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکدا وتی تاقیکردنەوەکە ڕۆژی یەکشەمە لە دوورگەی سان نیکۆلاس لە ویلایەتی کالیفۆرنیا ئەنجامدراوە. لەم مانگەدا ئەمەریکا بە فەرمی لە پەیماننامەی هێزی ناوەکیی مەودا ناوەند کشایەوە کە لە ساڵی1987 دا لەگەڵ ڕوسیادا واژۆیان کردبوو، ئەمەش دوای ئەوەی ئەمەریکا پێی وابوو مۆسکۆ پەیماننامەکەی پێشێلکردووە، مۆسکۆش ئەوە ڕەت دەکاتەوە.

سەرچاوە/ دەنگی ئەمەریکا

خەسرەو گۆران: بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاسایی نییە



بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە ئامادەکاریی پارتی دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەڵێت، ئەوەی گرنگە پارتی هەمیشە ئامادەیە بۆ هەڵبژاردن و لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی و سەرنجی خۆیان لەسەر بڕیارەکەی کۆمسیۆن هەیە. خەسرەو گۆران، بە مانّپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکەین و هەماهەنگیش دەکەین لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، لەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی هەرێم و پابەند دەبین بە خشتەی کاری کۆمسیۆن کە واە دادەنێت بۆ تۆمارکردن و پێشکەشکردنی ناوی بەرێزیان. سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان تێبینیمان لەسەر یاساکان و بڕیارەکانی کۆمسیۆن هەیە و سکالامان تۆمار کردووە و تێبینییەکانمان بە شێوەیەکی فەرمی داوەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمسیۆن و ئومێدەوارین چاوپێداخشاندنەوە بە هەندێک لەو بڕگانەدا بکرێت کە لە بەرژەوەندیی دەنگی ئێمە نین.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی ڕایشیگەیاند: لەبارەی ئامادەکارییەکانەوە وەک پارتی بەردەوام کۆبوونەوەمان هەیە، دوێنێ و پێرێ کۆبوونەوەمان هەبووە، پێش جەژن لەگەڵ لقەکانی پارتی لە ناوچە کوردستانییەکان کۆبوونەوەمان کردووە و تا نزیک ببینەوە لە هەڵبژادن کۆبوونەوەکان چڕتر دەبنەوە. خەسرەو گۆران گوتیشی: بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاسایی نییە، وەک بەسرە و نەجەف و کەربەلا نییە، پشکی شێری ئەو ناوچانە ئاوارەن، لە شوێنی خۆیان نین، بەشێکی زۆریان لە خیودان و بەشێکیان لە گوند و قەزا و ناحیە و هۆتێل و دەرەوەن.

ئەڵمانیا منداڵی هاوواڵاتییانی وڵاتەکەی کە لەنێو داعش دابوون دەگەڕێنێتەوە وڵاتەکەی



حکوومەتی ئەڵمانیا دەستی کرد بە وەرگرتنەوەی منداڵی هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کە لە ریزی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دابوون. وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هایکۆ ماس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا کە لەگەڵ هاوتا کازاخستانییەکەی، بەیبوت ئەتامکۆڵۆڤ لە بەرلین سازی کرد، ڕایگەیاند، چوار منداڵی ئەڵمانی لە باکووری سووریاوە بەرەو ئەڵمانیا بەڕێکراون.

ماس جەختی لەوە کردەوە کە حکوومەتی وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لەکارکردن بۆ گەڕانەوەی منداڵانی دیکەی چەکدارانی داعش بۆ ئەڵمانیا. وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا گوتی: ناکرێت سزای منداڵ بدەین لەسەر کاری باوانیان، ئەوان تاوەکو ئێستا بچووکن.

لە لای خۆیەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بەرپرسانی وڵاتەکەی لە کۆنسولخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر ئەو چوار منداڵەیان وەرگرتووەتەوە بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ وڵات. مانگی تەمووزی ڕابردوو دادگای کارگێڕی بەرلین بڕیاریدابوو بە گەڕانەوەی منداڵی هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کە لە ریزی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دابوون. بەپێی ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا، 117 منداڵی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانیا لە ئێستادا لە باکووری سووریان.


بەرپرسانی ئەمەریکا هۆشداری سەرهەڵدانەوەی داعش دەدەن



دوێنێ سێشەمە نوێنەری تایبەتی چین بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاند مەترسی سەرهەڵدانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریا هەیە و داوای پێشوەچوونی پرۆسەی سیاسی کرد لە نێوان حکوومەتی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆن. شی شیاویان پاش وتوویژەکانی لەگەڵ نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان گێیر پێدرسن لە ژنێڤ گوتی: لە ئێستادا مەترسی زیندووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی وەکو داعش هەیە، ئێمە هەندێک ئاماژە دەبینین، پێویستە بە تەواوەتی کۆتایی بەو شەڕەی دژ بە تیرۆرزم بهێندرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی سی بی ئێسی ئەمەریکی، مایک پۆمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، هۆشداریدا و ڕایگەیاند، ڕێکخراوی داعش لە هەندێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز بۆتەوە. ئاشکراشی دەکات، چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە خۆیان ڕێکخستووەتەوە، بەڵام هێشتا توانای ئەوەیان نییە هێرشی گەورە و بەرفراوان ئەنجام بدات.

ناسر هەرکی: بەدواداچوون بۆ دواکۆبوونەوەی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریی عێراق دەکەین



وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق، گفتوگۆیان لەسەر چۆنیەتیی کشانەوەی سوپا و ڕادەستکردنی دۆسیەیەی ئەمنیی شارەکانیان بە هێزە ئەمنییەکانی دیکەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کردووە، ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەڵێن، بەدواداچوون بۆ دواکۆبوونەوەیان دەکەن و دەبێ بە پێی دەستوور ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش بگرێتەوە.

وەزارەتی بەرگریی عێراق، بەیاننامەیەکی بڵاو کردووەتەوە، کە تێیدا هاتووە، وەزیری بەرگری و فەرماندەی پۆلیسی فیدرالی، گفتوگۆیان لەسەر ڕێوشوێنی کشانەوەی سوپا لە ناو شارەکان و ڕادەستکردنی دۆسیەیەی ئەمنیی ناو شارەکان بە وەزارەتی ناوخۆ کردووە، تا بڕیارەکەی عادل عەبدولمەهدی بەرجەستە بکەن.

ناسر هەرکی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکیدا بە مانّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وەکو فراکسیۆنی پارتی، لە میانەی سەردانەکانیاندا بۆ شارەکانی کەرکووک و خانەقین و شنگال، لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەمیشە داوایان کردووە، کە دۆسیەیەی ئەمنیی شارەکان دەبێ لە سوپا بسەندرێتەوە و بدرێتەوە دەست هێزە جۆراوجۆرەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و ئەوەو عەسکەرتاریەتە نەمێنێ.

ناوبراو پێیشی وابوو، ئەو بڕیارەی عادل عەبدولمەهدی، گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق جێبەجێ بکەن.

ناسر هەرکی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکیدا بە مانّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وەکو فراکسیۆنی پارتی، لە میانەی سەردانەکانیاندا بۆ شارەکانی کەرکووک و خانەقین و شنگال، لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەمیشە داوایان کردووە، کە دۆسیەیەی ئەمنیی شارەکان دەبێ لە سوپا بسەندرێتەوە و بدرێتەوە دەست هێزە جۆراوجۆرەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و ئەوەو عەسکەرتاریەتە نەمێنێ.

ناوبراو پێیشی وابوو، ئەو بڕیارەی عادل عەبدولمەهدی، گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق جێبەجێ بکەن.

ئیدارەی هەرێم نەگرێتەوە، ئەوا پێچەوانەی دەستوورە، ئەگەر بیانەویت بە پێی یاسا و دەستوور ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن، دەبێ هیچ جۆرە ڕیزپەڕێک بۆ شارەکان دانەندرێت و بڕیارەکە هەمووی بگرێتەوە. هەرکی، وێڕای ئەوەی بێئاگایی لە دواکۆبوونەوەی نێوان هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق دەربڕی، بەڵام جەختیشی لەوە کردەوە، کە ئەوان وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و فراکسیۆنی پارتی، بەدواداچوونی جیددی بۆ ئەو بابەتە دەکەن.



لێدوانەکەی سەزای تەمەللی بگرن. تەمەللی گوتی: لە هەر شوێنێک دەنگی خۆتان بەرز بکەنەوە، تێکۆشانی ئێمە تێکۆشانێکی ڕەوایە، خاوەندارى لە داهاتوو و ئیرادەی خۆتان بکەن، وەک ئەمڕۆش هاتینە مەیدانەکان، بێگومان ئەم وڵاتە ئازاد دەکەین و بێگومان سەردەکەوین.

تورکیا بە تاقیکردنەوەی دیموکراسی تێپەڕێت

هاوکات هاوسەرۆکی هەدەپە پەروین بوڵدان رایگەیاند: ئەمڕۆ تورکیا بە تاقیکردنەوەی دیموکراسیدا تێدەپەڕێت، دەمەوێت بانگەوازەکەم سەردتا ڕووبەڕووی بەڕێز کەمال کلێچدارئۆغلۆ بەتایبەت و تەواوی پارتە سیاسییەکان بکەمەوە، بێدەنگییەکەتان بشکێنن، بێگومان قەلانی تورکیا جارێکیتر ڕووبەڕووی ئەو کودەتایە بوونەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئاکپارتی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، تورکیا ڕووبەڕووی کودەتای مەدەنیش بووەتەوە. بەر لە هەڵبژاردنەکانی 31ی ئازار، جارێکیتر قەیوم بۆ شارەوانییەکانمان داندرا و تورکیا لە ئەنجامی ئەوەدا 31ی ئازار هەڵبژاردنی ئەنجامدایەوە. لەو شوێنانەی کە قەیوم دانرابوو، گەل گوتی ئەقڵییەتی قەیومان ناوێت و دانی پێدا نانێین. چوونە سەر سندوقەکان و بە ئیرادەی خۆیان خاوەندارێتییان لە دەنگی خۆیان کرد. بوڵدان وەبیریهێنایەوە کە هەر دوای هەڵبژاردنەکان فەرمانی دەستبەکاربوونیان نەداوە بە هەندێک لە سەرۆک شارەوانییەکان و گوتی: قسەیەکتان هەیە بۆ کردن، دەتوانین بەو قسانەی دەیکەین، ئایندەی تورکیا، ئایندەی منداڵەکانمان و نەوەکانمان جوانتر بکەین. بوڵدان لەبارەی دانانی قەیوم بۆ شارەوانییەکانی دیاربەکر، وان و ماردین، لە کۆنگرەیەکی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گوتی: بەدرێژایی مێژووی تورکیا بەردەوام ڕووبەڕووی کودەتایەک هەژاندی و دوایین نموونەکان لە 19ی ئابدا بینی. لە شارەکانی دیاربەکر، وان و ماردین، ئیرادەی گەلەکەمان کە دەنگی زیاتر لە سەدا 60یان بەدەستهێناوە زەوتکرا، دەبینین حکوومەتی ئاکپارتی بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی شکستەکانی خۆی بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا، هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی سیاسییەوە، جارێکیتر ئەقڵییەتی زەوتکردن لە ڕێی قەیومەوە بەکاردەهێنێت.

مێردین و وان نیگەرانی قووڵی خۆی دەردەبڕێت و ڕایدەگەیەنێت، ئێمە نیگەرانین لەو هەنگاوەی تورکیا بە بەهانەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم. نوێنەری سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لە ڕاگەیەندراوێکدا نیگەرانی ئەو یەکێتییەی لەبارەی دەرکردن و دەستگیرکردنی سیاسەتمەدارانی کورد و دانانی قەیوم لە شوێنیان دەردەبڕێت و ڕاشیدەگەیەنێت، ئەو هەنگاوە بێبەشکردنی هاووڵاتیان و دەنگدەرانە لە دیاریکردنی نوێنەری سیاسیان و لێدانە لە دیموکراسی و زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت. ڕاشیگەیاند، ئەو هەنگاوانەی حکوومەت ئاکامەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیک و ئازادی 31ی ئادار دەباتە ژێر پرسیارەوە، بەپێی بەیاننامەکەی یەکێتیی ئەورووپا ئەو هەنگاوانەی حکوومەت سیاسین.

هەدەپە دەنگ بەرزکردن و ناڕەزایی دەکات

سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە لەبەردەم شارەوانیی ئامەد، بانگەوازیی کرد و ڕایگەیاند: لە هەر شوێنێک دەنگی خۆتان بەرز بکەنەوە و ژیان بوەستێنن. دوای ئەوەی دوێنێ بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی تورک قەیوم لە جێی هاوسەرۆکانی شارەوانییەکانی ئامەد، وان و چالاکوانانی مانگرتنیان ڕاگەیاند و لە بەرانبەر ئەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا ناڕەزییان دەربڕی و لەلایەن پۆلیسەوە گەمارۆدران و ڕێگە نەدرا لێدوان بۆ میدیاکان بدەن. هاوکات چەندین شەقامی سەرەکیی شاری ئامەد و ماردین کە نزیکی سەرۆکایەتیی شارەوانییەکانە لەلایەن هێزی ئەمنییەوە گیرا و پۆلیس هێرشی کردە سەر خەڵک و بە گازی فرمێسکڕێژ و ئاو خەڵک و خۆپیشاندەران بلاویان پێکرا و چەندین کەس برینداربوون و چەند پەرلەمانتارێکیش لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانەوە لێیان درا.

یەکێتی ئەورووپا لە بەرانبەر لادانی سەرۆک شارەوانییەکان نیگەرانە

یەکێتیی ئەورووپا لەبارەی بڕیاری دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی ئامەد، میردین و وان، ڕایگەیاند کە ئەو بڕیارە بەشداری ئاشتی کۆمەڵایەتی ناکات و ڕەنگە شەڕی دژ بە تیرۆر لاوازبکات. هاوکات دەشڵێت: خەباتی سیاسی ئەکتیڤتر دژ بە تیرۆر لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نوێنەرایەتی دیموکراسییەوە بەدی نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بەدی دێت و لەسەرکارلادانی ئەو سێ سەرۆک شارەوانیانەی تازە هەڵبژێررابوون، سەبارەت بە دیموکراسیی ئێمە هەنگاوێکی دروست نەبوو. ئۆغلۆ درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: ئەگەر هەڵبژاردنی کاندیدەکان بەپێچەوانەی یاساوە بێت، ئەوە دەبێت ئەنجوومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان پێش دەنگدان ئەو پرسە تاوتوێبکات. ئاشکرایە دەشێت پاش هەڵبژاردنەکان هەنگاوی پێویست بەرانبەر بە تاوانە ئەنجامدراوەکان وەربگیرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە مەرجە یاساییەکان بخرێنە بەردەم دادگە. مافیش مافی دەنگدان و هەڵبژاردنە.

نزیکەی 500 کەس دەستگیرکران

هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە 29 شار ئۆپەراسیۆنێکی فراوانیان دەستپێکرد و نزیکەی 450 کەسیان بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە تیرۆر و ئەندامێتیی پەکەکە دەستگیرکرد. هاوکات زانیارییەکان دەڵێن چەندین شەقامی سەرەکی شاری دیاربەکر و ماردین کە نزیکی سەرۆکایەتیی شارەوانییەکانە لەلایەن هێزی ئەمنییەوە گیراوە و پۆلیس هێرشی کردووەتە سەر خەڵک و بە گازی فرمێسکڕێژ و ئاو خەڵک و خۆپیشاندەران بلاویان پێکراوە و چەندین کەس بریندار بوون و چەند پەرلەمانتارێکیش لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانەوە لێیان دراوە. هاوکات پێشبینی دەکرێت ئەو ناڕەزایی و خۆپیشاندانانە پەرەبستێنن.


زنجیرەیەک تویتدا دووپاتی کردووەتەوە کە ئەو بڕیارە بەشداری ئاشتی کۆمەڵایەتی ناکات و ڕەنگە شەڕی دژ بە تیرۆر لاوازبکات. هاوکات دەشڵێت: خەباتی سیاسی ئەکتیڤتر دژ بە تیرۆر لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نوێنەرایەتی دیموکراسییەوە بەدی نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بەدی دێت و لەسەرکارلادانی ئەو سێ سەرۆک شارەوانیانەی تازە هەڵبژێررابوون، سەبارەت بە دیموکراسیی ئێمە هەنگاوێکی دروست نەبوو. ئۆغلۆ درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: ئەگەر هەڵبژاردنی کاندیدەکان بەپێچەوانەی یاساوە بێت، ئەوە دەبێت ئەنجوومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان پێش دەنگدان ئەو پرسە تاوتوێبکات. ئاشکرایە دەشێت پاش هەڵبژاردنەکان هەنگاوی پێویست بەرانبەر بە تاوانە ئەنجامدراوەکان وەربگیرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە مەرجە یاساییەکان بخرێنە بەردەم دادگە. مافیش مافی دەنگدان و هەڵبژاردنە.



باکووری کوردستان...
دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان و دانانی قەیوم کاردانەوەی تووندی لێکەوتەوە

یەکێتیی ئەورووپا: ئەو هەنگاوە بێبەشکردنی هاووڵاتیانە لە دیاریکردنی نوێنەری سیاسییان

داوود ئۆغلۆ: بڕیاری دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان خزمەت بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی ناکات و هەنگاوێکی دروست نەبوو



پەروین بوڵدان:
دان بە عەقڵییەتی قەیوم نانێین و قبوڵیشی ناکەین



سەزای تەمەللی:
دەنگی خۆتان بەرز بکەنەوە و ژیان بوەستێنن

ئا: خەبات/ دوای ئەوەی بە فەرمانی دەسەڵاتی حکوومەتی تورکیا شارەوانییەکانی ئامەد، مێردین و وان گەمارۆدران و ڕادەستی کادیرانی ئاکەپە کران، دوێنێ سێشەممەش لە کاردانەوەی ئەو بڕیارەی حکوومەتی تورکیادا، هاووڵاتیانی باکووری کوردستان لە مەیدانەکان ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی، سەردەڕای هەموو ڕێگری و هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیاش بۆ سەر خۆپیشاندەران، بەڵام هاووڵاتیانی کورد لە باکووری کوردستان لە شارەکانی ئامەد، وان و مێردین ڕژانە مەیدانەکان و تووڕەیی خۆیان بەرانبەر دەسەڵاتی حکوومەتی تورکیا دەربڕی، بەپێی زانیارییەکانیش کە دوێنێ بڵاوکرانەوە، لەو خۆپیشاندانەدا چەندین کەس لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە بریندارکران کە پەرلەمانتارانی هەدەپەشی تێدایە، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە خۆپیشاندەران دەستگیرکران.

ئەمەش دوای ئەوە دێت کە حکوومەتی تورکیا سێ سەرۆک شارەوانیی دیاربەکر، وان و مێردینی لەسەر کارەکانیان دوورخستنەوە، لە بەرانبەر ئەوەشدا خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵک و لایەنگرانی هەدەپە لە دیاربەکر و مێردین دەستیپێکرد و هێزە ئەمنییەکانیش بە تۆندی بەرەنگاری خەڵک بوونەوە و چەندین کەسیش برینداربوون، بەپێی زانیاریی میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا. هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە 29 شار ئۆپەراسیۆنێکی فراوانیان دەستپێکردووە و نزیکەی 450 کەسیان بە تۆمەتی ئەندامەتیی پەکەکە دەستگیر کردووە. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن دوێنێ سێشەممە و لە درێژەی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان لە شاری دیاربەکر، کۆمەڵێک لە پەرلەمانتارانی هەدەپە و

بە سەدان کەس لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران



www.xebat.net
چوارشەممە 2019/8/21 ژمارە (5811)
خەبات



لەپێکدادانی چەکداریدا لە سەردەشت پاسدارێک کوژرا

لە ئەنجامی پێکدادانێکی چەکداریدا لە شاری سەردەشت لە ئێران چەکدارێکی سوپای پاسداران کوژرا. بەپێی هەواڵێکی تەلەڤزیۆنی فەرمی دەوڵەتی ئێران، شەوی سێشەممە لە شاری سەردەشت لەسەر سنووری عێراق، پێکدادان لەنێوان یەکەکانی سوپای پاسداران و گرووپێکی چەکداریدا دروست بووەو لە پێکدادانەکەشدا چەکدارێکی سوپای پاسداران کوژراوە. جێی باسە لە هەواڵەکەدا هیچ زانیارییەکی دیکە ئاشکرا نەکراوەو تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ لایەنێک چالاکییەکەی نەگرتۆتە ئەستۆ.

دیالە.. تەقینەوەیەک پێنج قوربانی لێکەوتەوە



گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دیالە، بریندارببوونی پێنج سەربازی عێراقی و هاوکات دەستگیرکردنی 7 داواکراویشی راگەیاند. غالب عەتیە، گوتەبێژی پۆلیسی دیالە، لەمبارەوە بە خەباتی راگەیاند: دوێنێ سێشەممە بۆمبێکی چێندراو لەسەر رێگەیەکی سنووری شاری "باقووبە"ی ناوەندی پارێزگای دیالە بە هەمەرێکی سوپای عێراقیدا تەقیوەتەوە و بەهۆی ئەو تەقینەوەوە پێنج سەربازی عێراقی بریندار بوون کە یەکێکیان ئەفسەرە".

گوتەبێژی پۆلیسی دیالە، راشیگەیاند: هەر دوێنێ لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای دیالە حەوت داواکراو دەستگیر کران کە بەپێی مادەی 4ی تیرۆر داوا کرابوون. جێی باسە پارێزگای دیالە هاوسنووری پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەغدایە و بەشێکی زۆری قەزا و ناحیەکانی سەر بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن و لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە داگیر کراون و ڕەوشی ئەمنیی ئەو ناوچانە ناسەقامگیر بووە.

عەلی شەمخانی: جەنگێکی گریمانەکراو بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانانی مەترسیدار دەبێت

ئێران زۆر ئامرازی بەدەستەوەیە بە جەنگی وەکالەتیشەوە



سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی بالای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، عەلی شەمخانی وێڕای ئاماژەدان بەوەی تاران هەموو ئامرازێکی بە مەبەستی بەکارهێنان لە جەنگێکی گریمانەکراودا بە "جەنگی وەکالەت"یشەوە هەیە و جەنگێکی لەو شێوەیە "مەترسیدار" دەبێت بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکە. عەلی شەمخانی لە لێدوانێکدا بۆ کەنالی ئێن بی سی نیوزی ئەمەریکی ڕوونکردنەوەی دا سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی، گرژییەکانی نێوان ئێران لە لایەک و ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە کەنداو.

سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی بالای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران ئاماژەی بەوەکرد لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی لە ئێران زۆر کەس دەستی بە بیرکردنەوە لەوە کردووە کە ڕێککەوتنەکە هەڵە بووە و ئەویش یەکێکە لەو کەسانە.

ئێران لەسەر مێزی دانوستان دانانیشێت

سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی بالای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، عەلی شەمخانی باسی لەوەکرد ئەمەریکا لە ناوچەکە "سەرچاوەی گرژییەکان"ە و "دوژمنکارە"، تیشکی خستەسەر ئەوەش ئیدارەی واشنتۆن لە ڕێگەی سیاسەتی زۆرترین فشار بۆسەر تاران نیازی دانوستانی نییە و مەبەستی خۆرادەستکردنی ئێرانە و گوتی: تا ئەو کاتەی ئەمەریکا سیاسەتی فشار پەیڕەوبکات، ئێران هەرگیز لەسەر مێزی دانوستان دانانیشێت.

سیاسەتەکانی ئەمەریکا، ئیسرائیل بەرەو ڕووخان دەبات

سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی بالای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، عەلی شەمخانی لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئێران خوازیاری لەناوبردنی ئیسرائیلە یان نا، باسی لەوەکرد تاران نیازێکی لەوشێوەیەی نییە و گوتی: چارەنووسی ئیسرائیل لە لایەن گەلی فەلەستینەوە دیاریی دەکرێت. عەلی شەمخانی تیشکی خستەسەر سیاسەتی ئەمەریکا هاوشێوەی ڕاگەیاندنی "قودس بە پایتەخت" و "گرێبەستی سەدە" ئیسرائیل بەرەو ڕووخان دەبات و گوتی: من باوەڕم وایە ئەو وڵاتەکەی کە ڕاستییەکانی گۆڕەپانەکە نابینێت، خوازیاری لەناوچوونی ئیسرائیلە. ئەوان قودسیان وەک پایتەختی ئیسرائیل ڕاگەیاندووە. ئەوان بە دوای ئەوەوەن کە ئەو پرۆژەیەی ناویان لێناوە سەودای سەدە، جێبەجێبکەن.

کارتی ئێران بۆ جەنگی وەکالەت

سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی بالای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، عەلی شەمخانی جەختی لەوەکردەوە ئەگەری گۆڕانی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بۆ جەنگ، کەمە و گوتی: جەنگێکی گریمانەکراو بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانانی مەترسیدار دەبێت. ئێران زۆر ئامرازی بەدەستەوەیە بە جەنگی وەکالەتیشەوە. هیچ گومانێک نییە سەبارەت بەوەی وێنای خراپبووی ئەمەریکا لە ناوچەکە و جیهان زیاتر تێکدەچێت. لە دۆخێکی وەهادا بۆچی بە جەنگ هەڕەشەمان لێدەکەن.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل: ئێران لە هیچ شوێنێک پارێزراو نییە

بەردەوام دەبین لە هەنگاونان لە دژی ئێران

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوەدا کە مانگی ڕابردوو سوپای وڵاتەکەی ئامانجە سەربازییەکانی ئێرانی لە عێراق پێکاوە. بێنیامین ناتانیاهو لە میانی سەردانە فەرمییەکەیدا بۆ کییڤ پایتەختی ئۆکراینا وەڵامی پرسیاری میدیاکارانی ئیسرائیلی دایەوە.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو لە وەڵامی پرسیاری ئەو دەنگۆیەی کە دەگوترێت ئیسرائیل لە تەمووزدا ئامانجە سەربازییەکانی ئێرانی لە عێراق پێکاوە گوتی: "ئێران لە هیچ شوێنێک پارێزراو نییە" و ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە دا کە سوپای وڵاتەکەی لە پشت ئەو هێرشەوەیە.

بێنیامین ناتانیاهو بە ئاماژەدان بەوەی کە ئێران هەڕەشەی "لەناوبردن" لە ئیسرائیل دەکات، بانگەشەی ئەوەی کرد کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئێران بەردەوامە لە کردنەوەی بنکەی سەربازی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و گوتی: بەردەوام دەبین لە هەنگاونان لە دژی ئێران، ئێستا لە کۆی پێویست بکات هەنگاوی پێویست دەنێین.

جێی باسە پێشتر دەنگۆی ئەوە بڵاوکرابووەوە کە ئیسرائیل لە 19ی تەمووزی ڕابردوودا، بە فڕۆکەی F35 هێرشی کردووەتە سەر کەمپی سەربازی ئامرلی لە پارێزگای سەلاحەددین باکووری عێراق و لە 28ی تەمووزیش هێرشی کردۆتە سەر کۆگایەکی کەمپێکی سەربازی ئێران کە موشەکەکاوێژ لەنێوئەو کەمپەدا هەبووە لە باکووری ڕۆژهەلاتی بەغدای پایتەخت، بەڵام لەبارەی ئەو دەنگۆیانەوە ئیسرائیل هیچ جۆرە لێدوانێکی نەداوە.

ئەمەریکا داوا لە چین دەکات ڕێز لە یاساکانی هۆنگ کۆنگ بگرێت

دەنگی ئەمەریکا/ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا مایک پێنس داوای لە چین کرد ڕێز لە یاساکانی هۆنگ کۆنگ بگرێت و دووبارەت جەختی لە ئاگاداریەکەی سەرۆکی ئەمەریکا دانۆڵد ترامپ کردەوە سەبارەت بەوەی قورس دەبێت بۆ ئەمەریکا ڕێکەوتنی بازرگانی لەگەڵ چیندا واژۆ بکات ئەگەر خۆپیشاندانەکانی هۆنگ کۆنگ ببنە هۆی تووندوتیژی. پێنس گوتیشی: بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت ڕێکەوتنێک لەگەڵ چیندا واژۆ بکات پێویستە لەسەر پەکین بەرپرسیارێتییەکانیەوە کە لە سالی 1984دا واژۆی کردووە و تیایدا هاتووە دەبێت ڕێز لە پارێزراوی یاساکانی هۆنگ کۆنگ بگیردرێت. ڕاشیگەیاند: بەڕێوبەرایەتییەکەمان دووبارە داوا لە چین و خۆپیشاندەران دەکاتەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن.

جێی باسە ڕۆژی یەکشەمە سەرۆکی ئەمەریکا دانۆڵد ترامپ ئاماژەی بەوەدا دەیەوێت پێش ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ چیندا واژۆ بکات، چین بتوانێت چارەسەرێک بدۆزێتەوە بۆ خۆپیشاندانەکانی هۆنگ کۆنگ. گوتیشی: دەمەوێت ببینم بەشێوازێکی مرۆییانە چارەسەری قەیرانی هۆنگ کۆنگ دەکرێت. پێم وایە ئەوە زۆر باش دەبێت بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی بازرگانی.

بەحرێن بەشداری لە پلانەکەی ئەمەریکا بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەریایی دەکات

بەحرێن ڕاگەیاند کە بەشداری دەکات لە پلانەکەی ئەمەریکا بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەریایی لە ناوچەی کەنداو و گەرووی هورمز. فەرماندەی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا، جەنەرال کێنس ماکێنزی لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ مەنامە لەگەڵ شای بەحرێن، حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە کۆبوویەوە.حکوومەتی بەحرێن ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە "لە کۆبوونەوەکەدا، شا حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە بە جەنەرال کێنس ماکێنزی ڕاگەیاندووە، بەحرێن بەشداری دەکات لەو پلانەی کە ئەمەریکا بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەریایی لە ناوچەی کەنداو و گەرووی هورمز دایڕشتووە". لە 10ی تەمووزی ڕابردوودا، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئەمەریکا، جۆزێف دانفۆرد ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی پلانی هەیە هاوپەیمانییەکی سەربازی بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەریایی لە ناوچەی کەنداو و گەرووی هورمزدا پێکبهێنێت. لە 22ی هەمان مانگدا وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا بە هاوبەشی ڕایانگەیاندبوو، پێکەوە کار دەکەن لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەریایی لە گەرووی هورمزدا.

ئۆپەراسیۆنی تویتەر و فەیسبووک لەبارەی هۆنگ کۆنگەوە



هەریەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر، چین بەوە تۆمەتبار دەکەن کە سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی هۆنگ کۆنگ، بە مەبەست زانیاریی هەڵەی بڵاوکردووەتەوە و سەدان هەژماریان هەڵپەسارد. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە لایەن تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە 936 هەژمار ڕاگیراون و جەخت لەوەکراوەتەوە ئامانج لە هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە "دروستکردنی ناکۆکیی سیاسییە لە هۆنگ کۆنگ. لە ڕاگەیەنراوەکەدا باس لەوەکراوە لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەوبارەیەوە ئەنجامدراون، بەڵگەی متمانەپێکراوی ئەوتۆ دەستکەوتوون کە دەیسەلمێنێت هەڵمەتەکە لە لایەن حکوومەتی چینەوە پشتیوانییکراوە. لەدوای تویتەر، فەیسبووکیش بڵاویکردەوە کە ژمارەیەک هەژمار و لاپەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە خۆپیشاندانەکانی هۆنگ کۆنگیان کردووەتە ئامانج، داخراون.

پڕۆژەیاسای ڕادەستکردنەوە بە چین

ئەو پڕۆژە یاسایەی کە ڕادەستکردنەوەی حوکمدراوان لە هۆنگ کۆنگ یان ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجامداوە بە چین، هەرێمی تایبەتیی ماکاو و تایوان ئاسان دەکات، ڕۆژی سێی نیسان پێشکەش بە پەرلەمان کرابوو. پڕۆژە یاساکە تاوانە سیاسییەکان ناگرێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری حەوت ملیۆن و 400 هەزار لە دانیشتوانی هۆنگ کۆنگ، نیگەرانیی ئەوەیان هەیە کە خەڵک لە چین لە سایەی سیستمی دادوەریی لەو وڵاتە بەڕەوڕووی دەستبەسەرکردنی هەڕەمەکی، پرۆسەی دادگاییکردنی ئادادپەروەرانە و تەنانەت ئەشکەنجەدان دەبنەوە. هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن نیگەرانن لەوەی کە ئەگەر بێت و پرۆژە یاساکە لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، ئەمە بە ئامانجگرتنی نەیارە سیاسییەکانی هۆنگ کۆنگ لە لایەن چین-ەوە، کۆتایی بێت.

پێگەی هۆنگ کۆنگ

هۆنگ کۆنگ لە ڕێگەی "گرێبەستی بەکرێدان" کە لە سالی 1898دا واژووکراوە، دوای چەندین سالی دوور و درێژ لە سالی 1997دا لەژێر فەرمانڕەوایەتیی بەریتانیاوە ڕادەستی چین کرا. لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی هاوبەشدا کە واژووکرا، مافی ئەوە درایە هۆنگ کۆنگ کە تا سالی 2047 تەنها لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە و بەرگرییدا بە چینەوە پەیوەست بێت و بە سیاستی "یەک وڵات، دوو سیستەم" سەربەخۆیی کارگێڕیی و پێکهاتەی خۆی بپارێزێت.

ئەحمەد کانی ڕێز لە ژمارەیەک پێشمەرگە و زیندانی سیاسی سنووری ناوچەی ڕزگاری دەگرێت



بەڕێسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێزی لە ژمارەیەک پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گەلانی پێشکەوتنخواز و زیندانیانی سیاسی سنووری لێژنەی ناوچەی ڕزگاری گرت و پێی وابوو ئەو ئازادیەی ئێستا گەلی کوردستان چێژی لێ دەبینێ، بەرهەمی تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان و شەهیدانی کوردستان و زیندانیانی سیاسیە ،بۆیە دەبێ هەموان بە گیانی خۆیان دەستکەوتەکانی بپارێزن.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەڕێسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکی خستبوو ،ڕێزی لە ژمارەیەک پێشمەرگەی قارەمانی شۆڕشەکانی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز و زیندانی سیاسی سنووری لێژنەی ناوچەی ڕزگاری گرت.

لە سەرەتای مەراسیمەکە بەڕێسی لێژنەی ناوچەی ڕزگاری لە وتەیەکدا سوپاسی پشتیوانی بەڕێسی لقی دووی کرد بۆ کار و بەرنامە حزبیەکانیان پێشی وابوو ڕێکخستنی ئەو مەراسیمەش،ڕێزگرتنە لە خەبات و تێکۆشانی ئەوانەی ڕۆژگارێک بۆ مافی گەلەکەیان تێکۆشاون و ئەزیەتیان کێشاوە.

دواتر ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەڕێسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا ویڕای نیشاندانی ڕێز بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی ڕۆژانێک تێکۆشاون لەپێناوی مافی گەلەکەیان و ئەوانەشی کە لەپێناو داخوازی گەلەکەیان کەوتنە زیندانەکانی دوژمن.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئەحمەد کانی باسێکی کورتی میژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و زەروورەتی دامەزراندنی ئەو پارتە کرد لەسەر دەستی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە لەبەر ئەوەی پارتی مانێکی گەورە بوو بووە حزبێکی نیشتیمانی و نەتەوەو پێکهاتەو ئاینی جیاواز و چین و تۆێژەکانی لە دەوری خۆیدا کۆکردەوە لەپێناو وەدەستخستنی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی گەلەکەمان.

دواتر ئەحمەد کانی باسی دەستکەوتە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد بۆ گەلی کوردستان،هەر لە ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار تا دەگاتە ڕاپەڕین و پێکهێنانی یەکەم پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی مافی فیدرالی و بەرزکردنەوەی ئالای پیرۆزی کوردستان دوای ئەویش لە ساڵی 2003 بەشداری کاری لە نووسینی دەستووری نوێی عێراق و چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان تێیدا بە مافی نەتەوەو ئایین و پێکهاتە جیاوازەکان ئینجا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە بە یەکێک لە دەستکەوتە هەرە مەزنەکان ئەژمار دەکرێت لەمێژوودا.

وەزیری ناوخۆ پێشوازی کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا و شاندێکی کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا دەکات



دووشەمە 2019/8/20 د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە (دومینیک ماس) قونسڵی گشتی وڵاتی فەرەنسا.

لەدیدارەکەدا وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی سوپاسی هەڵوێستی بەرگریکارانەی دانەبراوی وڵاتی فەرنسای کرد لە هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی، لە هەمان کات خوشحاڵی خۆی نیشان دا کە لە ماوەی ڕابردوودا وەک وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە کاریان کردووە تایبەت بە بواری پەروەردانی قوتابخانەکانی فەرەنسی لە هەرێمی کوردستان ، بەڵنیشان دا کە لە داهاتووشدا بەردەوام بن لە پشتگیری کردن لە هەماهەنگیەکانی دکتور پشتیوان سادق وەزیری پێشوی پەروەردە و وەزیری ئێستای ئەوقاف و کاروباری ئاینی کرد کە لە ماوەی سێ ساڵی کردنم پشتیوانێکی باشمان بووە پەیوەندی بەردەوامان هەبووەو بە خۆشحاڵیەوە کارەکانمان بە ئەو پەری هەماهەنگیەوە ڕاپەراندووە. گوتیشی من ئێستا هاتووم خوا حافیزیتان لێبکەم وەک وەزیری پێشووی پەروەردە و هیوای سەرکەوتنیشتان بۆ دەخوازین لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

هەروەها قونسلی فەرەنسا گوتیشی بەڵێن دەدەم لە کارە نوێیەکەم کە بەم نزیکانە لە دورگەکانی سێشێن لە خواروو وڵاتی یەمەن وەک بالیۆز دەست بە کار دەبم و بەمە نوێنەری هەرێمی کوردستان و پشتیوانێکی باشی دەستکەوتەکانی هەرێم دەبم.

ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە (ستیڤن ڤایگن) کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد. سەرەتا کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە ئەرکی نوێیدا و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، سوپاسی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەگشتی و وەزارەتی ناوخۆشی بەتایبەتی کرد بۆ هەماهەنگی و هاوکارییان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە هەرێمی کوردستان، هیواشی خواست ئەم هەماهەنگی و هاوکارییانە بەردەوام بن و زیاتریش پەرە بستێنن.

لە بەرامبەریشدا وەزیری ناوخۆ خۆشحاڵیی خۆی بەم دیدارە نیشان دا و سوپاسی گەل و حکوومەتی ئەمەریکاشی کرد بۆ ئەو هاوکارییانەی لە ماوەی شەڕی داعشدا پێشکەش بە هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستانیان کردووە و ڕاشی گەیاند کە هەرێمی کوردستان بە گرینگییەوە دەڕوانێتە پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمەریکا و هیواشی خواست پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بەردەوامبن و سەرجەم بوارەکانیش بگرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە خاتوو (بارباڕا وۆلف) کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دانیشتنێکدا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە وەزیری ناوخۆ بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە ئەرکی تازەیدا و هیوای سەرکەوتن لە کارەکانیدا، ڕەوشی ئەمنی و سیاسی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و پەیوەندی هەردوولا گفتوگۆی لەسەرکرا و کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا خۆشحاڵیی خۆی بە هەماهەنگی و هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ و حکوومەتی هەرێم بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان نیشان دا و ئومێدی خواست ئەم پەیوەندییانە بەردەوام بن و زیاتر پەرە بستێنن.

لە بەرامبەریشدا وەزیری ناوخۆ سوپاسی حکوومەت و گەلی ئەڵمانیای کرد کە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش و بە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە و هیواخواز بوو پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەردەوامبن و لەسەرجەم بوارەکاندا بەرەو پێش بچن، ئامادەیی وەزارەتی ناوخۆ و حکوومەتی هەرێمو ئاسانکارییەک لەم ڕووەوە.

لە میانی دوو مانگی دیکەدا 396 شوقەقە بەسەر کرێنشیناندا دابەش دەکرێت



دانا عەبدولکەریم گوتیشی: "پڕۆژەکە لە ساڵی 2012ەوە دەستیپێکردووە کە کۆی گشتی لە هەرێمی کوردستان نۆ هەزار و 400 شوقەقەیە لە هەرێمەک لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایییەوە پڕۆژەکان وەستابوون، ئێستاش پارە تەرخانکراوە بۆ ئەو شوقەقانەی تەواوکراون تاوەکو خزمەتگوزاریان بۆ دابین دەکرێت و دواتر دابەش دەکرێن".

شوقەقەکان دەکەونە سنووری قەزای دهشتی هەولێر سەربە پاریزگای هەولێر، هەر تاوەری لە سێ نهۆم پێکدێت و لەئێستادا کارەکانی خزمەتگوزاری وەک کارەبا و قیرتاوکردنی کۆڵانەکان ماوە و بڕیارە لە دوو مانگی داهاتوودا کارەکانی تەواو بکرێت و بەسەر کرێنشیناندا دابەش بکرێت.

دروستکراون، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە بابەتی کرێنشینان بۆ ئەوەی بە شێوەی قیست بە خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین بدرێت کە ژمارەیان396 شوقەقەیە".

دانا عەبدولکەریم گوتیشی: "پڕۆژەکە لە ساڵی 2012ەوە دەستیپێکردووە کە کۆی گشتی لە هەرێمی کوردستان نۆ هەزار و 400 شوقەقەیە لە هەرێمەک لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایییەوە پڕۆژەکان وەستابوون، ئێستاش پارە تەرخانکراوە بۆ ئەو شوقەقانەی تەواوکراون تاوەکو خزمەتگوزاریان بۆ دابین دەکرێت و دواتر دابەش دەکرێن".

شوقەقەکان دەکەونە سنووری قەزای دهشتی هەولێر سەربە پاریزگای هەولێر، هەر تاوەری لە سێ نهۆم پێکدێت و لەئێستادا کارەکانی خزمەتگوزاری وەک کارەبا و قیرتاوکردنی کۆڵانەکان ماوە و بڕیارە لە دوو مانگی داهاتوودا کارەکانی تەواو بکرێت و بەسەر کرێنشیناندا دابەش بکرێت.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دانا عەبدولکەریم: "ژمارەیەک شوقەقە لە هەولێر دروستکراون کە لە قۆناغی تەواوبوونداون و کار لەسەر خزمەتگوزارییەکان دەکرێت و هیوادارین نەگاتە دوو مانگی دیکە بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دانا عەبدولکەریم: "ژمارەیەک شوقەقە لە هەولێر دروستکراون کە لە قۆناغی تەواوبوونداون و کار لەسەر خزمەتگوزارییەکان دەکرێت و هیوادارین نەگاتە دوو مانگی دیکە بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت.

دانا عەبدولکەریم گوتیشی بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "ژمارەیەک شوقەقە لە هەولێر دروستکراوە کە لە قۆناغی تەواوبوونداون و کار لەسەر خزمەتگوزارییەکان دەکرێت و هیوادارین نەگاتە دوو مانگی دیکە بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت".

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دانا عەبدولکەریم لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی ئاسۆ گوتی: "ئەم شوقەقانە بۆ خەڵکی کەمدەرامەتەکاندا دابەش دەکەن.

بەڕێسێ لقا 1: ئەم ب ئێکڕێزی و ئێکگرتنێ دێ شێن زال ببین لسەر هەمی بەربەستا



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەڕێسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ ب گەرمی پێشوازیا بەڕێس و کارگێرێن مەڵبەندا دهوک یا حزبا سوشالیستا دیموکراتا کوردستانێ ب مەرەما پیرۆزباهی کرنا 73 سالیا دامەزرانندنا پارتی و ژدایکبونا سەروک بارزانی کرن، دڤێ رێنشتنێ دا بەڕێسێ لقێ گوت " ئەم ب ئێکڕێزی و ئێکگرتنێ دێ شێن زال ببین لسەر هەمی بەربەستا ئەڤ ئێکڕێزیە ژی دێ مە گەهینتە کنارێن ئارام " ، دیسان بەڕێسێ مەلبەندێ دهوک یا حزبا سوشالیستا دیموکراتا کوردستانێ گوت " ژدل و جان پیرۆزباهیا ئێک ئێکە ل کادر و لایەنگرێن پارتی دکەین هەروسا سەروک بارزانی ب هەلکەفتا روژا ژ دایکبونا وی و ئەم خوە ب هەڤال و دوستێن هەوە دزانین".

گەرمیان.. لەمانگی ڕابردوودا 7 تۆن خۆراکی خراپ دەستیان بەسەردا گیراوە

خەبات/ سەبریە یوسف: بەشی چاودێری تەندروستی و سەلامەتی خۆراک لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، لە مانگی ڕابردوودا سەروی 7 تۆن خۆراک و کەرەستەی خراپ و ماوەبەسەرچووی دەستبەسەردا گرتووە.

بەپێی ئامارێکی بەشەکە کەوێنەیەکی بەخەبات دراوە هاتووە" لەمانگی تەموز دا بڕی 7 تۆن و 70 کیلۆگرام خۆراک و کەرەستەی نەشیاو و ماوەبەسەرچوو دەستیان بەسەردا گیراوە و لەناوبراون، لەبەرامبەریشدا بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییە تەندروستیەکانەوە، 16 شوێنکار سزای پێویست دراون بە غەرامەکردن.

ئەوەش خراوەتە ڕوو: بواریکی تری کارەکانی بەشەکە، بریتیە لە پێدانی مۆڵەتی تەندروستی، لەم ڕووەوە و لەماوەی ئەو مانگەدا 112 مۆڵەتی شوێنکار نوێکراونەتەوە و 66 مۆڵەتی نوێ بەخشراون و 16 مۆڵەتیش پوچەڵکراونەتەوە هەروەک 347 ناسنامەی تەندروستی بەخشراون.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/8/21 ژمارە (5811)

لە هەولێر هەڵمەتێک بۆ پاککردنەوەو فڕێدانی پاشماوەی ئاژەڵی قوربانی ئەنجامدەدرێت

هاوواڵاتیان: ئەو کەسانەی کەلەسەر شەقامەکان ئاژەڵیان سەربڕیووە کارێکی قێزەونیان کردووە

بەڕێوەبەری فەرمانگەی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی: دەبووایە ئەو کەسانەی کە لەسەر شەقامەکان ئاژەڵ سەردەبڕن ڕەچاوی پاک و خاوێنی ژینگەیان بکردایە

بەڕێوەبەری شارەوانی شەش: قوربانیکردن خێرێکی گەورەیە، بەمەرجێک پاشماوەی ئاژەڵ فڕێ نەدرێتە بەردەرگا و ژینگە پیس نەکرێ



بەدواداچوونی: سەید فاتیح بەرزنجی

هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان بەو بۆنە پیرۆزە قوربانی دەکەن، بەداخەوە هەندێک لە هاووڵاتیان پاشماوەی ئاژەڵەکان فڕێ دەدەنە ناو گەڕەک و ئاوەڕۆکان و ژینگەی شار تێک دەدەن و بۆنی گەنیوی پاشماوەی ئاژەڵەکان خەڵکی گەڕەکەکان هەراسان دەکات و دەبێتە هۆکاریش بۆ چەندین نەخۆشی بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ژینگە پارێزی و شارەوانی و تەندروستی و ڤێتەرنەری بەهاوکاری قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێرو پۆلیسی شارەوانی سزای ئەو کەسانە بدەن کە پاشماوەی ئاژەڵ فڕێ دەدات ئەگەرچی بەرلەهاتنی جەژنی قوربان لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوەیان لەسەر ئەو بابەتە کردبەڵام بەداخەوە لەچەندین شوێنی جیاجیای شاری هەولێر لاشەی ئاژەڵی مردووو پاشماوەی ئاژەڵ فڕێدرابوو دەربارەی ئەو دیاردە قێزە وونە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئەنجامدا:

فڕێدانی پاشماوەی ئاژەڵ خەڵکی هەراسان کردووە

لەنزیک عەلوەی هەولێر لاشەی چەندین ئاژەڵی مردوو فڕێدرابوو دیمەنی ئەو ناوەی شێواندبوو لەوێ چەند مانگێک هەیەو ئەوانیش لەبۆنی ئەو ئاژەڵە مردووەکان بێزاربوون.

مام کازم بۆ کرپنی شت ومەک هاتبووە عەلوەو لەوبۆنە پیسە هەراسان ببو گوتی: داوا لە پۆلیسی شارەوانی و ژینگە پارێزی دەکەم کە سزای ئەو کەسانە بدات کە پاشماوەی ئاژەڵ فڕێ دەدەنە ئەو شوێنانە

شێرزاد قەساب لە گۆشتگەی هاوچەرخی هەولێر گوتی: ئەوکەسانەی کە نیازی قوربانی کردنیان هەبوو بۆچی نەهاتن لە گۆشتگەی هاوچەرخی هەولێر بەپاک و خاوێنی ئاژەڵەکانیان سەرنابڕن.

مام کەریم گووتی: قوربانی کردن خێرێکی گەورەیە بەڵام بەو مەرجەی کە پاشماوەی ئاژەڵ فڕێ نەدرێتە ناو کوچەو کۆڵانەکان بەداخەوە ئەوەی کە تێبینیمان کرد فڕێ دانی پاشماوەی ئاژەڵ بوو لە ناو شارو دەرەوەی شار ئەو کەسانەی کە خێر دەکەن نابێت پاشماوەی خۆراک فڕێ بدەنە ناو گەڕەکەکانیان.

مام خورشید گوتی:ئەگەر لەنزیک عەلوەی هەولێر بوەستی ئەوا بەچاوی خۆت بۆنی گەنیوی ئاژەڵەکان چۆن هەراسانت ناکات ئەو لاشانە دیمەنی ئەو شوێنانە تێک دەدەن.

هەڵمەتی فڕێدانی ئەو پاشماوانە دەستی پێکرد

شارەوانیەکانی هەولێر هەڵمەتێکی گەورەیان بۆ خاوێنکردنەوەی پاشماوەی ئاژەڵەکان دەست پێکردو توانیان لە چەندین شوێن ئەو پاشماوانە پاک بکەنەوە.

ئەندازیار فەرمان خەلیل بەڕێوەبەری فەرمانگەی خزمەتگوزاری و ژینگە پارێزی هەولێر ڕوونیکردەوە: بەداخەوە ئەو کەسانەی کە قوربانیان کردووە هەرچی پاشماوەی ئاژەڵی قوربانیە فڕێی دەدەن و گوێ بەپاک ڕاگرتنی شار نادەن بۆنی ئەو پاشماوانانە خەڵکی هەراسان دەکات بۆیە بەهاوکاری و هەماهەنگی هەردوو شارەوانی پێنج و شەش هەڵمەتێکی فراوانیان ئەنجامدا بۆ پاککردنەوەی ئەوشوێنانەی کە هاووڵاتیان پاشماوەی ئاژەڵیان فڕێ داوەتە شوێنی گشتی دیارە بۆنی ئەو ئاژەڵە مردووانەو پاشماوەکانی ئاژەڵ کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی هاووڵاتیان و دەبووایە هاووڵاتیان برا قسابەکان لەجیاتی ئەوەی کە لە گۆشتگەی هاوچەرخی هەولێر ئاژەڵەکان سەربڕن لە سەرشەقام و کوچەو کۆڵانەکان ئاژەڵ سەردەبڕن ئەی نازانن دیاردەیەکی قێزەوونەو پیس کردنی ژینگەیە کاری ئێمە خزمەتکردنی هاووڵاتیانەو ئەوانیش دەتوانن هاوکاریمان بکەن بە فڕێ نەدانی پاشماوەی ئاژەڵ بۆئەووەی ژینگە پیس نەبێت

دواتر ئەندازیار شۆڕش عەلی بەڕێوەبەری شارەوانی شەش گوتی: هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز ژمارەیەک لە هاووڵاتیان قوربانی دەکەن و ئاژەڵی گەورەو بچوک بۆ قوربانی دەکڕن و ئامادەی دەکەن بۆ جەژنی قوربان و لە زۆربەی کوچەو کۆڵانەکانی شاری هەولێرئاژەڵ سەردەبڕن و گۆشتەکەی دەکەنە خێر و گوێ بەوە نادەن کە ئەو پاشماوەیە لەکوێ فڕێ دەدەن و ژینگەی شار پیس دەکەن دیارە لەماوەی ئەوچەندرۆژانەی جەژنی قوربانی پیرۆز قوربانیەکی زۆر کراوەوپاشماوەکەش پەرتەوازە بووەو بەشێکیشی فڕێ دراوەتە ناو ئاوەڕۆکان وئەوانەی کە ئەو کارە قێزەوونە بەرپێوەبەری فەرمانگەی خزمەتگوزاری و ژینگە پارێزی هەولێر ڕوونیکردەوە: بەداخەوە ئەو کەسانەی کە قوربانیان کردووە هەرچی پاشماوەی ئاژەڵی قوربانیە فڕێی دەدەن و گوێ بەپاک ڕاگرتنی شار نادەن بۆنی ئەو پاشماوانانە خەڵکی هەراسان دەکات بۆیە بەهاوکاری و هەماهەنگی هەردوو شارەوانی پێنج و شەش هەڵمەتێکی فراوانیان ئەنجامدا بۆ پاککردنەوەی ئەوشوێنانەی کە هاووڵاتیان پاشماوەی ئاژەڵیان فڕێ داوەتە شوێنی گشتی دیارە بۆنی ئەو ئاژەڵە مردووانەو پاشماوەکانی ئاژەڵ کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی هاووڵاتیان و دەبووایە هاووڵاتیان برا قسابەکان لەجیاتی ئەوەی کە لە گۆشتگەی هاوچەرخی هەولێر ئاژەڵەکان سەربڕن لە سەرشەقام و کوچەو کۆڵانەکان ئاژەڵ سەردەبڕن ئەی نازانن دیاردەیەکی قێزەوونەو پیس ووونە دەکەن گوێ بە هیچ جۆرە ڕێنماییەک و عادات و تەقالیدێک نادەن وبۆنی ناخۆشی ئەو پاشماوەیە سەرتاسەری گەڕەکەکان دەگرێتەوەوزیانی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان هەیە بۆئەو مەبەستەش بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان توانرا هەڵمەتێکی گەورە بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لە مین و تەقەمەنی.

ئەم شوانە ژیانی ڕۆژانەی گوندی پێخۆشترە و لەگەڵ خێزانەکەی ڕۆژانە سەرقاڵی پارێزی بکەن و پاشماوەی ئاژەڵە کان فڕێ نەدەنە ناو ئاوەڕۆکان و گۆڕەپانی ناو گەڕەکە کان

دواتر ئەندازیار سرود عەبدوڵمەجید بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر ڕوونیکردەوە: هەر کە جەژنی قوربان هات خەڵکێکی زۆر قوربانی دەکەن بەداخەوە هەندێ لە هاووڵاتیان پاشماوەی ئاژەڵ فڕێ دەدەنە ناو ئاوەڕۆکان بۆیە ئاوەڕۆکان دەگیرێن و چەندین جاریش داوامان لە هاووڵاتیان کردووە کە پاشماوەی ئاژەڵ فڕێ نەدەنە ناو ئاوەڕۆکان و گۆڕەپانی ناو دەتوانن لە ناو گوش یاخودلە ناو حاویە دیبنێن تا کرێکارانی پاککەرەوە دێن بۆ هەڵگرتنی لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە قوربانی کردن بە پاک و خاوێنی بێت و ژینگە پیس نەکەن و ئاژەڵەکانیان لە گۆشتگەی هاوچەرخی هەولێر سەربڕن تەندروستترەو پاکترە و لەوێ پشکنین بۆ ئاژەڵەکان دەکرێت قازانجترە.

چیرۆکی ژیانی شوانێکی خاوەن پێداویستی تایبەت



خەبات: سلێمانی

شوانێکی خاوەن پێداویستی تایبەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی سەرەڕای لەدەستدانی دوو دەست و چاوێکی بە هۆی تەقینەوەی مینەوە، بەڵام لە ژیان دانەبڕاوە و سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕ و بزنە و بۆ خۆی کارەکانی ڕۆژانەی ئەنجام دەدات.

محەمەد فەتاح خدر تەمەن 63ساڵ دانیشتووی گوندێکی ناوچەی بێتواتەیە لە نزیک قەزای ڕانیە (134 کیلۆمەتر باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی)، ئەو کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام ڕێژەی زۆری کەمئەندامییەکەی نەبووەتە ڕێگر لە ژیانی و بۆخۆی کاروباری ڕۆژانەی خۆی ئەنجام دەدات.

محەمەد فەتاح خدر لە منداڵییەوە کاری شوانێتی بۆ ماوەتەوە، وەک خۆی دەڵێت لە تەمەنی 10ساڵییەوە دەستی داوەتە شوانی و لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات و ئەو کارە بووەتە پیشەی سەرەکی کە تا ئێستاش بڕێوی خێزانەکەی لەو ڕێگەیەوە دابین دەکات.

لە ساڵی 1989بە هۆی تەقینەوەی مینێکەوە لە چیایەکی نزیک گوندەکەیان، بەسەختی بریندار بووە و هەردوو دەست و چاوێکی لەدەستداوە و چاوەکەی تریشی بە کزی دەبینێت.

ئەو دەڵێت: ناوچەکەیان بە هۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە (1988-1980) زۆماریەکی زۆر مین و تەقەمەنی تیادا چێنراوە و ڕێککخراوە پەیوەندییدارەکانیش وەک پێویست نەچوون بە هانایانەوە بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لە مین و تەقەمەنی.

ئەم شوانە ژیانی ڕۆژانەی گوندی پێخۆشترە و لەگەڵ خێزانەکەی ڕۆژانە سەرقاڵی بەخێوکردن و لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکەیەتی و زۆربەی زۆری کارەکانیش کە کاری زەحمەت و سەختن بۆ خۆی ئەنجامی دەدات.

محەمەد فەتاح خدر لەو بارەیەوە گوتی: "تائێستا هاوکارییەکی وا نەکراوم و تەنها مووچەیەکی کەمئەندامیم هەیە کە بە سێ مانگ جارێک 150هەزار دینار وەردەگرم، ئەوەش زۆر کەمە و بەشی بژێوی ڕۆژانەمان ناکات، بۆیە خۆمان بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەوە سەرقاڵ کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆمان و کارەکانی ڕۆژانە بۆ خۆم بە ئەنجامی دەگەیەنم.

داواکاری چەند جووتیارێک لەبارەی قەرزی کشتوکاڵەوە

بەرێز/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی تایبەتی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن
بابەت/ قەرزی کشتوکالی

نوسراوتان ژمارە 1221 لە 3/19/ 2018 وێرای دەستخۆشیمان بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکالی کە خۆی لە پلانی پێنج ساڵەی وەزارەتی کشتوکال دەنوێنێ کە پلانێکی سەرکەوتوو بوو بەم هۆیەوە توانرا بە دابین کردنی ئامێر و پێداویستی سەردەم لە بواری کشتوکالدا کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لە دابینکردنی تێرخۆراکی و زیادبوونی ڕێژەی بەرهەم لە ڕێگەی پێدانی قەرزی کشتوکالی .


بەڵام بەداخەوە بەهۆی خەرج نەکردنی شایستەی دارایی جووتیاران لەلایەن حکومەتی ناوەند بۆ ساڵانی 2014 - 2015- 2016 جووتیاران وەک پێویست نەیان توانیوە قەرزی بانکی کشتوکالی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک تا ئەم ڕێکەوتە بدەنەوە بە بانکی کشتوکالی کە ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی سووی بانکی بە نمونە جووتیار هەیە (5000000) پێنج ملیۆن دینار سووی بانکی هاتۆتە سەر و ئەمە بۆ چەندین ساڵە شایستە داراییەکانمان خەرج نەکراوە و بەردەوامە و بەردەوامبوونی ئەم هەنگاوە لەلایەن حکومەتی عێراق ڕێژەی سووی بانکی بەرز دەکاتەوە کە ئەمەش خواستی ئێمە نیە و نیگەرانین.

هەروەها لای بەڕێزتان ڕوون و ئاشکرایە جیاوازییەکی بەرچاوو و ڕوون لە وەرگرتنی بەرهەمەکانمان لەگەل جووتیارانی ناوەراست و خوارووو بەدی دەکرێت و بۆ ئەمالیش لەلایەن حکومەتی ناوەند ڕێژەیەکی کەم لە بەرهەمەکانمان وەرگیرا بۆیە بەناچاری بە نرخێکی کەمتر لە بازر بەرهەمەکانمان ساغ کردۆتەوە.

لە ڕەوانگەی خەم خۆریتان بۆ بەرەوپێشبردنی سێکتەری کشتوکال ئێمە کەلە لیستی هاوپێچ ناومان هاتووە و واژوومان کردووە وەک نوێنەری جووتیارانی سنووری ناوچەکانمان داواکارین لە بەڕێزتان چاوخشاندنەوە بە وەرگرتنەوەی قەرزی کشتوکالی بۆ ئەمسالیش وەک ساڵانی ڕابردوو بکەن و فەرمان بە وەزارەتی دارایی و ئابوری بدەن بە دواخستنی وەرگرتنەوەی قەرزەکە تا ئەوکاتەی ئێمەش شایستە داراییەکانمان بۆ سالانی ڕابردوو وەردەگرین و ئامادەین بە دانەوەی ئەو قەرزەی سالانە دەکەوێتە ئەستۆمان هاوکاریتان ...

لەگەل ڕێزماندا.

جووتیار /عدنان نوردین کەریم
نوێنەری جووتیاران



شڤان غازی

رول و کاریگەریێ نێچیرڤان بارزانی بەرامبەر ئافرەتێن کوردستانێ

هەر چەندە د میژویێ دا ئافرەتا کورد رولەک ئەکتیڤ هەبویە ل وا هەمی نەهامەتییێن هاتینە سەرێ مللەتێ مە ، بگرە ژ شورەشێن ئێک لدویف ئێک یێن کوردستانێ هەمی میژووناسێن کورد و یێن بیانی باس ژ خوراگری و قارەمانیا ئافرەتا کوردستانێ کریە و ئافرەتا مە قوربانییێن مەزن دایە بەرهەمێ وانایە شان ب شانێ برا و بابێن خو گەهشتینە ڤێ قوناغێ. ئەم دێ بەحسی پشتی قوناغا سەرهلدانێ کەین ئانکو ل سالێن نووتا هەتا ئەڤرو ، پێش هەر تشتەکی ئەم مللەتێ کوردستانێ هەمی کەفتبینە بن کارتێکرنا عشائیری ژ بەر تیتالێن خو مە هەمی رێک ل ئافرەتا خو گرتبون، ژ ئالیەکی دیڤە ئەم تازە ژ وان شەڕێن نەخازیار یێن مللەتێ مە و ئەو زولما بەعسیا لمە کرین دەرکەفت بوین، ئەم ل ژیانێ دا زور ڤەمایی بووین دگەل وەلاتێن جیهانێ چونکی پولاینی ژی خو ژبەر ڤان دەردەسەریا نەدگرت و مللەتێ مە خو راگرت. ل ڤێرەدا ئافرەتا مە ژبلی ئەم ل ژیانێ ڤەمایی بووین و ئافرەت دگەل ژیانا مە دا یا ڤەمایی بوو و ل کومەلگەهێ ژی چ هەژمار بو نەتاتە کرن. ژمارەکا زورا کێم خو ژ ڤێ چەندێ قورتال کربوو و خو ئینابوونە پێش لێ ئەوژی توشی زور زور ئاستەنگا دهاتن ژبەر ڤەمانا مە ل ژیانێ دا زور جاران خێزانێن وان ئافرەتان ژی دکەفتە بن فشارا داب و نەریتان زور ژوان دگەهشتنە وی ئاستی نێزیک دبوون بەرەف ژ دەست دانا مەرگی. ب بریارەکا بوێرانە نێچیرڤان بارزانی هاتە سەر خەتی و بریارا مافێ ئافرەتێ دەرێخست ب رێکێن یاسایی، دیسان ئافرەتا مە بو بەرگری ژ مافێن خو یێن ردوا توشی دەردەسەری و کێشێن هەمەرەنگ دهاتن، دیسان نێچیرڤان بارزانی بریارەک بوێرانەتر دا و بریارا نەهێلا توند و توژی دژی ئافرەتان دەرێخست، ئەف خالێن بهێز وەکر ئیدی ئافرەت ژی بزانن دێ چەوا مل ب ملێ زەلامان کار کەن و هاتنە مەیدانا خەباتێ ئەگەر بەرێ خو بدەینێ ئافرەت ب رەنگەک بەرچاڤ هاتنە پێش و کەفتە د کاری دا ل هەمی بواران دا، دیسان نێچیرڤان بارزانی ب هزرا خو بریارەک گرنگ تر دەرێخست بو هاندانا ئافرەتان رێژەک دا ئافرەتان ئێکەم جار دناف پارتا خودا پارتی دێموکراتی کوردستان و ل پەرلەمان و حکومەتێ ژی هەمان بریار دەرهەقێ ئافرەتان دەرێخست کو ئافرەت ب رێژە و کرە مەرج سی ژ سەدێ پشکداربن ژ هەر کارەکی دیسان بو ئەگەر هندێ جهێ ئافرەتێ ڤەبێتن، دیسان بو پشت گەرمیان ئافرەتان کو ئیدی رێک ل هەمبەری وان نەهێنە گرتن چەندین بریارێن توند تر دەرێخستن دناف حکومەتێ کو هەرکەسێ ببیتە رێگر بو ئافرەتێ ب توندترین شێواز بهێتە تاوانبار کرن ، دیسان سەروکێ هەرێمێ ب سەدان رێکخراوێن ناحکومی دامەزراندن بو بەرگری کرنا مافێ ئافرەتان چەندین دەرگایێن رەوشەنبیریا خێزانی دامەزراندن بو بەرگری کرن ژ مافێ ئافرەتان و رولەکێ ئەکتیڤ و بەرچاڤ گێران و زور جارا رژیانە سەر جادان و بونە ئەگەر کو ئافرەت توشی نەهامەتییێن مەزنتر نەبیتن. بریارەکا گرنگ تر دەربارەی (غسل العار) کو ئیدی ئافرەت لسەر کارێن بێ بنەما نەهێنە کوشتن و ب هێجەتێن نە باوەرپێکری سەدان ئافرەت لسەر بێ بەختی هاتنە کوشتن ئەڤێ بریارێ ژی رێک ل هەمبەر نەفاما گرت و پێشکەفتنەک باش بخوڤە هاتە دیتن و رێژا کوشتنێ زور کێم بوویە ، ل هەمی زیندانێن ئافرەتان رێڤەبەریەکا چاکسازی هاتنە دانان کو ئەو ئافرەتێن ب خشیمیا خو خێزانا خو توشی ئاریشەیان ئیناین چەوا بزڤرن ناف خێزانێن خو و ب چ رەنگ سەردەریێ بکەن. ئەڤرو ئافرەتا کوردستانێ خودانێ بهێزترین پێگەهە مینا ئافرەتێن جیهانێ و وەلاتێن پێشکەفتی ل هەمی بواران دا سیاسی ئیداری وەرزشی کومەلایەتی لەشکەری دناف خێزانێ دا ... هتد. ئەف هەمی خالێن بەرچاڤ یێن نێچیرڤان بارزانی بوون و زور خالێن دیتر ب کتێبا بنڤیسی بدیاهیک ناهێن تاکو ئافرەت گەهشتە ڤێ قوناغێ. ئافرەت ل کورستانێ بگرە ژ بچیکترین دەزگەهێ کوردستانێ تا دگەهیتە بەرزترین جهێن دەستهەلاتێ کار دکەن، ئافرەت بووینە سەرکردە دناف پارتێن خودا و هەتا دگەهیتە مەزنترین دەزگایێن حکومەتێ تایبەتێ پارتێن دەستهەلاتدار گرنگی ب پێگەها ئافرەتێ داینە و دەستێن وان گرتیە و بوویەنە رێ خوشکەر بو سەرکەفتنا وان. ئەو سەروکێن نوکە بوویەنە سەروکێن هەرێمێ و سەروکێ حکومەتێ و پەرلەمانی متمانە ب وانا هاتیە دان تایبەتی سەروکێ هەرێمێ کو ئافرەت گەهاندیە ڤان ئاستێن بهێز بخو متمانا ئافرەتەکا سەرکەفتی ژلایێ دکتورە ڤالا فەرید وەرگرتیە ئەڤە مەزنترین دەستکەفتە کو ئافرەتێن کوردستانێ شانازیێ پێ بکەن ب پشتەڤانیا نێچیرڤان بارزانی بدەستە هاتیە. ل سەدان مەراسیمێن فەرمی یێن ئافرەتان کو نێچیرڤان بارزانی سەروکێ حکومەتێ بو بەشداری کریە. بەردەوام گوهدانا ئافرەتان کریە هەول دایە ببیتە رێ خوشکەر بو وان و ئاریشێن وان چارەسەر بکەتن. ل زۆر مەراسیما خێزانا خو دگەل خو شان ب شان بەرهەڤ دکر ، نێچیرڤان بارزانی بو ئێکەم سەرکردە وێنێت خێزانا خو بەلاڤکر و ب تشتەکێ ئاسایی دانا وەکر ئیدی ئەوێن زور هزرێ بخو دکەن بگەهنە وی ئاستێ رەوشەنبیریا بەرز یا جهنابێ وی هەی وانا ژێ وەربگرن. ئافرەتا کوردستانێ نوکە زور ب ئازادانە دژیت ئافرەت شوفێرن خودان کومپانی نە خودان کارێن تایبەتن نوژدارن ئەندازیارن کرێکارن پێشمەرگەنە هتد. خێزان هەر ئەو خێزانن لێ ئاستێ رەوشەنبیریا خێزانی بەرەف پێشڤە چوویە تایبەتی ل پارێزگەهان و وێ پێشکەفتنێ هێدی هێدی مفا گەهاندیە باژوروکێن کوردستانێ ، نێچیرڤان بارزانی بو فەرمان ب هەمی کەنالێن راگەهاندنێ ددا چاڤدێر بن و ب سەدان بەلاڤوکا کار بو ڤێ چەندێ کریە لسەر مافێ ئافرەتان و پێشکەفتنەک باش بخوڤە دیت، دڤێت ئافرەتا کوردستانێ د وێ باوەرا مەزن دابیتن ئەو پێشکەفتنا هاتیە دیتن دەولەت سەرۆکێ سەروکێ هەرێمێ بوویە خودایێ مەزن پشتەڤانێ وی بیتن، نێچیرڤان بارزانی دڤی کاری دا سەرکەفت و بو ئەگەرێ ڤێ پێشکەفتنێ مینا گەلەک کارێن دی کو سەرکەفتن بدەست خوڤە ئینایی و بوویە جهێ متمانا خەلکێ کوردستانێ.

ژیان مۆبیرگ: بەڕێکەوت نواندنم کرد، بەڵام پێدەچێ پانتاییەکی گەورە بە هونەرم بدەم لە ژیانمدا



ساسان دەروێش/ لەندەن

کورتە فیلمی سینەمایی کوردی بەناونیشانی (لێت ئەگەڕێم بڕۆیت) لە دەرهێنەری کورد، سۆران سۆرانی و پاڵەوانێتی کچە کورد (ژیان مۆبیرگ) بۆ یەکەمجار لە یەکێک لە هۆڵە سینەما بەناوبانگەکانی باکوری شاری لەندەن پایتەختی بەریتانیا بۆ بەشێک لە هونەرمەندان نمایشکرا و کەسایەتی ڕۆشنبیر و سیاسی و بیانی بینیان و سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان و دەستخۆشیان ڕاستەخۆ ئاراستەی ستافی فیلمەکە کرد.



ناوەڕۆکی چیرۆکی فیلمەکە تێروانینێکی مۆدیرنانەیە لە ئەندێشەی سۆزگەری گەڕانی عاشقەکان بە دوای مەعشوقەکان و گەیشتن بە یەک، دواتر ون بوون کۆتایی دەبێت و هەروەها دەست و پەنجە دەخاتە قسۆڵایی ناخی بینەر بە تایبەتی ئەو کەسانەی لە واتای لە دەستدانی ئازیزانیان تێدەگەن و هەمیشە وێنن بەدوای یاد و بیرەوەریەکانیان و خۆشەویستیان لەبیرناکەن، بە تایبەتی مێرد و منداڵ وبرا و خوشک و باوک ودایک کە هەموویان بە پلەی یەکەم دێن ودواتر کەسوکار و هاوڕێکانیان.

ناوەڕۆکی فیلمەکە

فیلمەکە فیلمێکی بێ دەنگە و پشتی بە زمانی ئیشارەت، دەم و چاو و زمانی جەستە و موزیک بەستووە و هەروەها زمانی سیمبول ڕۆڵێکی گەورەی تیدا دەگێڕێت. بۆ یەکەمجاریش وەک کارەکتەر و ئەستیرەیەک ژیان مۆبیرگ دەردەکەوێت و ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا بەرجەستە دەکات لەگەڵ بۆکان سەروەر کە توانیان کاری نواندنیان بە سەرکەوتوویی بەرجەستە بکەن. بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم فیلمە و ڕۆڵی ژیان مۆبیرگ بۆ خەبات هێنامانە دوان.

*** سەرەتا ئەگەر گوزەرێک بەنێو ژیانی ڕابردووی خۆتابکەی لە وێستگەکانی چۆن خۆتمان پێ ناشنا دەکەیت؟**

ـ ناوم ژیان عەلی محەمەد کەریمە و ئەو ناز ناوەم لە هاوژینەکەم وەرگرتووە "مۆبیرگ"، خەڵکی شاری سلێمانیم و خاوەنی شەش خوشک و دوو برام. دەرچووی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی بەشی هونەرە جوانەکانم سااڵی 1989 .لە سااڵی 1994کوردستانم بەرەو وڵاتی دانیمارک جێهێشت. 23ساڵ لەوێ ژیام کاری مامۆستایی و ڕاگەیاندن و نمایشی جلوبەرگ و کاری پێشکەشکردن بۆ ئاهەنگەکانی کوردی و عەرەبیم کردووە لە کۆڕنەهاگن و کۆمپانیای خۆمم هەبووە بۆ ڕاوێژکاری و وەرگێڕان و لێپرسراوی ئەو گەنجانە بووم کە لەخوار 18 ساڵەوە دەرمانی خراپیان دەخوارد لەو بارەیەوە بڕاوانامەم هەیە. ئەوە بۆ ماوەی سااڵ و مانگێک دەبێت لە لەندەن دەژیم بە هۆکاری جیابوونەوەم لە هاوژینەکەم کە دانیمارکی بوو خاوەنی سێ کورم لێی و هەڵبژاردنی لەندەنیش بۆ من بۆ دیاریکردنی کەسایەتی خۆم بووکە چەند بڕوام بە خۆم هەیە تا تواناکانم زیاتر دەربخەم کە لەندەن وڵاتێکە وەک دەریا پڕ لە ئیش و زانیاریە و دەرفەتێکی باشە کە خۆمی تیا بدۆزمەوە ، بەنیازیشم لەم نزیکانە کۆمپانیای خۆمم هەبێت بە هاوکاری کەسێکی دڵسۆز بۆ ڕاوێژکاری وخزمەتکردنی مرۆڤایەتی.

*** تەنیایی فێری چیکردی وچی لێوەرگرتیەوە؟**

ـ فێری ئەوەی کردم کە چۆن کەسایەتی خۆم بپارێزم لە ژینگەیەکی نامۆ، بەوەیکە بڕوام بەخۆم هەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشەی تەنیایی کە مەملەکەتەکەی خۆم بەڕێوە ببەم بێ ئەوەی پشت بە هیچ کەسێک ببەستم و فێری کردم کە ڕێچەکەی هونەر بگرمە بەر و دەرفەتم بۆ بڕەخسێنێ بۆ خوێندنەوە و نووسین و دەوڵەمەندکردنی هزرم و تێروانینم بۆ دەوروبەرم، ئەوەی لێیان بردبووم هەموویانم دۆزیەوە، تەنها دووری کوردستان و کەسوکارمە کە هەمیشە بیریان دەکەم و خۆشم دەوێن لەگەڵ کوردستان.

*** چۆن بوو هەنگاوت نایە جیهانی هونەرکە هیچ ئامادەکارییەکت بۆی نەبوو؟**

ـ ڕاستە بە ڕێکەوت هونەری نواندنم کرد، بەڵام پێدەچێ پانتاییەکی گەورە لە هونەرمدا بدەم لە داهاتوودا بەڵام ئێستا هەوڵ ئەدەم هەموو ژیانی خۆم بکەمە سیناریۆیەک و ئامادەی بکەم بۆ فیلمێک و چەند خەڵاتێکی پێ وەرگرم. من بەو ئومێدەوە دەڕوانمە ژیان بۆ خۆم و دەوروبەرەکەم بەڵام تکادەکەم لەهەندێک کەسان نەبنە کۆسپ نەک لەڕێگەی من بەڵکو لە ڕێگەی هەموو ئافرەتێکی کورد کە بیەوێت هێز وتوانای خۆی دەربخات، مەیڕوخێنن ودەستی بگرن بەرەوسەرکەوتن کە ئافرەت نموونەیەکی جوانی خوا و ژیانە.


*** دوا وتەوکاری داهاتووتان چی دەبێت؟**

ـ من سوپاسی جەنابتان دەکەم بەردەوامە و لە ئێستا هەوڵ دەدەم هەموو ژیانی خۆم بکەمە سیناریۆیەک و ئامادەی بکەم بۆ فیلمێک و چەند خەڵاتێکی پێ وەرگرم. من بەو ئومێدەوە دەڕوانمە ژیان بۆ خۆم و دەوروبەرەکەم بەڵام تکادەکەم لەهەندێک کەسان نەبنە کۆسپ نەک لەڕێگەی من بەڵکو لە ڕێگەی هەموو ئافرەتێکی کورد کە بیەوێت هێز وتوانای خۆی دەربخات، مەیڕوخێنن ودەستی بگرن بەرەوسەرکەوتن کە ئافرەت نموونەیەکی جوانی خوا و ژیانە.

*** دوا وتەوکاری داهاتووتان چی دەبێت؟**

ـ من سوپاسی جەنابتان دەکەم بەردەوامە و لە ئێستا هەوڵ دەدەم هەموو ژیانی خۆم بکەمە سیناریۆیەک و ئامادەی بکەم بۆ فیلمێک و چەند خەڵاتێکی پێ وەرگرم. من بەو ئومێدەوە دەڕوانمە ژیان بۆ خۆم و دەوروبەرەکەم بەڵام تکادەکەم لەهەندێک کەسان نەبنە کۆسپ نەک لەڕێگەی من بەڵکو لە ڕێگەی هەموو ئافرەتێکی کورد کە بیەوێت هێز وتوانای خۆی دەربخات، مەیڕوخێنن ودەستی بگرن بەرەوسەرکەوتن کە ئافرەت نموونەیەکی جوانی خوا و ژیانە.

شێرپەنجەی منداڵدان باوترین نەخۆشی ئافرەتانە



ئا/ وریشە عومەر

ڕۆشنبیری لە جۆری نەخۆشی ڕێگەیەکی دروستی خۆپاراستنە بە تایبەت ئافرەتان کە پێویستە پاش تێپەڕبوون لە 35ساڵی زۆر بە وریاییەوە چاودێری تەندروستی خۆیان بکەن بەوەیکە بە هۆی منداڵبوون و لەدەستدانی توانا کان لە تەمەنێکی زووتر تووشی نەخۆشی بەتایبەت لە کۆتەندامی منداڵبوون دەبنەوە.

دکتۆرە سومەیە عەتا لەسەر شێرپەنجەی منداڵدان کە لە جۆرە باوەکانی شێرپەنجەیە دەڵێت: کەمکردنەوەی کێش، وەرزش کردن، ئاگاداری شیرینی و سوێری واتا شەکرە و گوشاری خوێن باشترین شێوازی خۆپاراستنن لە شێرپەنجەی منداڵدان لە ئافرەتاندا لە تەمەنە جیاجیاکان کە تووشی زۆر نەخۆشی ژنانە دەبن و باوترینیان نەخۆشی شێرپەنجەی منداڵدانە.

دەربارەی ئەم نەخۆشییە دکتۆرە سومەیە عەتا نەقشبەندی پسپۆڕی چاودێری دووگیانی و نەزۆکی و نەشتەرگەری بەم جۆرە زانیاری زیاتر لە نەخۆشییەکە، خۆپاراستن و چارەسەریەکانی دەکات: شێرپەنجەی منداڵدان واتا (ڕەحم)، جۆرە نەخۆشییەکی باوە کە لەخانەکانی دیواری ناو منداڵدان لەدوای تەمەنی 50بۆ 60ساڵی دروست دەبێت. جۆرێکی دیکەی هەیە کە لە نێو ماسولکەی ڕەحم یان خانەی تری منداڵدان دروست دەبێت کە ئەم جۆرەیان زۆر دەگمەنە و زیاتر لە گەنجاندا ڕووەدەات.

هۆکارەکانی توشبوون

دەربارەی هۆکارەکانی توشبوون ئەو پسپۆڕە گوتی: هۆکاری دروستبونی زۆرکات نادیارە، بەڵام چەند شتێک هۆکارە بۆ دروستبونی وەک:ی زیادبوونی هورمۆنی ژن واتا ئیسترۆجین، زیادبوونی کێش واتا قەڵەوی، نەزۆکی، بەکارهێنانی هۆرمۆن "ئیسترۆجین" یان وەک تامۆکسفین، بەکارهێنانی تیشک بۆ بەشی منداڵدان.

نیشانەکانی

دەربارەی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە دەڵێت: سوڕی مانگانەی زۆر، نارێکی لە عادە واتا خوێن لە ناوراستی سوڕی مانگانە، خوێن دوایی جوتبوون، ئازار و قورسی لە میزکردندا، یان ئازار لە کاتی جوتبوون، هەندیکجاریش قورسی نێو لەش. ئەمانە نیشانە دیارەکانی ئەو نەخۆشییەن.

دیاریکردنی نەخۆشییەکە

ئەوپسپۆڕەی نەخۆشییەکانی ژنان دەربارەی دیاریکردنی نەخۆشیەکە دەڵێت: پشکنینی تایبەت لای دکتۆری پسپۆڕی ئافرەتان، بە بینین و پشکنینی دامێن و وەرگرتنی نمونە لە خانەکانی نێو منداڵدان زۆرکات بەبێ بەنج وەک "باب سمیر" یان "کورتاج" لەژێر بەنج بۆ وەرگرتنی بەشێک لەو نەخۆشییە و دیاریکردنی قۆناغی نەخۆشییەکە بۆ چارەسەرکردن، زۆرکات سۆنەری تایبەت بە دامێن و نازۆری نێو منداڵدان دەکرێت بۆ دیاریکردنی نەخۆشییەکە. تیشک بۆ سنگ و تیشکی تایبەتی منداڵدان و سک، دواتر PET scanبۆ دیاریکردنی قۆناغی نەخۆشیەکە و بڵاوبوونەوەی لە جەستەدا. بەم شێوانە ئەو نەخۆشییە دیاری دەکرێت.



خۆپاراستن

دکتۆرە سومەیە دەربارەی خۆپاراستن لەو نەخۆشییەی بەمشێوەیە زانیاری دەدات: کەمکردنەوەی کێش، وەرزش کردن، ئاگاداری شیرینی و سوێری واتا شەکرە و گوشاری خوێن، ئاگاداری چارەسەری هۆرمۆنی کە بەمجۆرە دەکرێت خۆت لەو نەخۆشیە بپارێزیت. لەدووماهیدا دەربارەی چارەسەریەکان دەڵێت: نەشتەگەری بە دەرهێنانی منداڵدان و هێلکەدان و بۆڕی منداڵدان و هەندێکجار لیمفە گرێکان، چارەسەری کیمیاوی و چارەسەر بەتیشک؟ و چارەسەری بە هۆرمۆنی برۆجسترون.

پارتی دیموکراتی کوردستان 73 ساڵ تێکۆشان و پایەداری

د. خالیدە خەلیل*

کاتێک تەمەنی هەر حزبێک دەبێتە (73) ساڵ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو حزبە مێژوویێکی هەیەو رەگی لە قوڵایی داکوتاوەو خەڵکێکی دڵسۆزی خۆی هەیە کار دەکات لەپێناو بەردەوامبوونی، کەواتە ئەو حزبە نوێنەرایەتی و ئەرکی بەدیهاتنی خەونی نەتەوەیەک بگرێتە ئەستۆی خۆی و ئالای رزگاریخوازی مرۆڤایەتی هەڵگرتبێت، کە سەر بە هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهانە.

حزبێک، خەباتی لە شاخ و پێدەشتەکان کردبێت، لە شارو گوندەکان، بە رۆژ و بە شەو، بەوپێیەی یادەوەری هەزاران تێکۆشەری هەڵگرتووە، ئەوانەی خوێنی خۆیان کردە قوربانی بۆ بەرگریکردن لە دواڕۆژی نەوەکانیان و تا ئەو حزبە بوو بە (پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە لە سەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوە، ئەو دەنگی کوردستانە، چونکە دامەزرێنەر بە لێهاتوویی سیاسییەکەی و سەرکردایەتییە تێکۆشەرەکەی توانی دۆستایەتیگەلێک لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان پەیدا بکات. سەرباری حزبە شۆڕشگێڕەکانی شوێنە جیاجیاکانی سەر رووی زەوی، بنەماکانی پارتی، بۆ پایەداری کەسێتی نەبووە، یان دەستکەوتێکی عەشایەری وەک دۆزمنانی پڕوپاگەندەیان لە دوو دەکرد، بەڵکو گوزارشتکردن بوو لەسەر خۆشهیوایی گەلێک تا گەیشتن بە دوایین کاروانی پایەداری، سالیادی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە 16ی ئابی 1946 دامەزراوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ سالیادی سەرۆکی هێژا جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی.

دەیان ساڵە، حزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامە لەسەر هەموو ئاستەکان، سیاسیی و فکری و بەرگری بە شێوەیەک لە بەرایی بەرپەرچدانەوەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان بووە لە مێژوی عیراق، کە مافی کوردستانیان پێشێل کردووە. لە بیستەکانی سەدەی رابردوو تا کاتی ئێستا. لێردا پێویستە ئاماژە بە تێکۆشانی کورد بکەین لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلول ساڵی 1961 لەگەڵ شۆڕشی پێشکەوتووخوازی گوڵان ساڵی 1976 تا بە سەرهەڵدانە شکۆدارەکەی ئازاری 1991 رادەگات سەرباری ئەوەش، کە ئەمڕۆ حزب لە پێناویدا هەوڵ دەدات. بۆ ئەم مەبەستەش نەوەی نوێ لە پاڵییەتی و قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و لە هەموو رووێکەوە تێدەکۆشێت رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئامادەیی سیاسیی کاراشی هەیە لە ژیانی کوردستان دا، پارتی خۆی خستووەتە بەردەم بەرپرسێتی مێژوویی، کە لە پێناویدا تێکۆشاوە. واتە خۆی بۆ یەک لە گرنگترین رووبەڕووبوونەوەکان ئامادە کردووە، کە نەک تەنها بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ ناوچەکە بەتەواوەتی، کە ئەویش قۆناغی داعش 2014 کە لە چەندین لایەنەوە لە دژی جەنگا لەوانە سەربازی و سیاسیی و پێشوازیکردن لە ئاوارە و دەربەدەرەکانی بن دەستی داعش. ئەمانە هەموو لە ئارادابوون لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لەژێر ئابلوقەی ئابووریدا بوو، کە لەلایەن حکوومەتی فیدرالی سەپێندرابوو، لە کوتاییدا بە لێزانی سەرکردایەتی تێپەڕێنرا، بێگومان ئەوەش، کە حکوومەتی بەرێوە دەبرد لە سەرووی هەموویانەوە مسعود بارزانی بوو، کە مافی هەموو پێکهاتەکان پارێزراو بوو، کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون بەتایبەتی چاودێریکردنی ئێزیدیەکان و کۆکردنەوەیان لە شوێنێکی دڵنیای دوور لە دەستی داعشی تاونکار، هەروەها کردنەوەی وەرشەی کارو خول و کۆنگرەی تایبەت بۆ چاکردنەوەی دەرچووانی بن دەستی داعش تا بەنە ئامرازی کارا بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنانی دواڕۆژی کوردستان، جا دانانی پەرلەمانی کوردستان بەوەی، کە بەسەر ئێزیدییەکان هاتووە بریتی بووە لە کۆکۆژی و کارکردن لە پێناو ئەوەی ئەو کۆکۆژییە بە هەموو دنیا بناسێنێت لەپێناو دابینکردنی مافی ئەو پێکهاتە دێرینەی کورد، تا جارێکی تر ئەوە روونەداتەوە، کە بە درێژایی مێژوو بەسەریان هاتووە.


زیاتر لە 73ساڵە، نووسەر سەری سوڕدەمێنێ لە کۆبوونە دەست پێ بەکات، بۆ باسکردنی وێستگەکانی تێکۆشان، کە زۆر مەزنن، یان ئەوەی پێدا تێپەڕبووە، پێویستە بە کتێبێکی زۆر



دەکات لەسەر دابنرێت، بە شێوەیەک مێژوونووسان خۆیان بۆ تەرخان بکەن، چونکە دەستکەوتی میللەت و ناونیشانی پایەدارین، کە نەوەکانی داهاتوو ماوەیەکی درێژ لە ئاستیاندا دادەمێنن. پیرۆزبایی لە سالیادی پارتی و دامەزرێنەرەکەی مەلا مستەفا بارزانی.. کە چ کاتێک ناوی سەرکردە جیهانییەکان بێت ناوی ویش دێت. بەرزو بڵند بێت یادی شەهیدانی سەربەرز، ئەوانەی شاخ و ئەشکەوتەکانی کوردستان دەیانناسن، ئەوانەی تا دوا هەناسە شەپان کردووە بۆ بەرگریکردن لە مافی کەسوکاریان، وەک تۆڵەیەکیش بێت بۆ قوربانیانی ئەنفال و بۆمبە کیمیاوییەکانی کۆکۆژی. سڵاوێکی گەرمیش بۆ پێشمەرگە، بۆ ئەو پیاوانەی هەرێم بە هۆی شەونخونی ئەوان لە ئارامیدایە، سڵاو لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە وای لە هەرێم کرد لە ناوچەیەکی هەژار بێتە هێزێکی ئابووری و زانستی و پرشنگدار لە رووی تەندروستی و گەشتوگوزارەوە. هەموو ساڵێک پارتی دیموکراتی کوردستان هیوامانە، هەر بۆ خۆشی چاوەڕوانی دروستکردنی ژیان و دواڕۆژێکی درەوشاوەی لێ دەکرێت بۆ سەرتاسەری کوردستان بە گشتی، واتە بۆ خۆی ئەو داوەیە، کە دوڕو لەعەلە پەرشوبڵاوەکان لە هەر چوار پارچەکەی لە دەوری خۆیدا کۆدەکاتەوە.

*** د. خالیدە ئەندامی پەرلەمانی عیراق و ئەندامی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی



سوورە مەرگەیی

16ی ئاب رێکەوتێکی مێژوویی و دەگمەن

دەبێ رێکەوت بێ یان خەباتی رزگاریی نیشتیمانی وای خواستووە کە 16ی ئابی 1946 ببێتە رۆژی دامەزراندنی پارتی و لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی؟!

خۆ ئەگەر رێکەوت بووبێ رێکەوتێکی مێژوویی و دەگمەنە، پارتێک لەو رۆژەدا دابمەزرێ و رابەرێک لە هەمان رۆژدا لەدایک ببێ و وەرچەرخانێکی مێژووی لە خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیەکی ژێردەستەدا دروست بکەن، ئەگەر خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیش وای خواستبێ، دووبارە رووداوێکی دەگمەنە و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

گرنگی ئەو دوو رووداوە مێژووییە لە یەک رۆژدا تەنها لەوەدا نییە کە حزبێک دامەزراوە و سەرۆک و رابەرێک لەدایکبووە، گرنگی ئەو دوو رووداوە لە گۆڕینی رێڕەوی مێژوودایە، ئەوەش پێویستی بە بەدواداچوونە و چی وایکردووە ئەو دوو رووداوە لە یەک رۆژ و یەک ساڵدا رووبدەن و توانای گۆڕینی ئاڕاستەی مێژوویان هەبێ؟

پارتی لەسەر دەستی رابەر و پێشەوای کورد بارزانیی نەمر دامەزراوە، ئەوەش وایکردووە پارتی ببێتە قوتابخانەی بووژانەوەی هزر و بیری نەتەوەیی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە جوغزی ناوچەگەرایی دەربێنێ و رەونەقی کوردایەتی پێ ببەخشێ، سەرۆک بارزانیش وەک کوڕی بارزانیی نەمر دووجار کەوتە ژێر کاریگەری ئەو هزر و بیرە نەتەوەییەی بارزانیی نەمر، جارێک وەک بۆ ماوەیی کە کوڕی بارزانیی نەمرە و جارێکیش وەک پەروەردە و راهێنان لەسەر ئەو هزر و بیرە نەتەوەییەی کە بارزانیی نەمر بنەمای چارەسەری کێشەی کوردی لەسەر هەڵچنی بوو، کەواتە بارزانیی نەمر لە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی ئێستا و رابردووی سەرۆک بارزانی و هەموو ئەو دەستکەوت و گۆڕانکارییانەی بە رابەرایەتی ئەو و ئاراستە کردنی پارتی لە خەباتی رزگاریخوازیی کورد رووباندەاوە و هاتوونەدی، پشکی شێر بەر بارزانیی نەمر دەکەوێ و لە داهاتووشدا هەرچی دەست بکەوێ و بێتەدی هی ئەو و رێبازەکەیەتی.

چەوا پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە ئاڤاکرن



نەوزاد زادە حسێن

ب هەلکەفتا سالیا دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان من ب فەرزانی ڤەکولیینەکا زانستی لسەر چەوانیا دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان دیاربکەم، ژ ئەنجامێ ئەزمونا گەلێن ئازادیخوازێن جیهانێ ب گشتی و ب تایبەتی ژ ئەنجامێ ئەزمونا دەولەمەندا پڕ ژ هەڤراز و نشیڤێن نەتەوا کورد یا دابەشکری و ماف ژێ هاتین دەست بسەرداگرتن، بەلێ خوراگری و دەستبەردانەبوون ژ خەبات و تێکوشینێ و راپەرین.

شۆڕش و قوربانیدانا بەردەوام پێخەمەت ڕزگاریێ و سەربەستیێ دا، بارزانیێ نەمر، گەهشتە وێ باوەریێ، کو ژ بۆ کومکرنا مروڤێ ئازا و ب جەرگ و گیان لسەر دەست هەلگرتنا چەکی و بەرپاکرنا شۆڕشێ و لڤینا چەکداری ل دژی دوژمنێن داگیرکەر و هوقانە (ئەگەر مەحال ژی نەبیت) ئەڤە زۆر زەحمەتە ل ڤی بارودوخێ ناوچەیی و نیڤ دەولەتییێ ناهەموار، کولسەر گەلێ مەدا هاتینە سەپاندن و ئەم کورد ب ڕێخستنەکا ڕامیاری و شۆڕشگێری بگەهینە ئارمانجێن مە بێن پیرۆز. لبەر وێ ئێکێ ل دەسپێکێ، ل دیف کو باژێرێ (ناسرێ) ل باشوریّ عیراقێ ب دورکری و دەستبەسەری ڕێ ب بارزانیێ نەمر هاتە دان کو بهێتە باژێرێ سلێمانیێ، ئەو بوو ل وێ دەڤەرێ کەشکەکێ گونجای بو هاتە دەستەبەرکرن، داکو ژ ڕێخستنێن ڕامیاریێن وی سەردەمی بێن کوردستانێ و کەسایەتییێن نشیتمانپەروەرێن شۆڕشگێڕو دلسوزێن کوردپەروەر نزیک ببیت و تێکەلیان دگەل وانادا پشتەڤانیێ و گەهاندنا دەنگێ شۆڕشێ ب جەماوەری و باژێر و گوندێن، کوردستانێ ب تایبەتی و عیراقێ ب گشتی.

بارزانیی نەمر و هەڤسۆزێن خۆ ژلایێ ڕژیما پاشایەتییێ یا بەغدا ل وی سەردەمی ب هەڤکاری دگەل ئینگلیزا، ب تومەتا دژی ڕژیمێ و شێواندنا ئاسایشا گشتی هاتنە تومەتبارکرن، ل سالا 1945 وەزارەتا (حەمدی پاچەچی) بۆ ژناڤبرنا بارزانیی و شۆڕشێ بریارا گرتنێ بو بارزانی و هەڤالێن وی هاتە دەرکرن، بڤێ چەندێ ڕژیمێ شەرێ چولکرنێ ب سەر بارزانی و هەڤالێن وی دا و ناچاربوون شەرێ بەرگریێ بکەن ، لێ ب بشتگیریا راستەوخویا هێزێن ئینگلزا و خیانەتا هندک سەروک عەشیرەتا ، بوونە ئەگەر کو ، شۆڕشا 1945ێ یا بارزان شکستێ بهینت، بارزانیی دگەل هەڤسوزێن خۆ بەرەڤ کوردستانا ئیرانێ ب ڕێکەفت و پشکدار بوو د چالاکی و ڕاگەهاندن و دامەزراندن و بەرگریکردنێ ل کۆمارا مەهاباتێ دا. بارزانیێ نەمر ل وێرش مژوولی ڕێکخستن و کۆمڤەکرنا نیشتیمانپەروەر و شورشگێڕێن کوردستانا عێراقێ بوو ، ل چارچوڤێ پارتەکا ئێکگرتی یا نویی یا کوردی دا ، کە بشێت هەمی چین وتەخێن کوردستانێ تێدا بەژدارین . بارودوخێ کوردستانا ئیرانێ ب گوڕانکاریێن گونجای هزرا (لیژنا ئازادی) لگوڕ چارەنڤیسێ بڕاڤا کوردایەتیێ ل کوردستانا عێراقێدا دوو دل نەکریە ، ب تایبەتی پشتی ئەزمونا دامەزراندنا پارتیا دیموکراتا کوردستانا ئیرانێ و ئەو ئەزمونژی ل شۆڕشا 1943-1945ێ یا بارزان و ب دەستڤە هاتبون ب ئاشکەرا هاتە دەرخستن کو دروستکرنا پارتیەکا ڕامیاری ل کوردستانا عێراقێ پێدڤیە دکەت وەکی وێ پارتیا دیموکراتا کوردستانا ئیرانێ. لەوما پشتی ڤەکولین و لێکڤەدانا باش بو دەڤەرێ د نهاو پاشەڕوژێدا، بارزانیێ نەمر دگەل دوستە ئەفسەرێن نشتیمانیێن ئەندام د لیژنەیا ئازادیدا بڕیاردا ب دروستکرنا پارتیەکێ کو ل دیف گوڕانکاریێن هەنوکەیی بشێت ئەرکێن ڤێ قوناغێ هەلبگریت و ئارمانج دگەل ئاواتێن خەلکێ کوردستانێ د گونجای بن، ئەڤ تێڕامانە ل دوماهیکێن شوپاتا 1946 هات بەرجاڤکرن.

بارزانیێ نەمر دگەل تێکوشەران (پارێزەر همزە عەبدولا، نەقیب میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی، عەقید ڕوکن عزت عەبدولعەزیز، نەقیب مستەفا خۆشناو، نەقیب خەیرولا عبدولکەریم، ملازم محمد محمود قودسی، ملازم نوری ئەحمەد تەها) کومڤەبوو و بەردێ بنیاتێ پارتی دیموکراتا کوردستانێ دانا ، ئەڤجا مژولی دەستەبەرکرنا پەیرەو و پرۆگرامێ ناڤخۆیی بوون. بەلێ بەرەنگاربوونەکا مەزن هاتە پێش ئەوژی کو ڕێ نەهێتەدان بو گەشەکرن و لڤینان د مەهاباتێ دا، بارزانیێ نەمر و هەڤسەنگەرێن بارزانیێ نەمر هەست ب وێ ئێکێ کر کو ئەندامێن کومارا کوردستانێ ل مەهاباد حەزا وان ل ڤێ ئێکێ نییە ، ئەوژی لبەر وێ قوناغا ساڤایا کوماری بوو کو تێدا دبژری، چونکی بیانووبان د دتە دوژمنێن کومارێ ب تایبەتی تورکیاو عیراقێ کو لڤینێن خۆ تونڈوتیژ بکەن، و هەڤپەیمانێن خۆ ل ڕۆژئاڤایێ هان بدەن و بترسینن، کو ئەڤ کومارا ساڤا تەنێ چەند مەهەکە سەرهەلدای و یێ نەخشا کوردستانا مەزن دکێشیت کو بەشێن تورکیاو عیراقێ ژی ڤەدگریت. ئەڤەژی تشتەکە کو کاربدەستێن کومارێ ل مەهاباد دڤی کەشێ ئالۆز دا حەز بڤێ ئێکێ نەکەن، هەرچەندە کو ئەڤ پارتە یا نویە و بۆ کوردستانا عیراقێیە کو چالاکییێن وێژی دێ بو وێ دەڤەرێ بن، پارێزەر هەمزە عەبدولا هنارتە کوردستانا عیراقێ تێکەلییێن پێدڤی دگەل کاربەدەستێن حیزبی و شورِش و ڕزگاری و لقا پارتی ل سلێمانیێ پێک بینیت ژ لایێ بارزانیێ نەمر و دەستەیا دامەزرێنەر و ب دەستهەلاتا دارایییا تەمامژیڤە. ژ وان ئاموژگاریێن کو هەمزەی دگەل خو برین، ئەڤەبوون:

1- شێخ لەتیف کوریّ شێخ مەحمودێ حەفید بیستە جێگریّ ئێکێ سەروکی.

2- کاک مەحمەد زیاد بیستە جێگری دوویێ.

3- ب شێوەیەکی دەمکی چ دەستکاریا پێرەوپرۆگرامی نێڤخۆیی نەهێتەکرن.

4 - بۆ هندێ بیانویا نەدەتە دست ئیمپریالزم، دا سەر نەگریت، بەرژەوەندییێن بەریتانیا، هەتا پارتی خۆ ڕێک دئێخیت و بهێزببیت دا نەکەڤیتە بەر سەرکوتکرنێ و ڕاڤەنانێ، ژبلی ڤێ چەندێ کە ئیمپریالزما ئینگلیزی پیربوو و باشترە چەێ بوشایی یا دەستهەلاتەکا نیشتمانی بۆ خۆ پربکەت، باشتر ژ بکەڤیتە د دەستێ ئیمپریالزما نویی یا ئەمریکی یا گەرم گور و چالاک.

ل دیماهیکا بهارا سالا 1946دا همزە عەبدولا, ڤەگەریاڤ کوردستانا عیراقێ و پەیوەندی ب حزب ومرۆڤێن بەرنیاس کرن ، سەرکردایەتیا هەردوو حزبا شۆڕش و رزگاری بریاردا حزبێن خۆ هەلوەشێن و بێنە ناڤ ڕێزێن پارتی، ب مەرجەکی هەردووک کونگرەیا تایبەت یا خۆ بگرن و ل کونگرەیەدا چەوانیا گورانکاریان ب ئەندامێن خو ڕابگەهینن. کونگرەیێ ڤان دوو حزبا ل دەستپێکا هەیڤا تەباخا سالا 1946دا گیرا و زوربەی هەری زۆرا ئەندامێن ڤان (هەردوو حزبان چوونە د ناڤ ڕێزین پارتی دا) و پەسەندکرد. پارتا دیموکراتا کورد کونگرەی ئێکێ ل (16) شازدەی تەباخا سالا 1946ل بەغدا گرێدا. ئەڤ ڕوژە بو ڕۆژکا دیرۆکی د دیرۆکا نەتەوەیا کورددا حزبێ ناڤێ خۆکرە (پارتا دیموکراتا کورد- عێراق) ، لێ باشترە هەتا نوکە هەر ب ناڤێ (پارتی) یا ناسکریە، کونگرە ئەو پێڕەو و پرۆگرامێ حزبێ هەلسەنگاند، ئەوێ ل مەهابادێ هاتیە ئامادەکرن پاش ڤەکولینان دەستکاری یێن کێم تێدا هاتنەکرن و بریار لەسەر هاتنە دان، ئەڤجا هاتنە سەر هەلبژاردنا کومیتا ناڤەندی و ل سەر ئامۆژگاریێن بارزانیی و هەڤسوزێن وی، ئەف ناڤە هاتنە هەلبژاردن: 1. مستەفا بارزانی سەرۆکێ حزبێ .2 شێخ لەتیفی شێخ مەحمود جێگرێ ئێکێ یێ سەرۆکی 3. کاک حمە زیاد جێگرێ دوویێ یێ سەرۆکی 4. هەمزە عەبدوڵلا 5. میرحاج ئەحمەد 6. دوکتور جەعفەر کەریم 7. عەلی عەبدوڵلا- 8. سالح یوسفی 9. عەبدولکەریم تۆفیق 10. رەشید عەبدولقادر 11. رەشید باجەلان 12. مەلا سەعید حەکیم خانەقینی 13. عەونی یوسف 14. تەها محێدین.

کونگرەیا ئێکێ ل 16/8/ 1946 ب شێوەیەکێ نهێنی ل باژێر بەغداد، ل مالا (سەعید فەهیم) هاتە بەستن ب ئامادەبوونا نزیکی (70) حەفتێ نوینەران. بارزانیێ نەمر ب تێکڕایا دەنگێن کۆنگرێ ب سەرۆکی پارتی هاتە هەلبژاردن، وکو یا خویایە بارزانیی نەمر بێیی هندێ کو ل چ کونگراندا خو بۆ پۆستی سەروکایەتی بەربژێربکەت، لێ (چەوا ل کونگرێ ئێکێ دا هەروەها ل حەفت کونگرێن دی یێن پارتیامە) ئەندامێن کۆنگرەی ب تێکرایا دەنگان (بارزانیێ نەمر) ب سەرۆک هەلدبژارد، جا چ یێ ئامادەی و بەشداری کونگرەی ببا یان ئامادە و بەشدار نە بوویبیت. (هەر بۆ ئامازەپێکردنێ پارتی ل پاش وەغەرا بارزانیێ نەمر پێنج کۆنگرەییێن دی بەستینە، ژمارا وان دبیتە سێزدە کۆنگرە ژ بلی چەند کۆنفرانسێن دی، یا ژ هەما گرنگتر کۆنفرانسا ڕۆژێن 6 تەباخێ ل بەرلینا ڕۆژئاڤا، دهێتەناسین.

دامەزراندنا پارتی ژلایێ بارزانیێ نەمر ڤە گرینگترین و پێویستیترین دەستپێکەکە بۆ کۆمڤەکردنا جەماوەرێ کوردستانێ ل ژێر ئالایێ پارتیەکێ، کە بشێت ب شێوەیەکی واقعیانەو سەردەمانە وی جەماوەری ڕێک بئێخیت و ئاراستە بکەت و ئامانجێن دی ب دەست ڤەبینیت.

من مفا ژڤان ژێدەرا وەرگرت:

1- مسعود بارزانی، بارزانی وبزوتنەوی رزگاریخوازی کورد 1931-1958.

2- د. کوردستان موکریانی، د. دلێر اسماعیل حەقی شاوریس، کونگرەی یادەوەری سەد سالەی بارزانی نەمر بەشی دووم.

ون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە یام جۆری ئۆتۆمبێل: حفارە زنجیر هیتاشی مۆدێل: ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٦٠١٨ کاتی ژمارەی شاصی: HCMBAF٠٠P٠٠١٠٥٨٦١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە مهدی جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات ژمارەی شاصی: WSMS٦٠٨٠٠٠٠٤٦٨٦١٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە یام جۆری ئۆتۆمبێل: رافعە شوکیە شالیت JCB مۆدێل: ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢١٦٦١ کاتی ژمارەی شاصی: JCBOAPTGP٠٢١٤٧٣٨٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە حاتم خلیل جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە قلاب کاتی ژمارەی شاصی: NP٩LD٠V٠٠DK١٨٧١٣٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە هبە جۆری ئۆتۆمبێل: تایر فولفو حجم کبیر مۆدێل: ٢٠٠٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٧٠٨٥ کاتی ژمارەی شاصی: L١٥٠CU٤٨٤١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە جلال حویز جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس قلاب سکس ویل قبارە مۆدێل: ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٢٤٧٩٤ کاتی ژمارەی شاصی: WDB٩٥٢١٦٣١K٨٢٢٢٦٠ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
ناسنامەی شهید محمد نور مصطفی ژمارەی ناسنامە ٠٦١٤٤٥ وارس شهید بەناوی اطوار منذر احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
ناسنامەی خانەنشین کراو ژمارەی ناسنامە ٥٦٧٦ بەناوی کاکل محمد طاهر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

اعلان
مديرية تنفيذ زاخو
العدد /٧١٩/تنفيذ/٢٠١٩
التاريخ / ٢٠١٩/٨/١٨
تبليغ بمذكرة الاخبار بالتنفيذ
الى / المدين: دوغان وچار (DOGAN UCAR)
العنوان السابق / مجهول محل الاقامة
نظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا عليه بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفيذ قررنا تبليغك عن طريق النشر في صحيفتين محليتين للحضور امام مديرية تنفيذ زاخو او من ينوب عنك و ذلك عن الدين المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفيذية المرقمة (٧١٩/تنفيذ/٢٠١٩) بمبلغ قدره (٨,٥٦٨,٠٠٠ دينار) ثمانية ملايين وخمسمائة وثمانية وستون الف دينار عراقي مع رسم التحصيل ، وبعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية البالغة (١٥) خمسة عشرة يوما من اليوم التالي لنشر هذا التبليغ.
المنفذ العدل / لقمان سامي جميل

* * *

محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : غزال ادى خلف
قدمت السيده / هوري قاسو مراد طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد / ١٥١٥/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٥١٥/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع العقار المرقم ١٦٨/١٨ مقاطعة ٩٣ جوار عقرة المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ١٥١٥/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاكرى خركا المساحة ٣٠٠ م٢ الجنس مملوكة للدولة زراعية مطرية القيمة المقدرة (٣٠٠٠٠٠٠) ثلاثة ملايين دينار عراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

ب. گشتی پەروەردەی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن
ژمارە: ١٨١٦٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/١٩
کەم کردنەوەی نهێنی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاو بەڵێندەران دەکاتەوە کە پێویستی بەدابینکردنی نەوتی سپی بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی پەروەردەی قەزاکان لە پارێزگای هەولێری سەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان هەیە لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٩ بۆ ئەم مەبەستە هەر کۆمپانیایەك یا هەر بەڵێندەرێك توانای دابینکردنی هەیە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بکات، بەمەبەستی کڕینی تەندەر بۆ بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی نهێنی لە ڕۆژی دوو شەممە (٢٠١٩/٨/١٩) وە نرخی هەر تەندەرێك (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقیەو ئەو بڕە پارە گەڕانەوەی بۆ نییە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی پێنج شەممە (٢٠١٩/٩/٥) کاتژمێر ٢ی دوای نیوەڕۆ دەبێت و ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٨ کاتژمێر ١١ پێش نیوەڕۆ تەندەرەکان دەکرێنەوە و لەکاتی پشووی فەرمی تەندەرەکان دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
مەرجەکان:
١- نەوتی سپی داواکراو دەبێت باشترین جۆری نەوت بێت بەپێی ستانداری عیراقی ساڵی ٢٠١٢
٢- دەبێت لە پشکنینەکانی (SP.Q.FI ah.Poi (n.Tot al .Sul Fu.Col our .Doct our Test دەربچێت.
٣- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی یان بەڵێندەرەی کەمکردنەوەکەی بۆ دەربچێت.
٤- بارمتەی سەرەتایی بەبڕی (٥٪) ی گۆژمەی پێشکەشکراو بەچەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گرێنتینامە (خطاب ضمان) یان بۆ ماوەی ١٢٠ سەدو بیست ڕۆژ وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر هاوپێچ بکرێت بەپێچەوانەوە پشتگوێ دەخرێت.
٥- ماوەی تەندەرەکە (نفاذ العطاءات) (٥٠) پەنجا ڕۆژە لە ڕۆژی واژوکردنی گرێبەست.
٦- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو ئەستۆپاکی نوێی باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر بەپێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.
٧- دەسەڵاتی گرێبەستکردنی مافی ئەوەی هەیە سەرجەم تەندەرەکان ڕەتبکاتەوە بەپێی مادەی ١٤ی بڕگەی ١-٢-٣-٤ ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ گرێبەستی حکومییەکان.
٨- دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە تاکلایەنە گرێبەست هەڵبوەشێنێتەوە هەرکاتی لەبەرژەوەندی گشتی بوو.
بەشدار عبدالخالق خضر
بەڕێوەبەری گشتی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٥٢٧
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر موڵکی ژمارە ٧/٣٧٧٧ کە کەوتوەتە کەرتی ٩٣ حصارۆك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار زانا انور طاهر کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی رشید جمیل اسعد بەبڕی/ ٧٤,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٧/٣٧٧٧ ك ٩٣ حصارۆك
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك دێت خانووی قەرزار (رکنە) لە (٢) نهۆم نهۆمی یەکەم لە (١) ژوورو هول و حمام و مرافق مطبخ و نهۆمی دووەم لە (٢) ژوورو حمام و مرافق
٥ – ڕووبەرەکەی/٢١٨,٦٦ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١١٩,٣٨٣,٨٢٦ ملیۆن دینار.

* * *

زانکۆی هەولێر پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (١٠)
سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەکانی پاککردنەوەی (کۆلێژی پزیشکی) و (کۆلێژی پزیشکی ددان) و (بەشە ناوخۆییەکان) سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە بۆ هەر یەکێکیان وە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە تەندەرەکەیان بۆ دەردچێت.
* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەندبێت بەبواری پاککردنەوە.
٤- ماوەی گرێبەست (٩) نۆ مانگە لە ٢٠١٩/١٠/١ دەست پێدەکات وە ٢٠٢٠/٧/١ کۆتایی دێت.
٥- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەگەڵ زانکۆکەمان.
٦- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی بڕگەی (سێیەم)ی مادەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانییەوە)
٨- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.
١٠- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.
١١- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٢- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .
* تێبینی/ بەڵێندەر دەتوانێ هەر سێ تەندەر بکرێت.
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

* * *

زانکۆی هەولێر پزیشکی
کۆلێژی پەرستاری
ژمێریاری
ژمارە: ١١٩٢/١/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٠
ئاگاداری
ڕاگرایەتی کۆلێژەکەمان هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (یانەی کۆلێژ) بۆ ساڵی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە و شارەزای لەم بوارە هەیە با سەردانی یەکەی ژمێریاری کۆلێژەکەمان بکات بۆ کڕینی تەندەر کە نرخەکەی (٢٥٠٠٠) تەنها بیست و پێنج هەزار دینارە وە گەڕانەوەی بۆ نییە وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە دەکەوێتە ئەستۆی ئەم کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
* فرۆشتنی تەندەر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٢ دەست پێ دەکات.
* دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان (٢٠) ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی تەندەرەکەیە لە ڕۆژنامەی خەبات.
مەرجەکانی بەشداریکردن:
١- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارکردن.
٢- پێشکەشکردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی هەولێر
٣- دانانی بارمتەی سەرەتایی (تامینات) بەبڕی ٢٠٪ لەکرێی ساڵانەی خەملێنراو
٤- ئەو کەسەی بەشداری دەکات لەزیادکردنی ئاشکرا کە نابێت فەرمانبەر بێت لە دام و دەزگای حکومیەکان بەپێچەوانەوە دوور دەخرێتەوە و ڕێککاری یاسایی دەرهەق ئەنجام دەدرێت.
٥- نرخی فرۆشتنی تەندەر لە (٢٥) بیست و پێنج هەزار دینار کەمتر نەبێت.
٦- ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت پشتگیری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە بێنێت.
٧- ئەو کەسەی تەندەری یانەی بۆ دەردەچێت مۆڵەتی تەندروستی لەلایەن هۆبەی چاودێری تەندروستی بێنێت.
٨- نرخی ئەو خواردەمەنیانەی کە ڕۆژانە پێشکەش دەکرێت بەهەمان نرخی لیستی هاوپێچ بێت.
٩- نرخ لەسەر هەموو خواردەمەنیەکان بنوسرێت وەکو نرخی بازاڕ.
١٠- ئەو کەسەی کەتەندەر دەکرێ نابێ ساڵانی پێشوو کاری کردبێ لەیانە کەمان یان سزادرا بێت.
پ.ی.د. یوسف محمد گەردی
ڕاگر کۆلێژ

* * *

زانکۆی هەولێر پزیشکی
کۆلێژی پەرستاری
ژمێریاری
ژمارە: ١١٩٣/١/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٠
ئاگاداری
ڕاگرایەتی کۆلێژەکەمان هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (فۆتۆکۆپی کۆلێژ) بۆ ساڵی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە و شارەزای لەم بوارە هەیە با سەردانی یەکەی ژمێریاری کۆلێژەکەمان بکات بۆ کڕینی تەندەر کە نرخەکەی (٢٥٠٠٠) تەنها بیست و پێنج هەزار دینارە وە گەڕانەوەی بۆ نییە وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە دەکەوێتە ئەستۆی ئەم کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
* فرۆشتنی تەندەر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٢ دەست پێ دەکات.
* دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان (٢٠) ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی تەندەرەکەیە لە ڕۆژنامەی خەبات.
مەرجەکانی بەشداریکردن:
١- نابێت ئەو کەسەی بەشداری دەکات فەرمانبەر بێت لە دام و دەزگا حکومیەکان کاربکات.
٢- پێشکەشکردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی هەولێر.
٣- دانانی بارمتەی سەرەتایی (تامینات) بەبڕی ٢٠٪ لەکرێی ساڵانەی خەملێنراو
٤- پشتگیری هەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بۆ ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٥- هیچ تەندەرێك دوایی تەواوبوونی کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت.
پ.ی.د. یوسف محمد گەردی
ڕاگر کۆلێژ

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:١٥٢٢/ش/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/٣١
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (طارق محمود علی) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شیماء عبدالعزیز عباس) داوای ژمارە (١٥٢٢/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات لەتۆ لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەڕەکی شۆڕش) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٩/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢٤٦٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥
ئاگاداری
بۆ/ جودت عباس فتحی
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (نور عبدالواحد عبد) کە بڕی (٣٠٠٠$ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

* * *

دادگای باری کەسینەی شەقڵاوە
ژمارە/١٢٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/١٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ قابیل عبدالله احمد
داواکار/ (اڤین عبدالخالق سعدی) داوای شەرعی ژمارە (١٢٣/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکراوە لەم دادگایە کە تیایدا داوای پەسەند کردنی (تصدیق طلاق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری (شەقڵاوە) بۆیە پێت ڕادەگەینین بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (٢١) لەیاسای دادبینی شارستانی کە لەڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٢٧) ئامادە بێت یان بریکارت ئامادەبێت لە دادگاکەمان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە پاشملە و ئاشکرا.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر

* * *

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٥٥٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٧
ب/هۆشداری
هۆشدەر/پارێزەر (محمد فاروق بهاءالدین)
بریکاری (نوزاد یاسین احمد)
هۆشداریکراو: هستان عبدالستار جمعه
بەڕێزتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر (محمد فاروق بهاءالدین) بریکاری (نوزاد یاسین احمد) بەهۆشداری ژمارە (٣٦٦) لە (٢٠١٩/٦/٢٤) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی ئاشتی و مارت شمونی لە ٢٠١٩/٧/٣١ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی پێتڕادەگەیەنم، تۆ گرێبەستت واژۆکردووە لەگەڵ بریکاردام لەبەرواری ٢٠١٤/١١/٥ کە بەڵێنت داوە بە دانی بڕی پارەی ٢٠,٠٠٠$ بیست هەزار دۆلاری ئەمریکی کە تۆ قەرزاری بریکاردارمی وە هەرچەندە بڕی ١٠,٠٠٠$ دەهەزار دۆلارت داوە بە بریکاردارم بەڵام بڕی ١٠,٠٠٠ دەهەزار دۆلار ماوەتەوە لە ئەستۆت. وە هەرچەندە بریکاردارم کاری یارمەتی بۆ تۆی هەژمار کردووە بۆ مەبەستی دانەوەی بڕە پارەکەی تر کەت تۆ قەرزاری، بەڵام هیچ وەڵامێك لەلایەن تۆ نەبووەو نکۆڵی ئەم قەرزەش دەکەی، بۆ زانیاریت لە بڕگەی سێ ئەم گرێبەستە کە لەبەرواری ٢٠١٤/١١/٥ واژۆکراوە لە نێوانتان هاتووە لەکاتی نەدانی بڕە پارەی قەرز یاخود نکۆڵی کردن لە دانی بڕی پارەی قەرز تۆ پابەند دەبیت بە دانی بڕی ٥٠٠٠$پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك (غرامە التاخیریە) بۆ بریکاردارم، بۆ هۆشداریت دەکەم لەماوەی ٧حەوت ڕۆژ لە پاش پێڕاگەیاندنت بەم هۆشدارییە دەبێت بڕی پارەی ١٥,٠٠٠$پازدە هەزار دۆلار بدەیت بە بریکاردارم، بە پێچەوانەوە داوای یاساییت لەسەر تۆمار دەکەم لە دادگای تایبەتمەند بۆ وەرگرتنەوەی مافی بریکاردارم (هۆشداری کراو پاساوی نییە).
بۆتان کایمران میران
دادنووسی یەکەم

* * *

دادگای کەتنی حاجیاوا
ژمارە: ١٧٥/ك/٢٠١٤
بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠
ئاگاداری
بۆ تاوانباری ڕاکردوو/ احمد عبدالقادر بکری
لەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە (١٧٥/ك/٢٠١٤) لەڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٣ بڕیاریدا بەبەندکردنت بەبەندکردنێکی سوك بۆ ماوەی (١)یەك مانگ بەپێی ماددەی ٣٩٠ لەیاسای سزادانی عێراقی بەو پێیەی لەڕۆژی دادگاییکردنتدا ئامادەنەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارکراویتەوە، وە بەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی کە خۆت بدیەت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاساییدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ڤیان شێخ نجم الدین

* * *

دادگای کەتنی حاجیاوا
ژمارە: ١٢٨/ك/٢٠١٣
بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠
ئاگاداری
بۆ تاوانباری ڕاکردوو/ هەژار محمد عبدالله
لەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە (١٢٨/ك/٢٠١٣) لەڕۆژی ٢٠١٤/٧/٢٠ بڕیاریدا بەبەندکردنت بەبەندکردنێکی سوك بۆ ماوەی (١)یەك ساڵ و غەرامە کراویت بەبڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بەپێی ماددەی ٥/١٠ لەیاسای باری کەسێتی هەموارکراو بەو پێیەی لەڕۆژی دادگاییکردنتدا ئامادەنەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارکراویتەوە، وە بەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی کە خۆت بدیەت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاساییدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ڤیان شێخ نجم الدین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٣١٧٩/ب٢٠١٨/٤
بەروار:٢٠١٩/٨/١٩
داواکار: مامز سلێمان عباس
داوالێکراو: وعد سلێمان عباس و ها و بە شە کا نی
شوێنی موڵك: هەولێر-گەڕەکی ڕزگاری -شەقامی البان-نزیك حمام قەرەچوغ ژمارەی موڵك: ١٥٧٠/٢١٨ك٤٤وارش
پێکهاتووەکان: خانووێکی کۆنی یەك نهۆمی شەرقی پێکهاتووە لە دوو ژوورو مطبخ و گەرماوو ئاودەست لەکەرپووچ دروستکراوە.
ڕووبەر: ١٠٠م٢
نیشتەجێ: بەتاڵە
نرخی خەملاندن: ٤٣,٠٠٠,٠٠٠ نرخی زەویەکە
نرخی پێکهاتەکان: ١,٠٠٠,٠٠٠
کۆی گشتی:٤٤,٠٠٠,٠٠٠چل و چوار ملیۆن دینار کۆی گیشتی زەوی و بیناکە
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لەداوای ژمارە (٣١٧٩/ب٢٠١٨/٤ إزالە الشیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم موڵکەی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دادبینی یاسایی ڕێژەی (١٠٪ لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٤٤٨/ب٢٠١٨/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/١٩
جاڕدان
بۆ داوالێکراو : میشیل نحاس
لەسەر داوای داواکار (بەڕێوبەری کۆمپانیای میگا مۆل) سەرەڕای کارەکەی لە داوای ژمارە (٤٤٨/ب٢٠١٨/٦) ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٣١ بڕیاریدا لەسەرتانبە پابەندکردنتان بە چۆڵکردنی دوکانی (district shoes) لە نهۆمی یەکەمی پرۆژەی مێگا مۆل، وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری (موختاری پارێزگاری هەولێر/بازاری مێگا مۆل) لە ٢٠١٨/٣/٢٦ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنتان بە بڕیارەکە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارەو بڕیارەکە پاشملەیە(حکما غیابیا معلقا علی النکول عن الیمین عند الاعتراض والانکار و قابلا للاعتراض والتمییز)ە و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا. بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/کاوە صدیق حسین

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٨/١٩
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عمر صالح رشید) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/١٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- لەف کردنی کلینکسی مەتبەخ ژمارە/٢٠١٩-١٠٤-١٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٣.
٢- زێر فوری دروستکردنی کلینکسی لاکێشەیی ژمارە/٢٠١٩-١٠٤-١٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٣- دروستکردنی کلینکسی چێشتخانەکان ژمارە/ ٢٠١٩-١٠٤-١٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٤- لەف کردنی کلینکسی مەتبەخ و توالێت ژمارە/T٥٨٤ دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٥- دروستکردنی بۆری کارتۆنی ناوکلینکس ژمارە/C٥٩١ دروستکراوی لبنانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧.

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٣٤/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٨
ئاگاداری
داواکار/ ئاوات علی کریم
داوالەسەرکراو/ اریڤان علی کریم
بەرواری ٢٠١٩/٧/٤ بڕیارێك دەرچووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ بەژمارە ٣٤/ب/٢٠١٩ بەلابردنی فرەبەشی لە موڵکی ژمارە (١/٦٧٦ گۆیژە) بە فرۆشتن و دابەشکردنی نرخەکەی بەسەر هەردوولا هەریەك بەپێی بەشی دیاری کراوی خۆی لە دابەشنامە شەرعی داو سەرجەم تێچوونەکانی داواکە دەکەوێتە ئەستۆی هەردوولا لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە لەماوەی یاساییدا نارەزایی و پێداچوونەوە بگیرێت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ د. ماجد رشاد محمد

* * *

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٢٧٤/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهدارکرن ب بڕیارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (حمید عبدالله محمد) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (کاژین مصطفی طاهر) بڕیاردا ب (نفقة ماضیە ومستمرة للمدعیة) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنیان
دادوەر / زیرڤان احمد حسین

* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٠٩٤ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/ ٧
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (بیوار یاسین محمد شریف) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (بشار رشید طە) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پاری (٢٤٠٠٠٠٠٠) بیست وچار ملیون دیناری ئیراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاویتە یا ژمارە (٣٢٢١) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ وراپورتا هەلبژێری (کوندی بێسرێ) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ ڤێ دادگەهێ بڕیاردا تو بێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠) ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٨/٢٩ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن

* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٠٩٨ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٥ /٢٠١٩/٨
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (شیروان جلال الدین محمد طاهر) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (رجوان عزالدین علی) ئەوا تێدا داوای دکەت زڤراندنا زێرین ئەوێن هاتینە دست بکوژمێ پارە (١٨٠٠٠٠٠٠) هەژدە ملیون دیناری وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا ڕاگەهاندنا دادوەری لی دهوکی یا ژمارە (١٩٣٣) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ وراپورتا هەلبژێری تاخێ سی گرگا ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٩ ڤێ دادگەهێ بڕیاردا تو بێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٨/٢٨ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٦/٥٣٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٨
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە (١٤٦٧٠/دهوك تایبەت) جورێ (تویوتا فورتینر ستیشن) مودێل (٢٠١٤) ڕەنگ (سپی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ (جلنك رشید نوری) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدە نیڤرو ل ڕوژا (١٠) دەهێ پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٢٧٠٠٠٠٠٠) بیست وحەفت ملیون وهەشت سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
ڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٢٨٥/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٠
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (الیشواع یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) و دمولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢ شیزی) ئەڤجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
١- ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٣٦٣٥٨٠٠٠) سیە وشەش مەلیون وسی سەد وپینچی وهەشت هزار دینار عراقی
٢- ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتی ٧٢ شیزی) ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهمان بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینچی مەلیون وچوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١١/ب/٢٠١٨
١/داناانا دەستەسەریێ/٢٠١٩
رێکەفت/١٨/٨/٢٠١٩
جاردان
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەها بەرایی دهوك ژمارە ١١/ب/٢٠١٨ رێکەفتی ٢٠١٨/١٢/١٨ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەفپشکێ مافی سەردەریێ (حق التصرف) ل سەر پارچا ژمارە(٢٣٨) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا ل دویف وان سالوخەتین خواربێ دیارکری ئەف دادگەهە ئاشکرا دکەت بو فروتنا پارچە زەڤیێ ل سەر ئیك زێدەکرنا ئاشکرا بو ماوێ پازدە روژا ژ روژا دوماهیك بەلافکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢)ی نیڤرو روژا سیهێ دگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ژ رێژا ١٠٪ ژ بهایێ(٣٥٠٠٠٠٠٠) سیە وپێنج ملیون دینار ئەگەر نە هەفپشك بیت بو زانینێ دانا پارەی وکرییا رێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر روژا دوماهیێ روژا بێنڤەدانێ بو روژا پشتی وێ دێ بیتە روژا سەر ئێك زێدەکرنێ
سالوخەت : پارچا زمارە(٢٣٨) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا رویبەرێ وێ (١)دونم و(١٥) اولکە پارچە زەڤی عەردەکێ زراعیە دێمیە ویێ هاتیە چاندن دارێن باهیڤا یێن بەربەلاف دکەڤیتە لایێ باشوریێ گوندێ بیرومەرا
دادەر/ عزیز محمد سعید
***

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١١/ب/٢٠١٨
٢/داناانا دەستەسەریێ/٢٠١٩
رێکەفت/١٨/٨/٢٠١٩
جاردان
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەها بەرایی دهوك ژمارە ١١/ب/٢٠١٨ رێکەفتی ٢٠١٨/١٢/١٨ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەفپشکێ مافی سەردەریێ (حق التصرف) ل سەر پارچا ژمارە(٢٣١) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا ل دویف وان سالوخەتین خواربێ دیارکری ئەف دادگەهە ئاشکرا دکەت بو فروتنا پارچە زەڤیێ ل سەر ئیك زێدەکرنا ئاشکرا بو ماوێ پازدە روژا ژ روژا دوماهیك بەلافکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢)ی نیڤرو روژا سیهێ دگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ژ رێژا ١٠٪ ژ بهایێ(٤٤٠٠٠٠٠٠) چل وچار ملیون دینار ئەگەر نە هەفپشك بیت بو زانینێ دانا پارەی وکرییا رێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر روژا دوماهیێ روژا بێنڤەدانێ بو روژا پشتی وێ دێ بیتە روژا سەر ئێك زێدەکرنێ
سالوخەت : پارچا زمارە(٢٣١) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا رویبەرێ وێ (٢)دونمە پارچە زەڤی عەردەکێ زراعیە دێمیە ویێ هاتیە چاندن هندك دارێن باهیڤا یێن بەربەلاف دکەڤیتە لایێ باشوریێ گوندێ بیرومەرا
دادەر/ عزیز محمد سعید
***

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١١/ب/٢٠١٨
٣/داناانا دەستەسەریێ/٢٠١٩
رێکەفت/١٨/٨/٢٠١٩
جاردان
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەها بەرایی دهوك ژمارە ١١/ب/٢٠١٨ رێکەفتی ٢٠١٨/١٢/١٨ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەفپشکێ مافی سەردەریێ (حق التصرف) ل سەر پارچا ژمارە(٢٠٠) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا ل دویف وان سالوخەتین خواربێ دیارکری ئەف دادگەهە ئاشکرا دکەت بو فروتنا پارچە زەڤیێ ل سەر ئیك زێدەکرنا ئاشکرا بو ماوێ پازدە روژا ژ روژا دوماهیك بەلافکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢)ی نیڤرو روژا سیهێ دگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ژ رێژا ١٠٪ ژ بهایێ(٧٢٣٦٠٠٠٠) حەفتێ ودوو ملیون وسێ سەد وشێست هزار دینار ئەگەر نە هەفپشك بیت بو زانینێ دانا پارەی وکرییا رێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر روژا دوماهیێ روژا بێنڤەدانێ بو روژا پشتی وێ دێ بیتە روژا سەر ئێك زێدەکرنێ
سالوخەت : پارچا زمارە(٢٠٠) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا رویبەرێ وێ (٤)دونم و(٥٠)م٢ پارچە زەڤی عەردەکێ زراعیە دێمیە ویێ هاتیە چاندن هندك دارێن باهیڤا یێن بەربەلاف دکەڤیتە لایێ باشوریێ گوندێ بیرومەرا
دادەر/ عزیز محمد سعید
***

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١١/ب/٢٠١٨
٤/داناانا دەستەسەریێ/٢٠١٩
رێکەفت/١٨/٨/٢٠١٩
جاردان
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەها بەرایی دهوك ژمارە ١١/ب/٢٠١٨ رێکەفتی ٢٠١٨/١٢/١٨ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەفپشکێ مافی سەردەریێ (حق التصرف) ل سەر پارچا ژمارە(٢٢٣) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا ل دویف وان سالوخەتین خواربێ دیارکری ئەف دادگەهە ئاشکرا دکەت بو فروتنا پارچە زەڤیێ ل سەر ئیك زێدەکرنا ئاشکرا بو ماوێ پازدە روژا ژ روژا دوماهیك بەلافکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢)ی نیڤرو روژا سیهێ دگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ژ رێژا ١٠٪ ژ بهایێ(٨٩٦٠٠٠٠٠) هەشتێ ونەه ملیون وشەش سەد هزار دینار ئەگەر نە هەفپشك بیت بو زانینێ دانا پارەی وکرییا رێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر روژا دوماهیێ روژا بێنڤەدانێ بو روژا پشتی وێ دێ بیتە روژا سەر ئێك زێدەکرنێ
سالوخەت : پارچا زمارە(٢٢٣) کەرتێ ٩٧ پیرومەرا رویبەرێ وێ (٤)دونم و(١٢) اولکە پارچە زەڤی عەردەکێ زراعیە دێمیە ویێ هاتیە چاندن هندك دارێن باهیڤا یێن بەربەلاف دکەڤیتە لایێ باشوریێ گوندێ بیرومەرا
دادەر/ عزیز محمد سعید
***

دادگەها بەرایی/ زاخو
ژمارە/ ٢٦٦/ب/٢٠١٩
میژوو/ ١٩/٨/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داواڤێکراو جەمال محمد علی-نسرین خلیل میرو-ئڤین خلیل میرو)جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو-گەرەکا صلاح الدین و (ادریس محمد علی-صباح محمد علی-صبریە محمد علی) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو-گەرەکا گوندك , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە.
داواکار حسن حسین إسماعیل بریکا پارێزەرا خو خدیجە علی مصطفی داوای ژمارە ٢٦٦/ب/٢٠١٩ ل سەر هەوە تومار کریە و تێدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە ٥/٣٠ کەرتێ کندك دکت و ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبینا هەوە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسین زاخو یا ژمارە ٢١٧٢ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٨ و ژمارە ٢١٩١ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٩ هەڤپێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ تاخێ صلاح الدین ١/ و تاخێ گوندك کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ناڤێ وان د تومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکرینە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبینا وێ نە دیارە و مە چ پێزانین ل دور نینن و ژ بەر نە دیار بینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/٨/١٨ بریاردا ب بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو روژنامە ینن نافخویی و رۆژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بو ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یاسایی ل روژا دادبینیێ رێکەفتی ٢٠١٩/٩/١ ل دەمژمێر ٩ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ پاشمالە ئێتە ئەنجام دان.
دادەر/ یوسف الیاس سدن
***

فەرمانگەی دادنوسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٨/١٩
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (احسان ابراهیم ملا) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/١٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنێستا دانراوە لە (رێگای بحرکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مریوان قەدری ابراهیم
***

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارەی داوا: ٦٨٣/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٠
داواکار: لاجان و رێزان کچانی کاکل حسن
داوالێکراوان: سعدیة حسن پیرداود و هاویەشانی
شوێنی مولك: هەولێر – دەشتی شەمامك-گوندی دووسەرە فتاح
ژمارەی مولك: ١٤ کەرتی ١٠٧ دووسەرە فتاح
پێکهاتووەکان: بریتیە لە زەوی یەکی کشتوکاڵی بەباران ئاو دەدرێت.
رووبەر: ٥٦ دونم ١٦ اولك
نرخی خەملاندن:٣٩٦٤٨٠٠٠٠ سێ سەدو نەوەد و شەش ملیۆن و چوار سەد و هەشتا هەزار دینار
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٦٨٣/ب/٢٠١٩/١ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە رۆژنامەی رۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی رێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارەی داوا: ٦٨٤/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٠
داواکار: لاجان و رێزان کچانی کاکل حسن
داوالێکراوان: سعدیة حسن پیرداود و هاویەشانی شوێنی مولك: هەولێر – دەشتی شەمامك-گوندی دووسەرە جبار
ژمارەی مولك: ١٥ کەرتی ١٠٦ دووسەرە جبار
پێکهاتووەکان: بریتیە لە زەوی یەکی کشتوکاڵی بەباران ئاو دەدرێت.
رووبەر: ٤٢ دونم ١٣ اولك
نرخی خەملاندن:٣٠٤٦٤٠٠٠٠ سێ سەدو چوار ملیون و شەش سەد و چل هەزار دینار
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٦٨٥/ب/٢٠١٩/١ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە رۆژنامەی رۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی رێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارەی داوا: ٦٨٥/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٠
داواکار: لاجان و رێزان کچانی کاکل حسن
داوالێکراوان: سعدیة حسن پیرداود و هاویەشانی شوێنی مولك: هەولێر – دەشتی شەمامك-گوندی دووسەرە جبار
ژمارەی مولك: ١٣ کەرتی ١٠٦ دووسەرە جبار
پێکهاتووەکان: بریتیە لە زەوی یەکی کشتوکاڵی بەباران ئاو دەدرێت.
رووبەر: ٢٢٥ دونم ١٣ اولك
نرخی خەملاندن:١٦٩١٤٠٠٠٠٠ دینار نرخی زەوی + ١٢٠٠٠٠٠٠ دینار نرخی بیر ارتوازی ١٧٠٣٤٠٠٠٠٠ یەك ملیار و حەوت سەد و سێ ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٦٨٤/ب/٢٠١٩/١ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە رۆژنامەی رۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی رێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٤١٢٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣١
ئاماژە بەناوەرۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیای Total E&P Kurdistan region of Iraq (Harir) B.V ی هۆلەندی بۆ (پالاوتنی نەوت/ سنوردار) راستێندراوە لەنوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی (بروکسل) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٥/٢) تایبەت بەداخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (کاروان عبدالجبار محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد، پاڵپشت بە مادەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٣١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٨٥٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/١٩
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (NAVLINK) بۆ (گەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری و بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەندازیار/ سوار عزیز علی
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (Total E&P Kurdistan region of Iraq (Harir) B.V بۆ (پالاوتنی نەوت/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر-جوت سایدی بەختیاری-تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی). بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (فصول النوە) بۆ بازرگانی گشتی گشتی/سنووردار بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر-جوت سایدی بەختیاری-تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی). بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Business Net House) بۆ بازرگانی گشتی وبازرگانی سوتەمەنی/سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (Business Net House) بۆ کۆمپانیای (Ruby Rose) بۆیە هەرکەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لەشاری (هەولێر-جووت سایدی بەختیاری-تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سۆران عبدالقادر صالح) بۆ بازرگانی گشتی /تاك) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (سۆران عبدالقادر صالح) بۆ کۆمپانیای (بکر کریم اسماعیل) بۆیە هەرکەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لەشاری (هەولێر-جووت سایدی بەختیاری-تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1919:
بەڵێکا رایگەیاند کە وڵاتی بۆرۆندی کەوتە ژێر ئینتیدابی خۆی .



سالی 1944:
بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕەشنووسێک بۆ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان ، شاندی بەریتانیا و ئەمەریکا و سۆڤیەت کۆبوونەوە .



سالی 1983:
دوای گەرانەوەی بۆ وڵاتەکەی ، بینینۆ ئۆکینۆی سەرۆکی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی فلپین تیرۆر کرا .



سالی 2003:
هێزەکانی ئەمەریکا عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) یان دەستگیر کرد .



سالی 2013:
بە تۆمەتی دزەپێکردنی بەڵگەنامەی نهێنی بۆ مالپەڕی ویکیلیکس ، برادلی مانینگی سەربازی ئەمەریکی 35 ساڵ بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا .



سالی 2014:
ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەک سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان و سەرۆکوەزیرانی تورکیا دەستنیشان کرا .

پڕۆژە یاسای کۆنگرێسی ئەمەریکا HR571

ڕێگرتن لە تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری عێراق



* موحسین محەمەد

پڕۆژە یاسای ڕێگرتن لە تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری عێراق لە وەرزی یاسادانانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا 2017ـ 2018بە ژمارە HR459لە 28ی تشرینی دووەمی 2018دەنگی لەسەر درا. (زێد بنیامین) ڕۆژنامەنووسی پسپۆر لە کاروباری عێراق نیشتەجێی ئەمەریکا دەڵێت:



بۆئەوەی یاساکە بچێتە واری جێبەجێکردن، پێوستی دەکرد لە ئەنجوومەنی پیران لەهەمان وەرزدا دەنگی لەسەر بدرێ، وەرزەکە تەواو بوو ، یاساکە دەرنەچوو ، بەمەش پڕۆژە یاساکە کۆتایی دێ. لە وەرزی 2019ـ 2020ئەنجوومەنی نوێنەران پڕۆژە یاسایەکی دیکەی هەیە نزیکە لەو بابەتە بەژمارە HR571بەڵام هێشتا لەلایەن لێژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، دەنگی لەسەر نەدراوە، کەواتە هەموو ئەوەی هەیە (درۆیەکی ڕۆژنامەوانییە) . هەر لەسەر ئەو بابەتە(ئیحسان شەمەری)سەرۆکی ناوەندی بیرکردنەوەی سیاسی دەڵێت: ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا ئەو پڕۆژە یاسایە لە نیوەی دووەمی 2019پەسند دەکات. ئەو پسپۆرە دەڵێ: کێشە لەنێوان دیموکراتەکان و کۆماریەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر ئەم یاسایە هەیە، هەروەها دوای دەچوونی یاساکە پێویست دەکات لێژنەی ئاسایش و سەقامگیری عێراق ئەگەر بێتە دی ئەوا کاتەکەی زۆر درەنگە و ڕێگاکەی زۆر سەختە، ئەگەر ئامانجی سەرەکی گەراندنەوەی ئاشتییەکی ڕاستەقینە بێ بۆ وڵاتەکە. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئامازە بۆ ئێران دەکەن وەک ئامانجی سەرەکی نەک عێراق. ئەمریکییەکان زۆر بەهەڵەداچوونە ئەگەر ئەوها لێکبدەنەوە، کە ئێران هۆکاری سەرەکی کێشە ناوخۆییەکانی عێراقە! هەندێک وای بۆ دەچن، بڕیارەکە بەکارهێنانی هێزی سەربازیشی لەگەڵدایە بەڵام دوای ئەوەی بڕیارەکە لەلایەن هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمەریکا دەردەچێ و سەرۆکی ئەمەریکاش پەسندی دەکات. پڕۆژەکە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکی 2017ـ 2018دەنگی لەسەر درا، دەبوایە بڕیارەکە هەمان وەرز لە ئەنجوومەنی پیران دەنگی لەسەر بدرێ، ئەوە نەهاتە دی، هۆکارەکەی چی بوو، ئەوە زۆر ڕوون نییە. بەپێی چاودێران وا چاوەڕوان دەکرێ لەوەرزی یاسادانانی 2019ـ 2020ئەو یاسایە لە کۆنگرێس دەربچێ، هەیە پێی وایە، بڕیارەکە کۆتایی هاتووە، ئیدی ناگەڕێتەوە. باشە ئەگەر یاساکە کۆتایی هاتبێ بۆچی (تحالف البنا) لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژی 30ی تەمووز یاساکەی ڕەتکردەوە؟ داواشی لە لایەنە سیاسییەکانی عێراق کرد دژی ئەو یاسایە بوەستن، کە دەستخستنە ناو کاروباری سیاسی عێراقە. (ئەحمەد ئەلئەسەدی) نوێنەر لە فراکسیۆنی (تحالف البنا) داوای لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق کرد دژی دەرکرنی ئەو یاسایە بوەستنەوە، هەروەها داوای لە لایەنە سیاسییەکان کرد بە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و میللی هەڵوێست لە دژی ئەو یاسایە وەربگرن، کە ئامانجەکەی پاراستنی عێراقە نەک تێکدانی. (بەدر زیادی) ئەندام لە لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بەناوی لێژنەکەوە ئەو پڕۆژە ڕەتدەکاتەوە، دەڵێ: عێراق ولایەتێک نییە لە ئەمەریکا تا یاسای بۆ دەربکات. هەر بەهەمان هەڵوێست لێژنەی دەرەوە لە پەرلەمانی عێراق پڕۆژەکە ڕەتدەکاتەوە، دەڵێن: عێراق ناچار نییە ئەو یاسایە پەسند بکات. ئیدارەی ئەمەریکاش خۆی بەرپرسیار دەزانێ لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی یاساکە، کە هێشتا نەبۆتە یاسا!ئەوەی دەبینرێ و ئەوەی ڕووددەات، ئەوە دەردەخات عێراق لە گێرەشێوێنییەکی یاسایی و سیاسیدا دەژی. بەرلەوەی یاساکە دەربچێ، ئیدارەی ترامپ سێ هێزی چەکداری ناو عێراقی خستە لیستی تیرۆر، بەم دوایینەش چوار بەپرسی خستە لیستی ڕەشی گەندەڵی، پێشبینی دەکرێ لیستەکان بەکراوەی هێڵن، چەندین کەس و لایەنی سیاسی دیکە بگرێتە بەڵام هەموو ئەمانە پێویستیان بە کاتی گونجاو هەیە، کە دەتوانێ وەکو تاکتیکی سیاسی خۆیندنەویان بۆ بکەین. بابەتەکە لەبنەڕەتدا چەندین باکگراوندی یاسایی و سیاسی دیکەی هەیە. کێشەکە تەنیا ئێران نییە، ڕەنگە لە ئایندەدا تورکیاش بگرێتەوە، ئەو وڵاتە بەهۆی چەندین پرسی سیاسی وەکو، کێشەی پەکەکە، کێشەی سوونەکان، کێشەی تورکمانەکان، کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر کاروباری ناوەخۆی عێراق هەیە. ڕاستە ئالۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران کاردانەوەی دیکە بەدوای خۆیدا هێناوە. ناوەڕۆکی یاساکە و بوونی ئەمەریکا لە عێراق پێوەندی ستراتیژیی بە هەموو کێشەو ململانێکانی عێراقەوە هەیە.عێراق بیەوێ یان نەیەوێ تێئاڵاوە، ناتوانێ خۆی لە ڕووداوەکان بەدوور بگرێ یان بێ لایەنی بنوێنێ. لەلایەک ئەمەریکا وەکو زلهێزی جیهانی و ناوچەکە، ئێران لەلایەکی دیکە وەکو زلهێزێکی هەرێمی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەناو عێراقدا هەیە، چ لەڕووی ڕەهەندی تایفیەوە، چ لە ڕووی سیاسییەوە کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی پێکهاتەی شیعە هاوپەیمان و لایەنگری نزیکی ئێران بوونە، ئەمڕۆ وا بە ئاسانی ناتوانن خۆیان جیابکەنەوە و بچنە بەرەی ئەمریکی لە دژی ئێران، ئەمە هەرگیز ڕووندادات. ئایا پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە پێکهاتەی شیعە دەتوانێ بچێتە بەرەی ئێران لە دژی ئەمەریکا ؟ بە باکگراوندی تایفی و سیاسی و میژوویی بەڵێ: دەتوانن، دواجار دەچنە بەرەی ئێران لە دژی ئەمەریکا.




هەرچەندە زۆربەی لایەنەکان بەڕووکەش داوای بێ لایەنی لە کێشەی ئەمەریکا ئێران دەکەن بەڵام چەند لایەنێکیش لەناو عێراق هێزیان هەیە، بە ئاشکرا دژایەتی ئەمەریکا دەکەن، لەکاتی پێویستدا دەچنە بەرەی ئێران. بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و ڕێککەوتنامەی ئاسایشی نێوان ئەمەریکا و عێراق و بەردەوامی شەڕی دژە تیرۆر و ناوەڕۆکی پڕۆژەی یاساکە ئەو وەڵامەی تێدایە. هەر بۆیە هاوپەمانی بونیادنان لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە پەرلەمانی عێراق ئەمەی بە ڕاست و ڕەوانی ڕاگەیاندووە، هەروەها چەندین لایەنی دیکە لەناو حەشدی شەعبی و سیاسی پێکهاتەی شیعە ئەمە ناشارنەوە، ئەوان لەکەناری ڕووبەڕووبونەوەن، پێویستیان بە شارەزە نییە. لە ڕاستیدا یاسای ڕێگرتن لە تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری عێرا ق پتر ڕەهەندێکی جیهانیی هەیە، وەک لەوەی کێشەیەک بێ لەنێوان حکومەتی عێراق و ئەمەریکا. ئێستا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە هێڵە گشتیەکەیدا، زیادکردنی گوشارە بۆ سەر ئێران، ئەو مللانێیەش بەردەوام هەڵدەکشێ تا دەگاتە لوتکە ئینجا یان بەدانوستان خاوەبێتەوە یان ئەوەتا لە شۆینێک دەتەقێتەوە. با بڕگەی دووەم وەربگرین، ئەگەر ئێران هەموو ئەو هێزانە لە عێراق و ناوچەکە ڕادەستی ئەمەریکا بکات، ئەوا ئەمەریکا لەناو عێراقدا چ بەخۆی یان لە ڕێگەی سعودیە هێز بەکاردەهێنێ، کە ئەوەی دووەمیان واقعی ترە، وەکو دەبینین حوسیەکان لە ڕێگە مووشەکەکانیان ئەو وڵاتەیان هەراسان کردووە، بۆیە ئەو وڵاتەش ناچاردەبێ دواجار لەگەڵ ئێران بچێتە ئەو جەنگە دڕێژخایەنەوە. کەواتە ئەوەی پێوەندی بەناوەڕۆکی یاساکەوە هەیە، تاکتیکی پێشخستن یان دواخستنی پڕۆژە بڕیارەکە ئەوندە گرنگ نییە. ئەوەی دەردەچێ لەبنەڕەتدا نوێکردنەوەی یاساکەیە نەک دەرچوونی یاسایەکی نوێ، بۆیە ئەو ناکۆکیانەی کەباس دەکرێ لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران پتر تاکتیکی سیاسی و کات بەڕێکردنە نەک یاسایی. ئەمە ڕاستییە، عێراق بۆ ئەمەریکا هێڵی سوورە، دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین بڕیاری زۆر توندتر دەربچێ، عێراق و وڵاتە دراوسێکان و هێزە سیاسییەکانی ناوەش، دەبێ ناچاربن دۆخی ئاشتی و ئارامی وڵاتەکە بپارێزن نەک تێکبدەن، تەنانەت لەڕووی ئابووریی یان پڕۆسەی دیموکراسیشەوە، بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەبارنییە، پڕۆسەکە شکست بهێنێ، چونکە ئەمانەش دەبنە هۆکاری تێکچوونی ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکە. هەموو ئەمانەش لە ناو ئەمەریکادا بە چاوی تیرۆر خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ.لەبەر ئەوهۆیانە، هێزەکانی ناوەوەی عێراق و هێزە هەرێمییەکان دەبێ ڕێگرتن لە تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری عێراق وەکو ئامانجی سەرەکیّ ڕۆژئاوا تەماشابکرێ نەوەک وەکو پڕۆژە یاسایەک.

سەرچاوەکان: پێگەی بغداد الیوم. کتابات، سکای پریس، العربیە نقلا عن

بەریتانیا دەگەڕێتەوە ناوچەکە!





مستەفا قایتەرەنی – لەندەن

ماوەیەکی زۆرە دەنگۆی هاتنە مەیدان و خانەخوێی بەریتانیا باس و خواسی لەسەر دەکرێت لەناوچەکە ، لە ڕاستیدا ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە بەریتانیا بێ ڕۆڵە لەم ناوچەیە یان ئەوەیە لە سیاسەت نەگەیشتون یان ئەوەیە خۆیاندنەوەی دروستیان بۆ ڕۆڵ و پێگەی بەریتانیا نیە ..!

دەست ڕۆشتووی و بالآ دەستی بەریتانیا لە هەموو جیهان و حوکمڕانی بۆ زیاتر لە 50ولاتی جیا جیایی جیهان و داگیر کاری و قەڵەم ڕەوی شانشینی یەکگرتوو نە تازەیەو نە دوریشە لەم مێژووەیەی قسەی تیا دەکەین بەڵکو ئەم مەملەکەتەی ئێمە کە ناوی عێراقە دروست لە Au-gust 211921سیستەمی پاشایەتی بۆ عێراق داناو هەر سێ ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسڕە یەکخران لە ژێر چەتری مەلیک فەیسەڵ کە یەکەم پادشای عێراق بوو .

ناچینە سەر ورده کاری دوای ئەوە چی ڕوویدا ..!

بەدرێژای مێژوو کورد لەم نێوەندەدا قوربانی بووە هەمیشە زلهێزەکان بە جۆرێک بەکاریان هێناوەو دوای یاریەکان لە گۆڕەپانەکە وەدەر یان ناوین و نەکراوین بە یاری چی هەمیشە یاری پێکراو بوین..!دوای 98 ساڵ و بەرەو 100ساڵەی دروست بونی عێراق دەچێ هەردەم و قۆناغ و سیاسەت و تەنەنات کاراکتەری گۆڕەپانەکانیش یان لە ژیان نەماون یان پیر بون و ئێستا جیهان لە دەستی خەڵکێکی دنیا بین دایە سیستەمی نوێی حوکمڕانی جیهان ئێستا میلەتێک دەناسێ بەناوی کوردو ناوچەیەکیش دەناسێ بەناوی کوردستان و هەموو دنیاش مامەڵەی فەرمی و نیمچە فەرمی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات..! کەواتە ئەو قسەیەی لە ڕابردوو دەکرا گوایە ئینگلیز دژی کوردو خواستەکانی کوردو کوردستانە دەکرێت بەتێ نەگەیشتنی دوو لایەنەی لە قەڵەمبەدەین و ئەو قۆناغە بکەین بەڕابردوو ئێستا بۆ کوردستان چەند گرنگ بێت بۆ دەوڵەتانی زلهێزیش ئەوەندە گرنگە بەرژەوەندی یان لەم ناوچە شڵەژاوە پاریزراو بێت ، کورد چی وەک نەتەوەو چی وەک هێزیش کوردستان چی وەک ناوچە چی وەک پێکهاتەکانیشی ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە کرانەوەو نزیک بونەوە لەگەڵ جیهان هەیە ناکرێت هەزاران میل و کێلۆ مەتر ببڕین چاومان لەوەش بێت خەڵک بمان پارێزێ بە پەیوەندیەکی سەربازی یان هەواڵگری یان بازرگانی نا هاوسەنگ ..! لە پێش دروستبوونی عێراق و دوای دروستبوونی عێراقە وە تا نووسینی ئەم بابەتەش بەریتانیا لە کۆی گەمە سیاسی و سەربازی و هەواڵگری یەکاندا بونی هەبووەو هەیە .کورد نابێت ڕۆڵ و پێگەی بەریتانیا بەکەم لەبەرچاو بگرێت لە دروست بونی ناوچەی ئارام بۆ کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا جەختیان لەسەر کردەوە لە ساڵی 1991کاتێک پرۆژەکەی فەرنسا یان لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد بە بڕیار بۆ دروست کردنی ناوچەی ئارام بۆ پاریزگاری لە خەڵکی کوردستان و ڕاگرتنی ڕژێمی بەعس و سەدام دژ بە کورد ئەوە خۆی بۆ خۆی گەورەترین ددان پێدانان و پشتیوانی یەلەلایەن بەریتانیاوە بۆ کوردستان .ڕووداوەکانی ئەم دوایەیی گەرووی هورمز و بەهاری عەرەبی و 10ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخا کە بەریتانیا نەک ڕۆڵی هەیە بەڵکو خاوەنی زۆر بڕیار و و نەخشەی سیاسی و سەربازیەو لە لەندەنەوە نەخشەی سیاسی ناوچەکە دەگۆڕدرێت و لە شوێنی تر جێ بەجێ دەکرێت ، زۆر گرنگە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بیر لە دروست کردنی لۆبیەکی چڕوپڕ بکاتەوە لە ڕێگای هاندانی کەرتی تایبەت و دروست کردنی پەیوندی بازرگانی لە قۆناغی یەکەمدا دواتریش ئاستی پەیوندیەکان لە بواڕەکانی تریش دروست ببێت چۆن تێران و تورکیا و ئەمەریکا و ئەوروپا گرنگن بە ئەندازەی ئەوانەش بەریتانیا گرنگە چونکە ئینگلتەرا خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ناوچەیەیە ڕەنگە ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و پاریزگاری لە شانشینەکەیان و هەڵەی فەرماندە کانی ئەو سەردەمەش هۆکاری دوور کەوتنەوەی ئینگلیز بێت لەم ناوچەیە بەڵام سەر ئەنجام ئینگلیز خۆی بە خاوەنی ئەم ناوچەیە دەزانێ و لەو باوەڕە نیم دەست بەرداری ئەم ناوچەیە بێت بۆیە کورد و سەرکردایەتیەکەی تا بکرێت هەوڵی نزیک بون بدات چونکە ئینگلیز هەرگیز هاوڕیی نیەی ڕێگا نەبووەو نابن ، لە دێرِ زەمانەوە وتراوە »المملکه المتحده لا تغیب عنها الشمس «شانشینی یەکگرتووی ئینگلیزستان هەرگیز خۆری لێ ئاوا نابێت ..! ئاڕاستە و ڕەوتی ڕووداوەکانیش ئەوەمان پێ دەڵێن "لە داهاتووەیەکی نزیک بەریتانیایی مەزن بە قورسایەکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە عێراق و ناوچەکە ، پێویستە کورد نەبێتە بەشێک لە ململانێکان و خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەم هێزە گەورەیە و سود لەو گەڕانەوەیە وەربگرێت "تاکو زەرەرمەند نەبێت جارێکی تر... "

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
بەریتانیا بەنیازە دوای تەواوکردنی ڕێوشوێنەکانی کشانەوە لە یەکێتی ئەورووپا یاسای تازە سەبارەت بە پەنابەریی دابڕێژێ.



ڕۆیتەرز:
ئەمەریکا سەرکەوتووانە موشەکێکی تاقیکردەوە کە بە گوێرەی پەیماننامەکان سی ساڵە قەدەغە کراوە.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند کە ڕێگا لە ئەنجامدانی هەر جۆرە خۆپیشاندانێک دەگرێ ئەگەر هاوشێوەی یەلەگ زەردەکانی فەرەنسا لە ولاتەکەی ساز بکرێن .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی هیند بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەوانەی دژایەتی دەوڵەت دەکەن ، بڕیاری دامەزراندنی ژمارەیەک گرتووخانەی گەورەی دا.



ئیلاف:
حکوومەتی چین بەنیازە پەرە بە شاری شینزن بدات و بیکات بە ئەلتەرناتیڤێک بۆ هۆنگ کۆنگ.



ئەی ئێف پی:
وەک یارمەتیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵڕژانی پەنابەران ، یەکێتی ئەورووپا بڕیاری دا کۆمەکی زیاتر پێشکەشی بۆسنە بکات.

بەڕێژەیەکی بەرچاو داهاتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان روو لەبەرزبوونەوەدایە



نادر روستی

گەشتوگوزار بەیەکێک لەپیشەسازییە پێشکەوتووەکانی جیهان دەژمێردرێت، بە ملیۆنان کرێکار و فەرمانبەر کاری تێدا دەکات، بە زیاتر لە 11%بەشداری داهاتی جیهان دەکات، سالانە زیاتر لە یەک ملیار و 300ملیۆن گەشتیار گەشت دەکەن، بۆتە بەشێکی گرنگ بۆ ژیانی بەشێک لە هاوڵاتیان کە سەرچاوەی داهاتیانە، لە هەرێمی کوردستان سالانە زیاتر لە 3ملیۆن گەشتیار هەیە، زیاتر لە 3هەزار شوێنی گەشتیاری هەیە و زیاتر لە 30هەزار هەلی کار دابیندەکات.

دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە پێی پلانی ستراتیژی خۆی کە تا ساڵی 2025داینراوە ئامانجیەتی کە ژمارەی گەشتیاران بۆ 7 ملیۆن بەرز بکاتەوە و داهاتی گەشتوگوزار بۆ زیاتر لە 2ملیار دۆلار بەرز بکاتەوە و ببکات بە یەکێک لە سەرچاوە سەرکیەکانی داهات بۆ وڵات.

بە پێی پلانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بۆ ساڵی 2019ژمارەی گەشتیاران بۆ 3 ملیۆن و 500هەزار بەرز دەکرێتەوە، لە بەرامبەریشدا داهاتی گەشتیاری بۆ زیاتر لە یەم ملیار دۆلار بەرز دەکرێتەوە، ئامارى شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2019ژمارەی گەشتیاران لە یەک ملیۆن و 800هەزار گەشتیاری تێپەڕاندووە کەواتە داهاتی گەشتیاری لە نیو ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ بۆ کۆتایی ساڵ پلانەکە داهاتی گەشتیاری بگەینێتە زیاتر لە یەک ملیار دۆلار.

هەرچەندە ئاماری فەرمی ژمارەی گەشتیاران لە جەژنی قوربانەگەیندراوە بەڵام بە پێی زانیاریە سەرەتایەکان ئاماری گەشتیاران لە جەژنی قوربان ژمارەیەکی پێوانەی تۆمار دەکات و دەگاتە زیاتر لە 370هەزار گەشتیار، بە پێی بەدواداچوون و زانیاریەکانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەر گەشتیارێک زیاتر لە 300دۆلار لە کاتی مانەوەی بە تێکرای بۆ 3شەو خەرج دەکات، کەواتە بە پێ لێکدانەوە و خەملاندنی ئابووری داهاتی گەشتیاری تەنیا لە رۆژانی جەژنی قوربان لە 111ملیۆن دۆلار زیاتر بوو. گرنگی داهاتی گەشتیار لەوەدایە کە ڕاستەوخۆ دەچێتە بازاڕەکان و جولە دەخاتە بازاڕەکان و هاوڵاتیان کەسی یەکەمی سوود مەند دەبن ،سەرەڕای ئەوەی کە لە رێگەی باج و ڕسومات و بە کرێدانی مولکەکانی حکومەت بەشێکی گرنگی داهاتی گەشتیاری دەچێتە خەزینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەو داهاتەی گەشتوگوزار کە دێتە هەرێمی کوردستان بە شێکی بۆ هاوڵاتیان دەروات و بەشێکی بۆ خاوەن پڕۆژەکان و بەشێکیش بۆ خەزینەی حکومەت دەروات، سەرەڕای دابین کردنی هەزاران هەلی کار و بوژاندنەوەی کەرتەکانی تری وەک کشتوکاڵ و لادێکانی هەرێمی کوردستان و گەرمکردنی جولەی بازگانی. ئەگەر بە نموونە داهاتی رسومات وەربگرین کە بۆ خەزینەی حکومەت دەچێت: بە پێی پلانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە ساڵی 2019بۆ 5ملیار دینار بەرز دەبێتەوە، هەرچەند پڕۆژە زیاد ببێت و کارئاسانی لە پێدانی مۆڵەتیش بکرێت داهاتی رسومات و باج زۆر زیاتر دەکات.

ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان لە نێوان راستی و خەیاڵی هەڵە بووندا

هەرکاتێک ژمارەی گەشتیاران ڕادەگەیەنرێت لە لایەن هەندێک هاوڵاتی ئاسایی و هەندێک لە ئەکادیمیەکان و دەسەڵاتداران کۆمەڵێک گومان دروست دەبێت و تۆمەت بۆ ژمارەکان هەڵدەبەستن و گومان دەخەنە سەر ژمارەکان، لایەڕەی گەشتوگوزار لە ڕۆژنامەی خەبات بۆ دەرخستنی راستیەکان و خستنەڕووی لایەنی زانستی کۆکردنەوەی ژمارەی گەشتیارن کە لە بۆنەکان و لە کۆی ساڵ کە دێنە هەرێمی کوردستان بەدواداچوونێکی کرد.

سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار مەولەوی جەبار لەم بارەیەوە گوتی:

لە هەرێمی کوردستان لە کۆتای ساڵ و لە جەژن و بۆنەکان ئامارەکان زیاتر ڕادەگەیەنرێن.

ئاماری بۆنە و جەژنەکان: دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان و لە سەری ساڵی زایینی و لە نەورۆز ئاماری هاتنی گەشتیاران ڕادەگەیەنێت، بۆ ئەم چوار ئامارە پشت بە 12خاڵی هاتنە ژوورەوەی گەشتیاران بۆ ناو هەرێمی کوردستان دەبەستێت کە بریتین لە فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنووریەکان و بازگەکانی نێوان شارەکانی هەرێم و شارەکانی تری عێراق، سەرچاوەی زانیاری و ئامارەکانیش هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و فەرمانبەرانی نیشتەجێکردنن، کە بە شێوەیەکی فەرمی ئاماری گەشتیاران ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتیەکان و دەستەی گشتی گەشتوگوزار دەکەن. هەر گەشتیارێک لەم 12خاڵە بێتە ناو هەرێمی کوردستان ناوی سیانی دەنووسرێ و داخالی داتابێس دەکرێت و ماوەی مانەوەی دیار دەکرێت. ئەوانەی ناویشیان تۆمار دەکرێ تەنیا سەرووی تەمەنی 16ساڵی لە بازگەکان دەگرێتەوە، لە 80% گەشتیارانیش لە بازگەکانەوە دێن واتە لە خوار ئەم تەمەنە هەژمار ناکرێت. سەرجەم ئەوانەی لە دەروازە و بازگە و فڕۆکەخانەکانیش دێنە هەرێمی کوردستان بە هەموویان بە گەشتیار هەژمار ناکرێن، بەڵکو تەنیا ژمارەی ئەوانە بۆ دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕەوانە دەکرێت کە وەک گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان.

دواتر کۆی ئاماری ئەم 12خاڵە کۆدەکرێتەوە و دەکرێتە ئاماری هاتنی گەشتیاران لە جەژنی قوربان یان ڕەمەزان یان نەورۆز. کەواتە تەنیا ئەو گەشتیارانە هەژمارکران کە دەروازە و فڕۆکەخانە و بازگەکانی هەرێم هاتوون بەڵام هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری ناو شارەکانی هەرێمی کوردستانیشی هەیە کە لە سلێمانی دەچنە هەولێر و دهۆک بە پێچاوانەشوە گەشتی زۆر دەکرێ، ئەمانە گەشتیاری ناوخۆن بەڵام هیچیان لە بۆنەکان هەژمار ناکرێن کەواتە ئەگەر گەشتیاری ناوخۆی و گەشتیاری تەمەن خوار 16ساڵی هەژمار بکرێ ژمارەکە بۆ دوو هێندە بەرز دەبێتەوە. بۆیە هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە ژمارەی ئەو گەشتیارانەی ڕادەگەیەنرێت ژمارەیەکی ڕاستە، لە کاتێک ژمارەی ئەوانەش کە لە خوار تەمەنی 16ساڵی و گەشتیاری ناوخۆن بخرێتە سەری زۆر زیاتر دەکات.



لێژنەکان و تیمەکانی گەشتوگوزاری هەرێم چیان پێشکەش بە گەشتیاران کرد؟

پێش جەژن دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕایگەیاند کە پلان دانراوە و ئامادەکاری کراوە و چەند تیم و لێژنەیەک دروست کراون بۆ پێشوازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چاودێری کردنی شوێنەکانی گەشتیاری و چارەسەرکردنی کێشەی گەشتیاران. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمانە لە مەیدانی کارکردن لە ڕۆژانی جەژن بوونیان هەبوو؟ لە وەڵامدا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئەم ئەنجامە بەدەست کەوت:

دوای ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دەستەی گشتی گەشتوگوزار بۆ پێشوازی شایستە لە گەشتیاران و دروستکردنی کار ئاسانی بۆ گەشتیاران چەند کۆبوونەوەیەک کرا و هەماهەنگی لە نێوان لایەنەکانی پۆلیس و ئاسایش و بەرگری شارستانی و لێژنەی قایمقامیەت و تەندروستی دروستکران و هەریەک لە لای خۆی لە ڕۆژانی جەژن کاری خۆی ئەنجام دا. تیمەکانی گەشتوگوزار بەم شێوەیە کاریان کرد.

دوو ڕۆژ پێش جەژن تیمی تایبەت دروست کران و ڕەوانەی بازگەکان کران بۆ پێشوازی کردن لە گەشتیاران و دابینکردنی چەند خزمەتگوزاریەکی سەرەتای و دروستکردنی کار ئاسانی بۆ گەشتیاران، وەک دانان و هەڵواسینی تابلۆ و فلیکسی بەخێرهێنان و ڕێنمای، پێدانی بڕۆشور و نەخشە و ژمارەی تەلەفۆن و دابینکردنی ئاویی خواردنەوە و شوێنی پشوودان و پێداویستی سەرئاو.

لێژنەی سەردانی مەیدانی و بەدواداچوون و چاودێری لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار و لە بەڕێوەبەرایەتی شاروشارۆچکەکان لە ناوشار و دەرەوەی شارەکان بەسەر کردنەوە.

لێژنەی چارەسەری کێشەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکان چەندان کێشەی نێوان گەشتیار و کۆمپانیەکان و هوتێلەکانی چارەسەر کرد کە بەشی زۆریان پەیوەندی بەو ڕێکەوتن و گرێبەستانەوە هەبوو کە پێشتر کرابوون بەڵام ڕۆژانی جەژن پێیەوە پابەند نەبوون. چارەسەرکردنی کێشەی کەمی شوێن و نەبوونی ریستۆرانت.

پێدانی زانیاری و هۆشیاری لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار لە شاروشارۆچکەکان، بە هاوکار و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆنمونە وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە تەنیا 82 لێدوان و چاوپێکەوتن و بەرنامەی لەگەڵ سازکراوە، هەروەها بەڕێوەبەری ڕاگەیەندنەکان و بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری شارەکان زیاتر لە 70لێدوان و بەرنامە لەگەڵیان سازکراوە. کە ڕۆلێکی کاریگەری هەبووە لە ڕۆژانی پشوو بۆ پێدانی زانیاری بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

کێشە سەرەکییەکانی گەشتوگوزار لە دەمی هاووڵاتی و گەشتیاراندا

کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی زۆر باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لە کێشە و گرفت بەدەر نییە، بۆیە گەشتیار و هاوڵاتیان زۆرجار لە ڕاگەیەندنەکان و لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی ڕاشکاوانە کێشەکانیان دەخەنە بەردەم لایەن پەیوەندارەکان لە دەسەڵات، ئەو کێشانەی زیاتر لەم جەژنە بەدەر کەوتن راوبۆچوونێ ٦١٨ هاوڵاتی و گەشتیارە لە چەند خاڵێک کورتیان دەکەینەوە.

خراپی و تەسکی ڕێگا سەرەکیەکانی هاتوچۆ کە بووە هۆی خنکانی ڕێگەکان لە هەندێک شوێن و مانەوەی گەشتیار بۆ چەند کاتژمێرێک لە ناو ئوتومبێلەکان.

٢. ڕێگای هەندێک ناوچەی گەشتیاری خۆڵ و خراپە و مەترسیدار و تەسکە و هەموو جۆرە ئوتومبێلێک بە ئاسانی نایگاتێ.

٣- وەرگرتنی دە هەزار دینار لە هەندێک بازگە دەنۆگۆبەکی خرابی لەسەر هەرێمی کوردستان لە میدیای عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروست کرد.

٤.گرانی نرخی (خواردن، گەراج، کەپر، شوێنی مانەوە) لەهەندێک شوێن یان ئیستغلال کردنی گەشتیار لە بۆنە و جەژنەکان.

٤. پاک ڕانەگرتن و پیسی هەندێک شوێنی گەشتیاری و پیسکردنی ڕووبارەکان و ژینگە بە گشتی.

٥- هەبوونی بازگەی ناوبەینی شاروشارۆچکەکان و ڕاگرتنی گەشتیار و دروستکردنی گوشار لەسەر ڕێگاکان و دواکەوتنی هاتووچۆ.

٦- نزمی کوالیتی خزمەتگوزاری لە هەندێک ناوچەو شوێن.

٧. کەمی چاودێری تەندروستی بەسەر خواردن و خواردنەوەکان.

٨-مامەڵەی ڕەق و توندی هەندێک کارمەندی بازگە و دەروازەکان لە پێشوازیکردنی گەشتیاران.



لێژنەکان لەکاتی بەسەرکردنەوەی شوێنەکانی گەشتیاری



خنکانی ڕێگاکانی هاتووچۆ لەکاتی هاتنی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار

لە هەولێر پاڵەوانێتی لاوان و تازە پیگەیشتووانی عێراق سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

شەترەنجزانانی کوردستان توانیان لە ئاستە جیاجیاکاندا پلەکانی پێشەوە بەدەست بهێنن





خەبات: هاوار موڕتکەیی

لەماوەی نێوان 14تا 21/8/2019یانەی شەترەنجی خانزاد لە هۆڵی یانەکەی میواندداری پاڵەوانێتی لاوان و تازەپێگەیشتوانی شەترەنجی عێراق کرد، کە نزیکەی 65شەترەنجزانی کور و کچ لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و عێراق بەشداریان تێداکردبوو، پاڵەوانێتییەکەش بەسەرپەرشتی یەکێتی شەترەنجی عێراق و ڕێکخەری پاڵەوانێتییەکە ئەسعەد ئیسماعیل سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

لە ڕێورەسمی کۆتایی ئەو پاڵەوانێتییەشدا د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد وتەیەکی پێشکەشکردوو ئاماژەی بۆ ئەو پشتیوانییەی هەمووان کرد لە ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی شەترەنجی کوردستان بوتایبەتیش ئەو پشتگیرییە بەردەوامەی د. شاکر سمۆ بەڕێوەبەری گشتی وەرز و لاوان کە هەمو ئەمانە وایانکرد ئەو متمانەیە لای خۆمان دروست بێت و بتوانین گەورەترین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی عێراق میواندداری بکەین.

دواتر زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق لە وتەیەکدا سوپاسی هەمو ئەوانەی کرد کە ڕۆڵیان هەبوو لەسەرخستنی ئەم پاڵەوانێتییە لە شاری هەولێر بەتایبەتیش یانەی خانزاد کە میواندارییەکەی بێ کەموکوڕی بوو وە یاریزانان لەهەمو ڕوویەکەوە کەش و هەوایەکی لەباریان بۆ ڕەخسابوو کە بتوانن بەشداری بکەن.

دوای ڕکابەرییەکی بەهێز لەنێو کور و کچە شەترەنجزانەکان، ئەنجامی کۆتایی ئاستەکان بەمشێوەیە خوارەوەبوو:

* کچان خوار 16ساڵ:
نیهاد سەباح نوری پلەی یەکەم
لانە هاوار خەلیل پلەی دووەم
نورلزەهرا زافر پلەی سێیەم

* کچان خوار 18ساڵ:
ڕوەیدا سەعد موحسین پلەی یەکەم
یار بەیاد پلەی دووەم
نورلهودە حوسێن پلەی سێیەم

* کچان خوار 20ساڵ:
یەمامە فەیاز پلەی یەکەم
ویدا سەباح نوری پلەی دووەم
ڕۆزیا فەخرەدین پلەی سێیەم

کوڕان خوار 16ساڵ:
زەید ئەلا پلەی یەکەم
موستەفا کەمال پلی دووەم
پۆلا ئازاد پلەی سێهەیەم

* کوڕان خوار 18ساڵ:
ئەحمەد جەزا پلەی یەکەم
ئەمیر زافر پلەی دووەم
ڕێباز ناسر پلەی سێیەم

* کوڕان خوار 20ساڵ:
موعەزەز زاهر پلەی یەکەم
ڕەبیع سەباح نوری پلەی دووەم
نوری سەباح نوری پلەی سێیەم

لە بارزان خولی پلنگی ڕەش بەڕێوەچوو

مسلم دژلەمەری /بارزان

بۆخزمەتکردن بە تۆپێژی لاوان و بەرەو پێشبردنی بواری وەرزشی،فەرماندەیی پلنگی ڕەش بەهاوکاری ناوەندی بالای بارزان خولێکی تۆپی پێی بۆ 16تیپی لاوانی دەڤەری بارزان کردەوە، شایانی باسە ئەم خولە شەوانە لە یاریگای فریزی دەستکردی ڕێزان لەلایەن ناوبژیوانی شارەزاوە بەڕێوە دەچوو کەلەئەنجامدا هەردوو تیپی ناوەندی بالای بارزان و تیپی لێرەبیر گەیشتنە یاری کۆتایی و بەلێدانی سزای یەکلایکەرەوە ناوەندی بالای بارزان توانی 3گۆڵ بەرامبەر بە 2گۆڵ سەرکەوێت وببێتە پالەوانی خولەکە ، لە کۆتاییشدا لەلایەن پلنگی ڕەشەوە خەلات بەسەر سەرکەوتوانی خولەکەدا دابەشکرا.



بالۆتێلی: بڕیاری هەڵبژاردنی بریشیا ئەستەم نەبوو



ماریۆ بالۆتیلی، لە کاتی پێشکەشکردنی وەکو یاریزانێکی تازەی بریشیای ئیتاڵی، دووپاتی کردەوە، لەوە ناترسێت لە ئەزموونە تازەکەی لەگەڵ یانەی شاری دایکی شکست بهێنێت. ماریۆ لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی پێشکەشکردنی وتی:"بڕیاری هەڵبژاردنی بریشیا ئەستەم نەبوو، لەوەتەی ئەو بیرۆکەیە هاتووەتە گۆڕێ، بیرم لە هیچ شتێکی دیکە نەکردووەتەوە. ئەوە شاری خۆمە، دەتوانم لە پێناویدا هەمو شتێک پێشکەش بکەم".

هەروەها وتی:"هیچ مەترسییەکەم نییە، ئامانجم گەشەکردنە لەگەڵ ئەو تیپە و، بەدەستهێنانی پشیتوانی تیپەکەمە. ترسان لەوەی شکست بهێنم، لەوانەیە شتێک بێت لەلای ئێوە، بەڵام لەلای من نا". ماریۆی تەمەن 29ساڵان، دڵخۆشی خۆی بە گەڕانەوە بۆ بریشیا دەربڕی و، زۆر هێمن دیار بوو و باکی بەو ڕەخنانە نەبوو، کە لێی دەگرن و لەمبارەیەوە وتی:"زۆر ناخۆینمەوە، ئەگەرچی هەندێجار دەزانم لە ڕۆژنامەکان ڕەخنەم لێ دەگرن، من لەوە ڕا هاتووم، ناتوانیت بە دڵی هەموان بیت، ئەوە شتێکی ئاساییە". دووپاتیشی کردەوە،ئامانجی گەڕانەوەیە بۆ ڕیزەکانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، بۆ بەشداریکردن لەیۆرۆی ?2020ئاماژەی بەوەش کرد، ڕۆبرتۆ مانشینی، ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ، پەیوەندی پێوە کردووە و پیرۆزبایی یادی لە دایکبوونی لێکردووە. ئەوەشی ڕاگەیاند، کە دایکی زانیویەتی دەگەڕێتەوە بریشیا ، گریاوە و دڵخۆشە بەوەی لە نزیکی دەبێت. شیاوی باسکردنە، بالۆتێلی، بۆ چەندین یانە یاری کردووە وەکو، ئینتەرمیلان و ئەی سی میلان لە ئیتاڵیا ، مانچستەر ستی و لیڤەرپوول لە ئینگلتەرا، نیس و مارسیلیا لە فەرەنسا.

ڕەمزی میرەکانی

نیڤیل: پۆگبا نموونەی خۆپەرستییە



گاری نیڤیلی ئەفسانەی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ڕەخنەیەکی توندی لە یانە پێشووەکەی دەگرێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مان یونایتد زۆر شەرمەزار بوو کاتێک پۆگبا پەنالتییەکەی لێداو دواجار نەیتوانی گۆڵ تۆماربکات، کە دەبوو مارکۆس ئاشفۆرد ئەو پەنالتییەی لیدابوایە.

نیڤیل دەڵێت: بەڕلەوەی پۆگبا پەنالتیەکە لێبدات بیرم لەوەدەکردەوە کە پۆگبا نمونەی خۆپەرستییە ?بۆچی بیردەکاتەوە ئینجا پەنالیتییەکە لێبدات؟ ڕاشفۆرد بەرامبەر چێلسی سەرکەوتوو بوو لە لێدانی پەنالتییەکە کەواتە بۆ ئەمجارەش ئەو لێنەدات.

لەدوایین گەڕی خولی لاوانی پلەیەکی کوردستاندا:

ئاڵا و کۆیە و سیروانی شارەزوور سەرکەوتن بۆ نایابی کوردستان



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەڕواری 19/8/2019دوایین گەڕی یاریەکانی خولی پلەیەکی لاوانی کوردستان لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، خولەکە دوایین گەڕ بوو بۆ هەموو یانەکان ، لەهەر کۆمەڵەیەک یانەیەک سەرکەوت بۆ خولی لاوانی نایابی کوردستان، یانە سەرکەوتووەکان بریتی بوون لە ئاڵا و سیروانی شارەزوور و کۆیە.

ئەنجامی یاریەکانی دوایین گەڕی خولی لاوانی پلەیەکی کوردستان بەمشێوەیە بوو:

زانکۆی جیهان *2ئاسۆ ، ?سۆران *8جیهان?0برایەتی 4 *شەقلاوە?1دەروازە *0کۆیە?2خاک*3سۆلاف?1ئاشتی *3ڕانیە1، هەڵەبجەی شەهید*5دەربەندیخان?1سیروانی شارەزوور*2سەیدسادق?1 کفری*2بەختیاری .1

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 21. Aug. 2019 No: (5811)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە بەغدا سەهیم عومەر خەلیفە خەڵاتکرا



سەهیم عومەر خەلیفە، سینەماکاری کورد و براوی زیاتر لە سەد خەڵاتی سینەمایی، لە ڕێورەسمێکدا لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی گشتیی سینەما و شانۆی عێراق لە بەغدا ڕێزی لێنرا و خەڵاتکرا.ڕێورەسمی ڕیزلێنانەکە بە چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری و شوێنەواری عێراق و لە ژێرناوی "شەوانی سینەمایی"، ئێوارەی ڕۆژی شەممە 17ئابی 2019لە شانۆی نیشتمانی لە بەغدا بەڕێوەچوو و ژمارەیەک کەسایەتی هونەری و ڕۆشنبیریی عێراقی ئامادەی بوون.بەر لە ڕێورەسمی خەڵاتکردنەکە، دوایین فیلمی ئەو دەرهێنەرە کورد بەناوی (زاگرۆس) نمایشکرا و دواتر لەلایەن د. ئەحمەد موسا، بەڕێوبەری سینەما و شانۆ ڕێزی لێنرا.فیلمی دڕێژی سینەمایی (زاگرۆس) نۆ خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەمایەکاندا بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی گەورەی 44مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی گێنت لە بەلجیکا.سەهیم عومەر خەلیفە خەڵکی زاخۆیە و لە بەلجیکا دەژی و ماستەری لە سینەما لەو وڵاتە بەدەستهێناوە، ئێستا ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فیلمە لە ئۆسکار.ئەو سینەماکارە دوو فیلمی گەیشتوونەتە قۆناخی پێش کۆتایی خەڵاتەکانی ئۆسکار وەک باشترین کورتەفیلم، کە لە کورتەلیستی 15و 10 کورتەفیلمە کاندیدکراوەکاندا بوونە بۆ خەڵاتی باشترین کورتەفیلمی ئۆسکار.ئەو دەرهێنەرە کورد پێشتر لەڕێگەی کورتەفیلمی(میسی بەغداد)، (وڵاتی پاڵەوانان) و (نێچیرڤانی خراپ)، زیاتر لە سەد خەڵاتی وەرگرتوونە.بەهۆی وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵات، ئەو دەرهێنەرە توانی ریکۆردی وەرگرتنی زۆرترین خەڵات وەک سینەماکارێک لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق و بەلجیکا تۆماربکات.

)میسیی بەغدا) باس لە منداڵێک دەکات کە هەرچەند خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام حەز و خولیای بۆ یاریی تۆپی پێ هەیە و هۆگری یاریزان لیۆنێل مێسییە.سەهیم عومەر سەرقاڵی ئەوەیە کورتەفیلمی (میسی بەغدا) وەک فیلمێکی سینەمایی بەرهەمبێنێت و لە شوباتی 2020کاری وێنەگرتنی دەستپێدەکات.

زمانی ئەنشتاین و ... 74324 دۆلار!!

شاریا پاشا:

لە کوردستان کێی خوێندەوار هەیە (ئەلبێرت ئەنشتاین)ی بەناوبانگترین زانای فیزیا لە مێژوو نەناسێ، ئەم بلیمەتە لە 14مانگی سێی ساڵی 1879لە دایک بووە.

ئەنشتاین کاتێ کە منداڵ بوو زیرەک نەبوو و کاتێکی زۆری ویستووە تا فێربێت، زۆر بە سەبری فێری قسە کردن بووە، کەچی خاوەن زۆرترین یاسایە لە فیزیا کە تا ئێستا پشتی پێ دەبەسترێ. لەوانەیە یەکێک لە دیارترین ئەو دیاردانەی ئەم زانایە کە بەبیرمان بێنێتەوە ئەو وێنە بە ناوبانگەی بێت کە زمانی دەرهێناوە بۆ کامێرا.

با بزانین ڕاستی و نهێنیەکانی ئەم وێنەیە چیە؟

کەسانێکی زۆر، دەرهێنانی زمانی ئەنشتاینیان بە شێوەیەک شیکردەوە کە دەیویست زمانی تەری لە ڕۆخی بەرگی (زەرفی) نامەیەک بدات بۆ ئەوەی دایبخات هەر لەو کاتەی وێنەگرێک بە پەلە وێنەی ئەنشتاین دەگرێت ، بەڵام ڕاستی ئەم وێنەیە، جیاوازە.

ڕاستیەکەش بەم شێوازەیە:

ئەنشتاین بە ئەنقەس بەو شێوەیە خۆی پیشانداوە چونکە هەستی بە ناخۆشی و بێزاری دەکرد! لە ماوەی چەژنی لە دایکبوونی 72وەمینی لە 14مانگی سێی ساڵی 1951زاینی، وێنەگری ڕۆژنامەنووس (Arthur sasse) داوای لە ئەنشتاین کرد کە پێبکەنێ بۆ کامێرە تا وێنەی بگرێت، هەرچەندە ئەنشتاین لەو ڕۆژەدا بە سەدان جار بۆ کامێرەکان پێکەنی بوو، هەستی بە بێزاری ئەکرد و هیچ ئارەزووەکیشی نەبوو بۆ ئەوەی پێبکەنێ، لە جیاتی ئەوەی زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێوی، بە ئەنقەست زمانی بەم شێوەیە دەرهێنا بۆ تێکدانی وێنەکە!

بەڵام وێنەگرەکە ئەم ساتە گرنگەی لە دەست نەدا و ئەم دەرفەتەی قۆزیەوە بۆ گرتنی وێنەیەکی زۆر جیاواز، کە بوو بە یەکێک لە بەناوبانگترین وێنەکانی ئەنشتاین لە پاڵ دەسکەوتە زانستیەکانیدا.

ئەنشتاین خۆشی لەو باوەڕا نەبوو کە وێنەیەکی دەگمەنی بۆ بگیرێ چونکە تەنها مەبەستی تێکدانی وێنەکە بوو کەچی ناوبانگێک و سامانێکی زۆری بەم وێنەیەوە بەدەست هێنا!.

ئەنشتاین خۆشی سەرسام بوو بە وێنەکە بە جۆرێک کە داوای نۆ دانەی کرد بۆ بەکارهێنانی کەسێتی خۆی! وێنەیەکی لە نۆ وێنەکانی واژوو کرد پێشکەشی کابرای ڕۆژنامەنووس کرد.

لە 19حوزەیرانی ساڵی 2009زاینی، وێنە ڕەسەنە واژوو کراوەکە هی ڕۆژنامە نووسەکە لە مەزادێکی ئاشکرادا، فرۆشترا بە 74324 دۆلار کە برە پارەیەکی زۆرە لە چاو وێنەیەکی فۆتۆگرافی (واژووکراوی ئەنشتاین).



مستەر بین بە پیری

هەمزە سەرحان: مستەر بین، یەکێکە لەهونەرمەندو سینەماکارە کۆمیدییەکان کە لەکۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا توانی بینەرێکی زۆر بۆ خۆی ڕابکێشێت، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لەیەکێک لەشەقامەکانی لەندەن و لەکاتی پیاسەکردنیدا ئەم وێنانەی گیراون کە سیمای هەڵکشانی تەمەنی پێوە دیارە.

شایەنی باسە مستەر بین ناوی تەواوی «ڕوان ئەتکینسۆ» نە و لە ٦-١-١٩٥٥ لە دایکبووە.

باس لەمێژووی بەر لەکیمیابارنی هەڵەبجە دەکات
یەریڤان هەڵەبجەیی (گۆرانی یارانم)ی بڵاوکردەوە



وریشە عومەر

کچە گۆرانیبێژ (یەریڤان هەڵەبجەیی) لەلایەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەگرتەیەکی ڤیدیۆیی گوتی: هاوڕێیان و هەوادارنی هونەری ڕەسەنی کوردی سوپاس بۆ چاوەڕوانیەکانتان پێتان ڕادەگەیەنم، نویترین کارم بڵاو کردەوە بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ هیوادارم بەدڵی هەموولایەک بێت و توانیبێتم خزمەتێکی بچووک بەهونەری ڕەسەنی کوردی و میژووی شاری هەڵەبجە بکەم، گۆرانی (یارانم) باس لەمیژووی شاری هەڵەبجە دەکات بەرلەکیمیابارانی ئەو شارە، ئاوازی هۆنراوەی زانا ئەحمەد و میوزیک شادمیهر نامۆ وێنەگرتن دیاکۆ ڕۆژهەلاتی و ئەکتەرەکان شنە گەشبین.

(مستەفا بۆغاز)ی تەمەن 104 ساڵ ڕۆژانە لە کێڵگە کار دەکات



مستەفا بۆغاز-ی تەمەن ١٠٤ ساڵ کە حەوت منداڵ و ٧٠ نەوەی هەیە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشیدا هێشتا ڕۆژانە لە کێڵگە کار دەکات. مستەفا بۆغاز کە لە شارۆچکەی ئاکیاز-ی پارێزگای ساکاریا دەژی، ڕاگەیاند کە هەموو کارێکی وەک دار بڕین، بۆیاغکردن، کۆکردنەوەی گیا و کارەکانی کێڵگە دەکات و هۆکاری گەنج مانەوەیشی بۆ کارکردن وەک هەنگ و خواردنی ماست و هەنگوین دەگێڕێتەوە. مستەفا بۆغاز لەبارەی گرنگی خواردنی خۆراکی تەندروست و سروشتییەوە گوتی: "زۆر گرنگی بە خۆراکم دەدەم و هەموو ڕۆژێک هەنگوین، کەرە و بەرهەمە شیرییەکان دەخۆم. لە تەمەنی گەنجیمدا کاری باخچەوانی و کێڵگەم دەکرد. بەیانیان کە هەڵدەستم دەچمە کێڵگە. سوپاس بۆ خوا لەگەڵ ئەوەی تەمەنم ١٠٤ ساڵە هێشتا ڕۆژوو دەگرم و نوێژەکانم دەکەم